# جۆرنالیزم

دەروازەیەك بۆ جۆرنالیزمی بەرپرسانە و ئەكادیمی

پێشکەشە:

بۆ دایکم کە لە کۆڵانە نووتەکەکانی ئاوارەیی، هەموو کات چرای خۆدۆزینەوەم بووە.

# جۆرنالیزم

دەروازەیەك بۆ جۆرنالیزمی بەرپرسانە و ئەکادیمی

**ساقی بارزانی**

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێك هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

ساقی بارزانی
جۆرنالیزم – لێکۆڵینەوە
کتێبی ئاراس ژمارە: ٩٩٥
چاپی یەکەم ٢٠١٠
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٥٤٧ – ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید
رازاندنەوەی بەرگ: ناسح سالْح
هەڵەبژێری: بۆکان نووری

پێڕست

ویژدانی پیشەیی ........ ٧
بەرایی ........ ١٤
پێناسە ........ ١٦

**مێژووی جۆرنالیزم**

– مێژووی جۆرنالیزم لە جیهاندا........ ٢١
– مێژووی جۆرنالیزمی ئەلکترۆنی ........ ٢٨
– مێژووی جۆرنالیزم لە کوردستان ........ ٣١

**پێناسەی جۆرنالیزم**

– جۆرنالێزم چییەو جۆرنالیست کێیە؟........ ٣٧
– ڕۆڵی جۆرنالیزم لە کۆمەڵگادا ........ ٤٢
– جۆرنالیزم و دیموکراسی........ ٤٤
– جۆرنالیزم و ئەدەب ........ ٤٨
– لاگیری لە جۆرنالیزمدا........ ٥٠
– تایبەتمەندییەکانی جۆرنالیستێکی سەرکەوتوو........ ٥٧

**جۆرەکانی جۆرنالیزم**

– جۆرەکانی جۆرنالیزم........ ٦٤
– جۆرنالیزمی پەخش........ ٦٦
– جۆرنالیزمی ئەلکترۆنی........ ٧٠
– فۆتۆ جۆرنالیزم........ ٨٠

**جۆرنالیزمی چاپ**

– جۆرەکانی ڕۆژنامە........ ٩١
– بابەتەکانی رۆژنامەڤانی........ ٩٤

- پێکهاتە و تایبەتمەندییەکانی هەواڵی ڕۆژنامەڤانی........................................ ٩٦
- ساختاری داستانی ڕۆژنامەڤانی..................................................................... ١٠٣
- هەواڵ چییە؟ ................................................................................................. ١٠٦
- مانشێت ............................................................................................................. ١٢٣
- هەواڵ و ڕاپۆرتاژی شیکاری............................................................................ ١٢٦
- هەواڵی خیتاب ................................................................................................. ١٣٠
- هەواڵی کۆبوونەوە و سمینار ............................................................................ ١٣٢
- هەواڵی کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی ................................................................... ١٣٣
- هەواڵی دادگا ..................................................................................................... ١٣٥
هەواڵی زانستی و تەندروستی........................................................................... ١٣٨
- هەواڵی کارەساتی سرووشتی ........................................................................... ١٤٠
- هەواڵی هونەری و ڕۆشنبیریی......................................................................... ١٤١
- هەواڵی ئابووری ............................................................................................... ١٤٣
- هەواڵی وەرزشی................................................................................................ ١٤٥
- هەواڵی پۆلیس ................................................................................................... ١٤٨
- هەواڵی کەشناسی ............................................................................................ ١٥٠
- هەڤپەیڤین ........................................................................................................ ١٥٢
- ستوونونووسی ................................................................................................... ١٦٢

**جۆرنالیزم و ئەتیك**

- ئەخلاقی ڕۆژنامەگەری ..................................................................................... ١٦٧
- ئازادیی ڕادەربڕین و یاسا ................................................................................ ١٧٢
- توێژینەوەیەك لەسەر ڕۆژنامەکانی کوردستان ................................................ ١٧٧
- تیراژی هەندێ ڕۆژنامەی بەناوبانگ ................................................................ ١٨٣

**سەرچاوەکان** ................................................................................................. ١٨٦

# ویژدانی پیشەیی

فەلەکەدین کاکەیی

کاك ساقی بارزانی لە کات و ساتی خۆیدا ئەم بەرهەمە ئەکادیمییەی خستووەتە بەردەستمان. لەم بوارەدا، هەرچەندە کتێب و لێکۆڵینەوەی تر دەرچوونە، بەڵام ئەمەیان ڕەنگە چڕوپڕتر و بابەتیتر بێت.

ئەز بە چاوی خوێندەوارێکی تێنووی زانست و ماریفەت ئەم جۆرە کتێبانە دەخوێنمەوە، چونکە هەرچەندە پتر لە چل ساڵە لە ڕۆژنامە دەنووسم، بەڵام هێشتا تێنوویێتیم نەشکاوە و دەزانم کە بابەت و داهێنانی تازە هاتوونەتە ئاراوە هێشتا پێیان نەگەیشتووم و بە چاکی تێ نەگەیشتووم چونکە پێشکەوتنەکان کتوپڕ دایان بەسەرماندا. بەواتایەکی تر نەوەی من خەریکە لە بواری جۆرنالیزمدا بە جێ دەمێنێ، خێرایی گۆڕانکاری و پێشکەوتنی زانست و تەکنولۆجیا زۆر کەسانی لە دوای خۆی بەجێ هێشتوون. ئەوەش سروشت و یاسای ژیانە.

لە ماوەی ٢٥– ٣٠ ساڵی ڕابردوو بە ئەندازەی هەزاران ساڵ بەرێ دنیا چووەتە پێش، بەڵام سەرەڕای دۆزینەوە و داهێنان و زانست و تەکنۆلۆجیای تازە، هێشتا جیهانبینی ( دنیابینی=فەلسەفە)ی مرۆڤ لە بازنەی هەزاران ساڵ پێش دەرنەچووە.

ئەمڕۆ لە زۆربەی حالەکاندا، تازەترین شێواز و کەرەستەی زانین و تەکنۆلۆجیا لە پێناو بڵاوکردنەوە و چەسپاندنی کۆنترین دنیابینی بەکار دەبردرێن. بە دەگمەن کەسانێك پەیدا دەبن – وەکو دەڵێن – چاویلکەکانیان بسڕنەوە و پاکبکەنەوە تا جیهان بە ڕۆشنی و واقیعی ببینین.

(جۆرنالیزم) ئاوێنەیەکی خاوێنتری واقیعبینییە. لێ ئەوە بە مانای دزینی پڕشنگ و بریقەی جیهانی فانتازیا و ئەفسانەی ئەدەب و هونەر نییە. بەلای منەوە، لەم کتێبەدا، واژەی (جۆرنالیزم) لە جێگەی خۆی هاتووە. ئێمە لە کوردستاندا ماوەیەکە زاراوەگەلێکی وەك: ڕۆژنامەوانی، ڕۆژنامەڤانی،

ڕۆژنـامـەنـووسی، ژۆرنـالـیزم و هـیـی تـر بـەکـار دێنین. تـەنـانـەت لـە گفـتـوگـۆی پـەرلـەمـانـی دەربـارەی (یـاسـای ڕۆژنـامـەنـووسی) گـیـرۆدەی جـیـاوازی لـە بەکارهێنانی ئەوانە بووینەوە. زاراوەی (جۆرنالیزم) نزیکترە لە مانا و وەزیفەی ئەم پیشەوە، ئەگەر لێرەدا (پیشە) دروست بێ.

هـێشتـا دژوارە بـتـوانین پـێنـاسـەیـەکـی ڕوون و جـێگـیـر بـۆ کـار و ئـامـانجی جۆرنالیزم دابنێین. لەم کتێبەدا چەند ڕاڤە و پێناسە و وتەی شارەزا و پسپۆڕانی جیهانی هاتووە، کە گرینگ و ڕۆشنکرەوەی ڕێگەن.

کـاریـگـەری (جـۆرنـالـیـزم) ڕۆژ دوای ڕۆژ، خـێر پـەل بـۆ بـواری تـازەی ژیـان دەهـاوێژێ. (ڕۆژنـامـە) هـەر لـە سـەرەتـاوە گشت لایـەکـانی ژیـانی دەگـرتـەوە. من – بۆ نموونەیەکی زیندوو – هـەر لە خودی ڕۆژنامەوە فێری هونەری ڕۆژنامەنووسی بووم. ئەوەندەم دەخوێند و لە بابەتە جۆراجۆرەکانی ورد دەبوومەوە تا فێر بووم.

سەردەمێك بوو گشت بابەتەکانی ڕۆژنامەم، لە یەکەم پەڕەوە بۆ دوایین لاپەڕە، دەخوێندەوە، بـە تـایبـەتی کـە لـە گشت بـابـەتێك دەدوێ: زانست، هونـەر، ڕامیاری، کۆمەڵناسی، شارستانی، هـەواڵی گەلان و وڵاتـانی تر، دۆزینەوە تازەکان و... هتد. ئـێستـا ڕۆژنـامـەکـان بـابـەتـی فـراوانـتـر و دەوڵـەمـەنـدتـر بـە خـۆیـانـەوە دەگرن. (جۆرنالیزم) بـە گشتی چووەتە سلۆڵەکانی جەستەی تاك و کۆمەڵەوە. بـە دەگمـەن ڕووداو و بابەتێك ماوە نەبووبێ بە سوژەی جۆرنالیزم.

جارێکی تر دێمەوە سەر ئەو پرسیارە: ئایا جۆرنالیزم پیشەیە؟ بەڵێ! لە هەندێ ڕووانـگـەوە وەهـایـە. ئـایـا هـونـەرە؟ بـەڵـێ، ئـەویش وەهـایـە. ئـایـا پیشەسازی و تەکنۆلۆجیایە؟ دروست، بە تایبەتی لە داهێنانی گوتنبرگی ئەڵمانییەوە کە چاپی ئاسنینی دروست کرد. ئایا جۆرنالیزم بیر و ئەدەبە؟ بەڵێ، بیر و فەلسەفە و ئـەدەبـیشە. وەلـێ هـاوبـەشێکـی نـەگـۆڕ لـە ئـارادایـە، کـە لـە گشت ئـەو بـابـەتـانـە و هـەروەهـا لـە هـەر دوو بواری چاپ و ئەلکترۆنیدا سەقامگیر بووە، ئەویش (وشەیە). وشەیـە هـەردەم و (دیـارە تـا هـەتـا هـەتـایـە) یـەکـەی بـنـەڕەتـی و سەرەکـی هـەر شێوازێکی جۆرنالیزمە، بە فراوانترین واتای جۆرنالیزم.

مەبەستم لە ویژدانی پیشەیی هەمان ستانداردی ئەخلاقی و پرۆفشناڵە، کە نووسەر ئاماژەی بۆ کردووە. خۆ جۆرنالیست ئەگەر پرۆفشناڵ بوو، ئەوە خۆ بەخۆ بەرەو ڕەفتاری ئەخلاقییانە دەڕوا. بایەخدان و پەیڕەوی ئەتیکی جۆرنالیستی بە ئەندازەی پرۆفشناڵێتی گرینگە.

هەروەك لە جۆرنالیستی چاپدا، هەروەها لە ئەلکترۆنییدا، جۆرنالیست دەبێ ڕێنوێنی و پەیمانە ئەخلاقییەکانی جۆرنالیزم بکا بە سانسۆری ویژدانی. کەواتە مرۆڤ (کە جۆرنالیستەکەیە) دەبێ بیریارێکی بەرزی ئەخلاقی بێ. جۆرنالیزم هەم پیشە و پیشەسازییە، هەم هونەر و بیرکاری و فەلسەفە و ڕامیاری و کۆمەڵناسی و سایکولۆجییە، بەر لە هەموو شتێك، لە لای من، پەروەردەیە.

بۆ جۆرنالیست هەیە پەیامی میهرەبانی و مرۆڤدۆستانە و هێمنکەرەوە بنێرێ، هەرچەندە باسی نەبەردی شەڕی شەقام یا ستادیۆمی وەرزش دەکات.

من لە جۆرنالیزمدا زیاتر بایەخم بە (ستوون)نووسی داوە. لەوێدا خۆم ئازادتر دەبینم. دیارە هەر جۆرنالیستێك خوولیا و حەزێکی هەیە.

جا بە ئەزموونی کورت و ناتەواوی من، دەرکەوتووە کە جۆرنالیستی سەرکەوتوو ئەو کەسەیە وەختێك نیازی نووسینی بابەتێکی هەبێ، دەبێ شارەزایی و زانیاریی دروستی لە بەردەستدا بێ. جۆرنالیست دەبێ خۆی دوور بخاتەوە لە بابەتێك شارەزای نییە، مەگەر – وەکو لە حالەتی هەندێ ڕۆژنامە و میدیادا – داوای لێ بکەن لەو بارەوە بکوڵێتەوە و بە دوای ئەو هەواڵەدا بچێت. ئەو وەختەش دەبێ ئەوەندە زانیاری و کەرەستەی کار ئامادە بکات، کە بتوانێ بابەتێکی سوودبەخش پێشکێش بکات.

لە بارەی پاراستنی خاوێنی زمان و وتەی جۆرنالیستی، کە جەوهەری ئەتیکە، ئەوەندە دەڵێم کە پەیامی هیچ فەیلەسووف و دانا و پەیامبەرێك بە جنێو و بوختان و وتەی توند و تانەلێدان سەرنەکەوتووە، بگرە زمانی پەیامە مرۆڤانە بەرزەکان هەموو کات پاك و جوان و نەرم و لۆجیکانە بووە.

سوپاس بۆ بەڕێز ساقی بارزانی کە ئەم بەرهەمە ئەکادیمییەی پێشاندام

یەکەم: لە خوێندنەوەی لەزەتم بردووە؛ دووەمیش: هیواخوازم خوێندکار و ڕووناکبیر و مامۆستایان لەم لێکۆڵینەوە ئەکادیمییانە سوود وەربگرن، نەخاسمە ڕۆژنامەنووسانی گەنج و هەموو ئەوانەی کە لە دەرەوەی پەیمانگە و کۆلیجی ڕاگەیاندنەوە، هاتوونەتە نێو جیهانی جۆرنالیزمەوە، پێویستیان بەم زانیاری و بۆچوونانە هەیە، کە ڕێگەی دروستی پرۆفشناڵی جۆرنالیستی ڕۆشنتر دەکاتەوە.

ڕاستی و ڕاستگۆیی و ڕاستپەروەری گرینگترین پرەنسیپی ڕەوشی ئەخلاقی جۆرنالیستییە، بەڵکو هی گشت ژیانیشە.

زەردەشتی دانا ئاینە ڕۆشنەکەی لەسەر بنەمای ڕاستی دامەزراندووە، کە بە واژەی (ئەشا) لە ئاڤێستادا هاتووە. شوێنکەوتووانی زەردەشت، بە تایبەتی ئێستاش بە نازناوی (ئەشنا زەردەشت، یا: ئەشۆ زەردەشت) ناوی دەبەن. فەیلەسووفێکی هاوچەرخی هیندی، کە خاوەنی فەلسەفەی ئیشراقی (تیشکهاوێشتنە) و لە سەرانسەری ئەوروپا و ئەمەریکا و جیهان ناسراوە، نازناوی (ئۆشۆ)ی بە خۆی دابوو.

زەردەشت دبێژێ کە ″ویژدان″ بەرزترین پلەی پێگەیشتن و داناییە، هەر بۆیەش واژەی (دین)، بە هەمان واتەی لە عەرەبی و کوردی و تورکی و فارسی و ئەفغانیدا، لە کتێبی ئاڤێستا بە مانای (ویژدان) هاتووە. ویژدانیش تەعبیرێکی تری ئەخلاقی بەرزە. کە واتە: دین و ویژدان ئەخلاقە. کاتێکیش باس لە ویژدانی پیشەیی دەکەین، مەبەستمانە ئەتیك (ئەخلاقی) پیشەییە، کە هەر کار و پیشەیەك ئەخلاقی خۆی هەیە، وەك ئەخلاقی پزیشکی (لە سۆزخواردنی پزیشکاندا هاتووە)، ئەخلاقی ئەندامانی پەرلەمان و وەزیران و بەرپرسانی گەورە کە سوێندی پێ دەخۆن، ئەخلاقی وەرزشکار، دارتاش، بەرگدروو، چێشتکەر، ئەندازیار و... هەروا جۆرنالیست و گشت نووسەر و هونەرمەندێك.

ڕۆژنامەنووسی بەرز و سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە شەرافەت و ئەخلاقی نووسین و دەربڕین و وشە دەپارێزێ و، کەرامەتی هیچ مرۆڤێك نائێشێنێ. سەر هەموو ڕەوشتێك بیرکردنەوە و فەلسەفەی مرۆڤە. هەر بۆیەش زەردەشت ڕێنوێنییەکانی لەسەر سێ بنەما داناوە:

«بیری چاك، وتەی چاك، کردەوەی چاك»

ئەوە بیری پێش خستووە، چونکە لە ئەنجامدا ئینسان بەرهەمی بیرکردنەوە و بۆچوونی خۆیەتی. واتە: ئەگەر لەسەر کشتوکاڵ چەق ببەستی ئەوە وتە و کردارت بەرەو کاروباری کشتوکاڵ دەبات. سەرەتا بیر لە کشتوکاڵ، ئەنجا وتە و کردەوەیە.

ئەگەر هەموو کات بیر بکەیتەوە لە گەیشتن بە کەرکووك یا ئەستەمووڵ یا پاریس، ئەوە خۆ بەخۆ دەکەویتە (وتە) و باس دەربارەی ئەو شارە و چۆنێتی گەیشتن بەوێ، تا ڕۆژێك دەرفەتت بۆ دێتە پێش و بەوێ دەگەی، بەڵام ئەگەر بیر لە مۆسکۆ یا نیودەیلی بکەیتەوە، ئەوە بۆ ئەوێ دەچی نەك بەغدا یا ڕۆژاوا.

سروشتی مرۆڤ وەهایە، خەیاڵ و بیروبۆچوون بخاتە سەر هەر شتێك لە ئەنجامدا هەوڵ دەدا بۆ بەدەستهێنانی. تۆ ئەگەر بچیتە بازاڕ بۆ کڕینی پاڵتۆ ئەوە تەنیا چاو دەبڕییە دووکانی فرۆشتنی جلوبەرگ، ئیتر ئاگات لێ نییە لە دووکانی تر یا چێشتخانە و پیشانگەی ئۆتۆمۆبێل. لێرەدا بیر و بیرکرانەوە یانی ″ نیەت و نیاز ″. کە واتە نیاز یا نییەت ئەسڵی بۆچوون و ڕوانینە.

مرۆڤ هەزاران هزر و خەیاڵ و حەز و ئارەزوو بە مێشکیدا دێن، کە دەبن بە نیەت و نیازی دەروونی و لە ئەنجامدا حەز و خواستێکی تایبەتی، دەبێ بە تەوەری سەرەکیی بیر و بیرکردنەوە و، پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێ بۆ قسە و وتە دەربارەی، هەنگاوهاوێشتن بۆ بەدیهێنانی. لێرەدا : بیر + وتە + کردەوە، بە شوێنیەکدا دێن.

فەلسەفەی ئەشا زەردەشت (زەردەشتی ڕاستگۆ) لەسەر بنەمای بیر و هزر و هەڵبژاردنی ئازادی مرۆڤ دامەزراوە. چونکە نیاز و نیەت و بیرکردنە و لە ئەنجامدا دەبێ بە ″ئیختیار – هەڵبژاردنی″ ئەو کارە. لێرەشدا مرۆڤ ئازادە لە هەڵبژاردندا. زەردەشت لاگیری ئەم ئازادییەیە.

بە مانایەکی تر جۆرنالیست و نووسەر و بیرمەند، لە جەوهەردا، ئازادە چۆن بیری لێ دەکەنەوە و لە دەروونەوە، بە ئازادی، بۆی دەچن.

بە کورتی: زەردەشت لاگیری ئازدیی و ویژدانە، دەڵێت: کە مرۆڤ بەرپرسە لە کاری چاکە و خراپی خۆی و، دەتوانێ چارەنووسی خۆی بگۆڕێت.

نووسەر بۆچی ئەم بابەتە یا ئەوی تر دەنووسێت؟ چونکە بیری لێ کردووەتەوە، کەوتووەتە خەیاڵ و هزری. ئیتر بۆ چی؟ ئەوە زۆر دیار و ئاشکرا نییە. ئەوە پێویستییە داسەپاوەکانی ژیانە. بەڵام میکانیزمی کاری مرۆڤ لە بیر و نیاز و نیەتەوە دەست پێ دەکات. ئا لێرەدایە کە ئەرکی ئەخلاقی جۆرنالیست دێتە پێش، ئەویش ئەوەیە هەر لە دەسپێکەوە هەوڵ بدات بیروبۆچوون و نیەتی خۆی پاك و بەرز ڕابگرێت، بە ژیر و وردی ڕابمێنێ و خۆی لە بیری نادروست و هەڵەشە و چەواشە دوور بخاتەوە، تا وتەی چاکی بەسەر زارا بێت و کرداری بەرز بنوێنێ.

مرۆڤ، لە ئەنجامدا، بوونەوەرێکی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی و کولتوورییە، نەخاسمە لەم سەردەمەدا کە هۆشیاری ئادەمیزاد قووڵ و بەرزتر بووە، ئیتر بیانووی ئەوەی کەمترە تا بڵێ: ″ نەمزانی ! لە دەستم دەرچوو...″ و شتی وەهاگەل. واتە: مەودای ئازادیی هەڵبژاردنی بیر و وتە و کردار زۆر فراوانتر و زیاتر بووە.

جاران ئەو ئازادییە بەرتەسکتر و کەمتر بوو، ئێستا، تا دێ، ئازادیی فراوانتر دەکرێتەوە. بەو ئەندازەیەش بەرپرسێتی جۆرنالیست و نووسەرەکان گرانتر و قورستر دەبێ.

نووسەر لەم کتێبەدا، لەسەر واتا و وشە و بەکارهێنانی پێ دادەگرێ و ئاماژە بە لێوەشاوەیی و توانای ڕۆژنامەنووس دەکات. هەر لەم دەروازەیەوە دەچێتە سەر باسی (ئەتیك = ئەخلاق) لە جۆرنالیزمدا، کە بە مانای بەکارهێنانی وشەی گونجاوە لە شوێن خۆیدا، نە زیادەڕەوی، نە چەواشەکاری.

دەربارەی لاگیری لە جۆرنالیزمدا دەنووسێت:

″جۆرنالیست بە پێچەوانەی سیاسەتمەداران، بە هۆی بەرپرسێتی و ئەرکی ئەخلاقی، نابێ لاگیری بکات بە دەستکاریی هەواڵەکان یان ڕاپۆرتاژی تژی لە لاگیری. ئامانجی جۆرنالیست لە دوو خاڵی سەرەکی خۆی دەنوێنێ:

١– ڕاپەڕاندنی کارەکەی بە پێی ستانداردی ئەخلاقی و بە شێوازی پرۆفشناڵ.

٢– بەرامبەر ئەوانەی هەواڵەکە پێوەستە پێیانەوە بە ویژدانەوە ڕەفتار بکات....″

لێرەشدا زانیاریی سوودمەند لە بارەی (لاگیریی... و هەڵسەنگاندنی لاگیری و ...

ئامرازەکانی هەڵسەنگاندنی، دێنێتەوە.)

نووسەر بە گشتی، زانیاریی ورد و نوێ، کە لە ساڵانی کار و ئەزموونی فراوانی جۆرنالیستیدا، بەدەستی هێناوە، بە ڕێبازی ئەکادیمی و شێوەی نووسینی ڕوون و سادە، دەخاتە بەردەستی خوێنەران، کە دڵنیام ئەکادیمییەکان و خوێندکارانی جۆرنالیزم و ڕووناکبیران بە گشتی کەڵکی زیادی لێ وەردەگرن.

فەلەکەدین کاکەیی

٢٠١٠/٥/٢٧

# بەرایی

لە پاش تێپەڕبوونی پتر لە دوو سەدە لە جۆرنالیزمی پرۆفشنال، هێشتا ئاڵۆزییەکی فراوان بەدی دەکرێت لە ئاقاریی تێگەیشتنی چەمك و تیۆریی جۆرنالیزم بە شیوازێکی زانستییانە. جۆرنالیزم یان ژۆرنالیزم واژەیەکی نوێ نییە و دەمێکە لە ناو فەرهەنگی ڕاگەیاندندا جێکەوت بووە. زانستی جۆرنالیزم سەرجەم زانستەکانی تر ئاسا، بە دریژاییی مێژوو پێشکەوتنی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە و توانیویەتی بە سوودوەرگرتن لە تەکنۆلۆجیای زانیاریی هەنگاوەکانی مەزنتر بهاوێژێ، بە تایبەت لەم دەیەدا، زۆر شیلگیرانە گەشە بستێنێ و سەرجەم ڕەهەندەکانی ژیانی مرۆڤ بگۆڕیت. جۆرنالیزم کاریگەرترین چەکە کە دەتوانرێ لە سوودی جەماوەر بەرامبەر بە دەستەڵات بە کار بهێنرێ. لە خۆڕا نییە کە بە دەستەڵاتی چوارەم ناوزەت کراوە، چونکە دکارێت بەرامبەر بە سێ دەستەڵاتەکەی تری سیستمی دیموکراسیی کە بریتین لە دەستەڵاتی جێبەجێکاری و داد و یاسادانان ڕۆڵێکی گرینگ و کارا ببینێ.

ئەمڕۆ ڕاگەیاندن ڕووی کردووەتە ناو هەموو کون و کەلەبەرەکانی ژیانی مرۆڤەوە. ڕاگەیاندن سنووردار نییە تەنیا بە جەندەر یان تەمەنێکی تایبەت بەڵکو سەرجەم تاکەکان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەکاتە ئامانج. ئەمە دەتوانێ فیلمێکی سینەمایی بێ یان کاریکاتۆر یانیش ڕیکلامێکی تەلەفیزیۆنی. کۆمەڵگەی کوردیش سەرەڕای کیماسییەکانی، بە پێی توانا لە پێشکەوتن لەم بزاڤەدا بێبەش نەبووە. و هنووکە بوژانەوەیەکی جۆرنالیزمیی و ڕۆشنبیریی بەرچاو لە باشووری کوردستان و لە هەندەران بەدی دەکری کە پێشووتر بۆمان مەیەسەر نەبوو.

لە لایەکی ترەوە، پێشکەوتن لە هەر بوارێکدا، کاریگەریی ئەرینی و نەرینی بە سەر کۆمەڵگە دەنوێنی کە هەندێ جار لەبەر سۆنگەی ناشارەزایی و ناکارامەیی دەبێتە هۆکاری خولقاندنی ئاریشە لە نێوان تاکەکان و دەزگا حکوومی و ناحکوومییەکان. زۆر جار بەدحاڵیبوون، ڕاگەیاندنی نابەرپرسانە یان ناتەواو، ڕەچاونەکردنی ئەخلاقی ڕۆژنامەگەری، بەرچاونەگرتنی بەرژەوەندیی گشتی و

هـۆكـاری تـاكـەكـەسی... هـتـد، بـوونـەتـە هـۆی لـە یـەكـترازانـی ڕۆژنـامـەڤـانـان و ناوزڕاندنی كەسایەتییەكان و سووكایەتی پێكردن بە بواری ڕۆژنامەگەری. ئەمە دەگـەڕێـتـەوە بـۆ ژێردەسـتـەیـیـی ڕۆشـنـبـیـریـی و ڕۆژنـامـەڤـانـی و پـاش گۆڕانكاریی سیـاسیـی، یـاخـیـبـوونـی ڕۆژنـامـەڤـانـان و خـورتـبـوونـی ڕەوتـی ڕۆژنـامـەگـەری لە ئەنجامی قەتیس مانەوە و تابووكردنی بواری جۆرنالیزمی كوردی بۆ ماوەیەكی زۆر و كرچوكاڵبوونی ڕۆژنامەگەریی لە كوردستاندا.

ئەمڕۆ كێشەگەلێكی زۆر لە نێوان ڕۆژنامەڤانان و دەستەڵاتدا بەرجەستەیە وەكـو هــەست پـێـنــەكـردن بـە بـەرپـرسێـتـیـی و گـواسـتـنـەوەی كـۆمـەڵ لـە كـێشە هەستیارەكان بۆ ململانێی تاكەكەسی و زۆر جاریش نابەجێ. ئەمانە زەرەر لە هێزی هزریی و ڕۆشنبیریی و سیاسیی گەلەكەمان دەدات. ڕۆژنامەڤان ئەمڕۆ پتر دەبـێ هــەست بـە بـەرپـرسێـتـی بـكـات. ئـەركـی ڕۆشـنـبـیـرانـە كـە كێشە گرینگ و هەستیارەكان بروژێنن و وەڵامدەری نیازەكانی كۆمەڵ بن؛ نەك خولقێنەری كێشە و ئاریشە لە نێوانیان. لە هەمان ئاستدا، پێدڤییە دەستەڵاتدارانیش ئاریشە بۆ ڕاگەیاندكاران نەخولقێنن تا بتوانن كارەكانیان بە سەركەوتوویی ڕاپەڕینن.

ئەم كتێبە سەرەتایەكە بۆ پێناسەكردنی جۆرنالیزم بە واتایەكی زانستییانە و دەستنیشانكردنی سنوورەكانی ئاكاریی بە تایبەت كە لە مێژ نییە ئازادیی ڕۆژنامەگەری بووەتە بنێشتە خۆشەی ڕۆشنبیران و نووسەران و ڕۆژنامەڤانان. هـەوڵـێكـە بـۆ كۆكردنـەوەی چـەمك و تێگـەیشتـنـە جیـاوازەكـان لـە ژێر چـەتـرێكی هـاوكۆك و ئامادەكاری بۆ پێناسەكردنەوەی شووناسیكی ڕاست لە كار و شیوازی جۆرنالیزم و ڕەواندنەوەی بەدحاڵیبوون و پەیبردن بە سنوورەكانی نێوانیان و لە كۆتاییدا هەوڵێكە بۆ ناسینەوەی خۆمان وەكو جۆرنالیست وكۆمەڵگەی خۆمان و پنگاڤنان بەرەو پێشكەفتن لەم بوارەدا.

ساقی بارزانی
واشینگتۆن دی سی – ئەمەریكا
www.klawrojna.com

# پێناسە

ئەگەرچی چەندین دەیەیە ڕۆژنامەگەریی ئازاد پانتاییی وڵاتە دیموکراسییەکانی داگیر کردووە، وەلێ هێشتا کێشمەکێش و بیروڕای جیاواز هەیە لە نێوان پسپۆڕان و تیۆرییەکانی جۆرنالێزم دا سەبارەت بە مانا ڕاستەقینەکانی جۆرنالیزم و ڕاستبێژیی و ئازادیی ڕۆژنامەگەری.

ویلیام بۆلیتۆ(١) دەبێژی: "ڕۆژنامەوانی تێڕوانینە بە ناو دیوارێکی کۆنکریت دا". ئەمە هیچ لێکچوونێکی نییە لەگەڵ کاری دەستنیشانکردنی هەواڵ و گوزارشتی ڕووداوەکاندا، بەڵام لە جەوهەردا ئاماژەیەکە بۆ ماهیەتی کاری جۆرنالیستیی و ئاستەنگەکانی بۆ دۆزینەوەی هەواڵی ڕاست.

لەلایەکی ترەوە هێشتا جیاوازیی بیروڕا هەیە سەبارەت بە ئەرك و مافەکانی جۆرنالیست و خوێنەرانی هەواڵەکان. ئایا خستنە ڕووی ڕاستییەکان تەنیا ئامانجە لەم بوارەدا، یان دەبێ دایم چاو ببڕینە ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندیی گشتی بە تایبەت کە ڕۆژنامەڤان دەتوانێ ڕووداوەکان بە ئاراستەیەکی جیاوازەوە ببات و ڕای گشتی بەپێی شێوازی گەیاندنی هەواڵەکان بگۆڕێ؟ ئایا ڕاستبێژی نابێتە هۆی مەترسیی بە سەر جۆرنالیست بە تایبەت کە قۆچانێ لەگەڵ دەستەڵاتدا بکات؟ ئەم گیروگرفتانەی ڕۆژنامەنووسان تەنێ لە وڵاتانی خۆرهەڵاتدا نییە، بگرە لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکانیش ڕۆژنامەوانان بە هەبوونی سەرجەم ئازادییەکانیان هێشتا تووشی ئاریشە دەبن. زۆر جار بە تێوەگلانی ڕۆژنامەوان لە لیکۆڵینەوەی بابەتێکی هەستیار تووشی مەترسی و تەنانەت هەڕەشەی کوشتن دەبن.

تۆمارکردن و بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان بە بێ لاگیریی و بە شێوەیەکی ڕاست و دروست پرۆسەیەکی ئاڵۆزکاوە کە تەنێ بڕوانامەی زانستگە و نیازپاکیی ڕۆژنامەڤان بەس نییە بۆ ڕووماڵکردنی ریپۆرتاژ و لێکۆڵینەوەی جۆرنالیستی

---

(1) William Bolitho.

سەبارەت بە کەموکوڕییەکانی حکوومەت و شێوازەکانی کار و ڕۆتینی ناو دەزگاکانی و ڕووچونەوە بۆ ناو کۆمەڵگە و کێشە کۆمەڵایەتییەکان و ترس و نەخۆشی و فریادگوزاریی نەتەوەیی و شەڕ. کاتی ڕۆژنامەڤان بانگهێشت دەکری بۆ گێڕانەوە و گواستنەوەی هەواڵەکان، دەزانیٚ کە ڕووبەڕووی کێشەگەلێکی زۆر دەبیٚ، بە تایبەت لەلایەن هاودژ و هەندیٚ جاریش هاوپیشەکانی. ئەگەر ڕۆژنامەڤان لە ناو سەندیکایەکی ڕۆژنامەڤانیدا ئەندام نەبیٚ، بێگومان کارەکەی ئاستەمترە. ئەم کیشانە، ئەو کات زۆرتر دەبن کە ڕۆژنامەڤان لە گێڕان یان گواستنەوەی هەواڵەکە هەڵە بکات یان هەواڵەکە دەستکاری بکات، یان زێدەبێژیی و درۆ هەڵبەستیٚ و پاشان نەتوانیٚ سەرچاوەکان دەستنیشان بکات کە بێگومان کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر بڕوای جەماوەر.

بێجگە لەم تێڕوانینە ئەخلاقییانە، هەندیٚ جار هەواڵ خۆی ئاستەمە بۆ تێگەیشتن بۆ تاکێکی ئاسایی. بۆیە هەندیٚ جار سەرچاوەکان بە ئاڵۆزکردنی هەواڵەکان بۆ سوودی تایبەت یان گشتی و هەندیٚ جاریش ڕۆژنامەڤان خۆشی لە بێئاگایی و بێگوناهانە لە تێکدانی هەواڵەکە بەشدار بیٚ. لە لایەکی تریشەوە جیاوازیی لە تێگەیشتنی تاکەکان لە شێوازی گێڕانەوە یان نووسینی ڕۆژنامەڤان دەبێتە سۆنگەی بەدحاڵیبون یان بە هەڵە تێگەیشتنی هەندیٚ هەواڵ. بۆیە پێدڤییە جۆرنالیست لەم کەین و بەینەدا ڕۆڵی پێویست بگێڕیٚ.

# مێژووی جۆرنالیزم

## مێژووی جۆرنالیزم لە جیهاندا

### کورتەیەك لە مێژووی جۆرنالیزم:

ئەگەرچی تاهنووکە نادیارە یەکەم جۆرنالیست کێ بووە و کام شارستانیەت بۆ یەکەمجار توانیویەتی بە شێوازی واتایی جۆرنالیزم بە کار بهێنێ، بەڵام دکارین بێژین لە دێرزەمانەوە، مرۆڤ هەردەم ئاگەدار بووە بەرامبەر بە جیهانی دەوروبەریی و بە پەرۆشەوە تێفێگریوەتە ئەو ڕووداو و هەواڵانەی کاریگەرییان نـووانـدووە سەر ژیـانـیـان؛ چـی لـە ڕووی ئـابـووریـی و سیـاسیـی یـانـیش کۆمەڵایەتییەوە. بۆیە بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە دەستی بەگەڕان کردووە و گـەڕیـدەدەر و پـەیـامـنـێری هـۆز و عـێلـەکـان سەرگوزەشت، چـیرۆك و وتـەی پێشینیانیان گواستووەتەوە و بۆ نەوەکانیان گێڕاوتەوە. پاشتر کە نڤیسین چێبوو، بۆ مانەوەیان لە سەر دیوار و پێست و خشت نووسیویانەتەوە.

شێوازە سەرەتاییەکانی گواستنەوەی هەواڵ بە گواستنەوەی قسەکانەوە دەستی پێکرد و هەواڵ سنوردار بوو بەو شتەی کەسی بدیبایە یان بیگێڕایەتەوە و لەم کەین و بەینە و دەستاودەست گەڕانەدا دوچاری زۆر گۆڕانکاریی دەبوو. دروستیی هـەواڵ بـەنـد بـوو بـە نـزیـکـبـوون لـە سەرچـاوەکـەی، واتـا تـا هـەواڵـەکە دوورتر بکەوتبایە، ڕاستیی هەواڵەکە گومانـاویتر دەبوو. دەتوانرێ یەکەم هەواڵ کە گواستراوەتـەوە بـۆ تـاکـێکی تر بـە یـەکـەم کـاری ڕۆژنـامـەڤـانی نـاوزەت بکرێ. هەرچەند لە سەرەتاوە شێوازەکانی گواستنەوەی هەواڵ زۆر ساکار بوون و پتر لە ڕێگەی زمانەوە بوو و ناواخنی هەواڵەکە تێنەپەڕیوە لەو ڕووداوانەی کە خەڵکی دەیانبینی یان گوێبیستی دەبوون. شێوازەکانی تری هەواڵ لە ڕێی مەقام و لاوك و حەیران و کارە فۆلکلۆرییەکانە کە پتر گێڕانەوەی داستانی بەسەرهاتەکان بوون. کەسێ کە هەواڵی بۆ کەسێ تر یان کۆمەڵێکی بردووە لە ڕاستیدا کاری جۆرنالیزمی کردووە هەرچەندیش هەواڵەکە لە قەڵەمڕەو و مەودای ژینگەیان تێ نەپەڕیوە و ژمارەی گوێگرانیشی کەم بوون.

بە پێشکەوتنی کۆمەڵگە و دەرکەوتنی شارستانیەتەکان، بواری ڕۆژنامەڤانیش گەشەی سەند. کاری ڕۆژنامەڤانی بە شێوازێکی مودێرنتر هاتە کایەوە. بۆ نموونە گێڕانەوە و گواستنەوەی هەواڵەکان لە دەستەڵاتەوە بۆ خەڵك و لە دەستەڵاتەوە بۆ دەستەڵات بووە باو و تەنانەت تەتەری فەرمییان هەبوو. کاتێ کە تەتەری دەستەڵاتێك هەواڵ، ئەمر یان بانگەوازێکی بۆ کۆمەڵانی خەڵك خوێندووەتەوە، کاری جۆرنالیزمی بە جێ گەیاندووە.

لە کاتی شەڕەکاندا تەتەرەکان بە هەموو کەموکورتییەکانیانەوە وەکو پەیامنێری خێرا جەماوەریان لە هەواڵەکانی شەڕ ئاگەدار دەکردەوە و سوارچاکەکان دێ بە دێ و شار بەشار غارێنیان دەکرد تا هەواڵەکان بگەیەننە فەرماندە سەربازییەکانیان یان ئەو خەڵکەی چاوەڕێی ئەنجامەکانی نەبەردەکان بوون. پاشان حکوومەتە پاشاییەکان، وەکو ئیمپراتۆریی ڕۆم، لە دەورانی جولیس سزار بەو لاوە، توانییان بە گواستنەوەی راپۆرتی نووسراو بە بڵاوکردنەوەی بڵاڤۆکێکی ڕۆژانە سەربارەت بە هەواڵ و بارودۆخی سیاسیی بۆ سەرجەم ئەو کۆلۆنیانەی لە بندەستیان بوو گەشە بە کاری جۆرنالیزم بدەن، چونکە ئەمانە هەموویان نموونەی کاری جۆرنالیزمین.

بەهۆی نەخوێندەواریی کۆمەڵانی خەڵك لە سەردەمە کۆنەکاندا، مافی ڕەوا و تەواوی ڕۆژنامەڤانی لە بن دەستی دەسەڵاتداردا بووە و بە ویستی خۆی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرد. جۆرنالیزمی فەرمی تەنێ و یەکلایەنانە مافی دەستەڵات بووە؛ واتە تەنیا لە دەستەڵاتەوە بووە بۆ خەڵك و خەڵك مافی ڕادەربڕین لەسەر ناوەڕۆك و گۆڕانکارییەکان نەبووە. لەو دەمانەدا ڕۆژنامەڤانی یاریچەی دەستەڵات و تەنیا لە پێناو بەرژەوەندیی دەسەڵاتدا بووە و ڕۆژنامەڤان –پەیامنێر– مووچەخۆرێکی دەسەڵات بووە کە بۆ پاوەنخوازیی دەسەڵات کاری کردووە.

بەرەبەرە شێوازەکانی پەرەسەندنی "هەواڵ" پێشکەوتنی بەرچاوی بە خۆوە بینی و لە بەر شۆڕشی پیشەیی و تەکنۆلۆجیا بە تایبەت دەزگای چاپەمەنی و ئاشنابوون بە تەکنیك و پسپۆڕێتی کۆکردن و بڵاڤکردنەوەی زانیاریی خێرا،

ڕۆژنامەڤانی بە واتای زانستی هاتە گۆڕەپانەوە و بووە بەشێکی نکۆڵینەکراو لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵك و دەستەڵات.

کرۆنالیژیایەکی کورتی ڕاگەیاندن(١):

٢٩٠٠ تا ٣٥٠٠ ساڵ پێش زاین فینیقییەکان خەتیان چێ کرد و پاشان سومەرییەکان نووسینیان داهێنا کە بە شێوەی وێنە لەسەر کەتیبە قوڕینەکان دەنووسرا.

لە ساڵی ١٧٧٥ ی پێش زاین ئەلیفبای فۆنێتیك داهێنرا کە لە چەپەوە بۆ ڕاست دەنووسرا.

لە ساڵی ١٤٠٠ ی پێش زاین کۆنترین نووسین لە چین لە سەر ئێسقان دۆزراوەتەوە.

لە ساڵی ١٢٧٠ ی پێش زاین یەکەمین "دائره المعارف" لە سوریا نووسراوە.

لە ساڵی ٩٠٠ ی پیش زایین یەکەمین ئیدارەی پۆست لە چین بۆ حکوومەت کراوەتەوە.

لە ساڵی ٧٧٦ ی پێش زاین بۆ یەکەم جار کۆتر وەکو پەیامنێر بەکار هێنرا.

لە ساڵی ٢٠٠ ی پێش زاین بۆ یەکەم جار مرۆڤ بە پێ یان بە ئەسپ وەکو پەیامنێر لە میسر و چین بەکار هاتووە کە بۆ گواستنەوەی هەواڵەکان لە وێستگەیەکەوە بۆ وێستگەیەکی تر تەراتێنیان دەکرد.

لە ساڵی ١٤ ی زاینی یۆنانیەکان خزمەتگوزاریی پۆستیان داهێنا.

لە ساڵی ١٠٥ ی زاین تسای لۆن – Tsai Lun – لە چین کاغەزی داهێنا.

لە ساڵی ٣٠٥ ی زاین یەکەمین چاپخانەی دار کە پیتەکان لە سەر قالبی دار هەڵکەنرابوون چێ کرا.

لە ساڵی ١٤٥٠ ڕۆژنامە لە ئەوریا دەرکەوت.

---

(١) ویکوپێدیا

لـە سالّـی ١٤٥٥ جـۆنـز گـوتـێـنبـرگ – Johannes Gutenberg– یـەکـەم چاپخانەی ئاسنی داهێنا.

لە ساڵی ١٦٥٠ یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانە بە ناوی لیپزیگ – Leipzig– دەرچوو.

لە ساڵی ١٨٣١ جۆزێف هێنری – Joseph Henry – بۆ یەکەم جار تەلەگرافی داهێنا.

لە ساڵی ١٨٣٥ سامۆئل مۆرس – Samuel Morse – کۆدی مۆرسی داهێنا کە بۆ ناردنی پەیام بەکار دەهات.

لە ساڵی ١٨٩٩ ڤلادەمێر پۆلسێن – Valdemar Poulsen – یەکەمین دەنگ تۆمارکەری مەغناتیسی داهێنا.

لە ساڵی ١٩١٤ یەکەمین پەیوەندیی تەلەفۆنی نێوان کیشوەرەکان کرا.

لە ساڵی ١٩١٦ یەکەمین رادیۆ بە کاناڵی جیاواز چێ کرا.

لە ساڵی ١٩٢٧ کانالی ئێن بی سی – NBC – دەستی کرد بە پەخشی دوو تۆڕی رادیۆ.

لە ساڵی ١٩٣٠ یەکەمین پەخشی تەلەفیزیۆنی لە ئەمەریکا دەستی پێ کرد.

لە ساڵی ١٩٣٤ جۆزیف بێگەن– Joseph Begun – یەکەم دەزگای تۆماری دەنگی بۆ پەخش داهێنا.

لە ساڵی ١٩٣٨ پەخشی تەلەفیزیۆنی توانی لە بری پەخشی ڕاستەوخۆ لە پێشان تۆمار بکرێ و بگۆڕدرێ.

لـە سالّـی ١٩٤٤ یـەکـەم جـار کـۆمـپـیـوتـەر بـە نـاوی هـارڤـارد مـارك – Mark 1 - Is'Harvard– کە حکوومەت خاوەنی بوو هاتە ناو کەرتی خزمەتگوزاریی گشتیدا. ئەمە دەستپێکی زانستی زانیاریی بوو.

لە ساڵی ١٩٥١ بۆ یەکەم جار کۆمپیوتەری بازرگانی فرۆشرایە کەرتی تایبەت.

لە ساڵی ١٩٥٨ جێستەر کارلسۆن– Chester Carlson – دەزگای فۆتۆکۆپیی داهێنا.

لەساڵی ١٩٦٦ کۆمپانیای زیراکس – Xerox – یەکەم دەزگای فاکسی داهێنا.

لە ساڵی ١٩٦٩ ئارپنێت–ARPANET – یەکەم تۆڕی ئینتەرنێتی دەست پێ کرد کە پرۆژەیەکی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا بوو .

لە ساڵی ١٩٧١ دیسکی کۆمپیوتر و مایکرۆپرۆسەسێر داهێنرا.

لە ساڵی ١٩٧٢ کەناڵی ئێچ بی ئۆ –HBO - یەکەم خزمەتگوزاریی تەلەفزیۆنی بە پارەی داهێنا.

لە ساڵی ١٩٧٦ کۆمپیوتەری ئەپڵ ١ - Apple I – بۆ بەکارهێنانی ناو ماڵ داهێنرا و لەم ساڵە بوو کە لە ئەمەریکا پرۆگرامی سەرتاسەری لە ڕێگەی سەتەلایتەوە دەستی پێ کرد.

لە ساڵی ١٩٧٩ یەکەم تۆڕی پێوەندیی تەلەفۆنی موبایل لە ژاپۆن دەستی پێ کرد.

لە ساڵی ١٩٨١ یەکەم کۆمپیوتەری ئای بی ئێم - IBM PC- و یەکەم لاپتۆپیش فرۆشرا بە خەڵك.

لە ساڵی ١٩٨٣ گۆڤاری تایمز کۆمپیوتەر بە یەکەم پیاوی ساڵ ناو دەبات.

لە ساڵی ١٩٨٤ کۆمپیوتەری ماکینتوشی ئەپل دەرچوو.

لە ساڵی ١٩٩٤ دەوڵەتی ئەمەریکا واز لە کۆنترۆڵی ئینترنێت دێنێ و لە ئەنجامدا تۆڕی جیهانی – WWW – لە دایك دەبێ کە بوو بە هۆی خێرایی ڕاگەیاندن لە جیهاندا.

### دەورانی رینسانس و چاپ

لە ساڵی ١٤٥٦، جۆنز گوتینبرگ[٢] –Johannes Gutenberg– یەکەمین چاپخانەی گەڕۆك بۆ تایپکردنی داهێنا کە پتر بۆ بڵاکردنەوەی ئەنجیل و هەندێ کتێبی تر بەکار دەهات. یەکەم ڕۆژنامە لە سەدەی حەڤدەیەمدا دەرکەوت. یەکەمین بڵاڤۆك لە شاری کۆلۆنی– Cologne– ئەڵمانیا لە ساڵی ١٥٩٤ بوو بە ناوی

(٢) هەمان سەرچاوە.

مێركورییس گەلۆبگییسەس –Mercurius Gallobelgicus– کە بە زمانی لاتین دەردەچوو. ئەم بڵاڤۆکە زۆر ناوبانگی دەرکرد کە تەنانەت گەیشتە بەریتانیا.

یەکەمین ڕۆژنامەی بەردەوام بە زمانی ئینگلیزی بە ناوی ئۆکسفۆرد گازیت –Oxford Gazette– بوو کە دواتر ناوی گۆڕا بە لەندەن گازیت – London Gazette– و لە ساڵی ١٦٦٥ بوو کە هەفتانە دوو جار دەردەچوو و لەو کاتەوە تا ئێستا دەردەچێت. لە پێشان لە شاری ئۆکسفۆرد دەرچوو، بەڵام دواتر گوێزرایەوە بۆ لەندەن.

یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانە لە بەریتانیا ڕۆژنامەی دەیلی کۆرانت –Daily Courant– بوو کە لە ساڵی ١٧٠٢ دەرچوو و بۆ ماوەی ٣٣ ساڵ بەردەوام بوو. شتێکی سەرنجڕاکیشە کە سەرنووسەری ئەم ڕۆژنامەیە، یەکەمین ژنی ڕۆژنامەڤان بوو لە نێو مێژوودا بە ناوی خانمی ئەلیزابێت مالێت– lizabeth Mallet–.

### ئەمەریکا

لە ئەمەریکاش لەو کاتەی بەشێك بوو لە کۆلۆنییای بەریتانیا، داهێنەری یەکەم چاپخانە کەسی بوو بە ناوی ستیفن دەی[٣] – Stephen Day – کە لە ساڵی ١٦٣٨، لە شاری کەمبریج لە ئەیالەتی ماساچووست دەستی پێ کرد. هەڵبەت ئەو کات یاساکانی بەریتانیا لێرەش باڵادەست بوون و کیشەی زۆریان بۆ ڕۆژنامەکان دەخوڵقاند. یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانەش بە ناوی بێنجامین هەریس ئۆکۆرێنسێس بۆت فۆرێن ئەند دۆمستیك بووە، - Benjamin Harris - Publick Occurrences Both Foreighn and Domestick. - ئەم ڕۆژنامەیە تەنیا لە پاش دەرچوونی یەك ژمارە لە ساڵی ١٦٩٠ بە هۆی نەبوونی مۆڵەتی کار، بە پێی یاسای ماساچوست ڕاگیرا.

ڕۆژنامەیەکی تر بە ناوی بۆستن نیوز لتر[٤] – Boston News-Letter – لە

(٣) هەمان سەرچاوە

(٤) هەمان سەرچاوە

ساڵی ١٧٠٤ دەرچوو کە هەواڵەکانی لۆکاڵ و ئەورووپای بڵاو دەکردەوە و تا ساڵی ١٧٢٢ دەوامی کرد.

هەروەها بە پێی کات و زەمان و فەراهەمبوونی ئازادیی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریی، جۆریێتیی ڕۆژنامەکانیش گۆڕاون بۆ نموونە لە پاش سەربەخۆیی ئەمەریکا لە ساڵی ١٧٧٠ پتر لە ٧٧ ڕۆژنامە لە ٣٥ شارەوە چاپ دەکران و زۆربەشیان داکۆکی لە شۆڕشی ئەمەریکایان دەکرد و دژ بە پاشاییەکان بوون. چونکە تەنانەت لەو کاتانەش بەریتانییەکان مالیاتیان خستبووە سەر ڕۆژنامەکان و جۆرنالیستەکان نەیاندەتوانی بە بێ مۆڵەت ڕۆژنامە دەربکەن.

لە ساڵانی ١٨٠٠ەکانەوە ڕۆژنامەگەریی پەرەی سەند و پتر لە ٢٣٤ ڕۆژنامە بڵاو دەبوونەوە. زۆربەی ئەم ڕۆژنامانە داکۆکییان لە بیرۆکەی فیدرالی دەکرد و جەختیان دەکردە سەر ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان و کێشەکانی نێوان سیاسەتمەداران.

لە ساڵانی ١٩٠٠ەکانەوە، ڕۆژنامەگەریی بیچمی کەرتی تایبەتی بەخۆوە گرت بە دامەزراندنی نووسەری فولتایم، لە بری نووسەری کاتی، هەرچەند هێشتا یاسای ڕۆژنامەگەریی دانەسەپا بوو و جۆریتیی کرچوکاڵ بوو و هەواڵەکان کۆپی دەکران و زمانی نووسین زۆر ساکار بوو. دواتر بەرە بەرە ڕۆژنامەکان لە ڕوانگەی بابەت و ناوەڕۆکەوە پەرەیان سەند و پتر بە شێوازی پرۆفشنال دەرکەوتن.

## مێژووی جۆرنالیزمی ئەلکترۆنی

سەرەتای مێژووی تۆڕی ویب دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٩. کاتێ کە تۆڕێکی کۆمپیوتەری نێوان دوو زانستگەی ستانفۆرد و یوسی ئێل ئێی -UCLA & Stanford - ی پێکەوە بەستەوە بۆ یارمەتیدانی لێکۆڵیارە ئەکادیمیی و میلیتارییەکان بۆ دابەشینی زانیاریی خاو لەگەڵ یەکتری. دواتر ئەم تۆڕە گچکەیەی نێوان ئەم دوو شوێنە بە ڕادەیەك گەورە کرا کە زانستگە و شوێنەکانی تری گرتەوە و بە خێراییەکی زۆر سەرسوڕهێنەر چووە ناو کەرتی تایبەت و دوایی لە ساڵی ١٩٨٩ فراوانتر کرا کاتێ تیم بێرنێرز لی - - Tim Berners Lee[١] هاووڵاتییەکی بەریتانی کە لە سویسرا کاری دەکرد، پرۆتۆکۆڵێکی کۆمپیوتەری چێ کرد کە لەو ڕێیەوە دەکرا وێنە و گرافیك بنێرێت. پاشان ئەم تەکنۆلۆجیا تازەیە لە ساڵی ١٩٩٠ گشتگیر کرا و گەیشتە هەموو ماڵێك.

لە ساڵی ١٩٩٣، چەند زانای زانکۆی ئێلێنۆی – Illionis– توانییان ڕێگەیەك بدۆزنەوە تا بتوانن لە ڕێی ئەو تۆڕەوە زۆر با سانایی پێوەندیی بە یەکترییەوە بکەن و تێکست و وێنە و میدیاکانی تر بۆ یەکتر بنێرن بێ ئەوەی خاوەن ئەزمونێکی پێشکەوتووی کۆمپیوتەر و زانستی تەکنۆلۆژیای زانیاری بن. هەروەها تاکەکان و کۆمپانیا و زانستگە و ئەنستیوتەکانی تر خاوەنی ژووری تایبەتی و دائیمیی خۆیان بن کە بە ناوی سایت یان ماڵپەڕەوە ناسراوە و خەڵکی بکارن لە کۆمپیۆتەرەکانیانەوە سەردانیان بکەن. ئەویش لە ڕێی پرۆگرامێکەوە کە بە گەڕۆك - Browser - ناسراوە. دوایی لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٤ ئیمەیل هاتە کایەوە و خەڵکانێکی زۆر لەو ڕێیەوە پێوەندییان بە یەکەوە کرد و ئەدرەسی ماڵپەڕ و ئیمەیلیان بۆ یەکتری دەنارد؛ یان لە سەر کارتی پیشەییان دەنووسی.

ئەم پێشکەوتنە بەرچاوە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی کردە سەر بواری ڕاگەیاندن و میدیا. بە تایبەت کە لەم میدیا نوێیەدا سنوورەکان دابەزین و ناوەڕۆکی

(1) Larry Pryor, OJR Executive Editor - Online Journalism Review. http://www.ojr.org/ojr/future/1019174689.php.

بابەتەکان دەوڵەمەندتر بوون بە تەکنیکی دەنگ و ڕەنگ و وێنەی بزۆك و داڕشتن و دیزاینی پێشکەوتوو و مۆدێرن. بۆیە ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامە و گۆڤار ڕویان کردە بواری ڕۆژنامەڤانیی ئەلکترۆنی لە بەر توانایی خوڵقاندنی بوارێکی نوێ بۆ تێکەڵکردنی میدیا ڕەنگاوڕەنگەکان و تەکنۆلۆجیا تازەکان. ئەم زانستە نوێیە بوار و مەودایەکی فراوانتری خوڵقاند بۆ جۆرنالیزم. ″جۆرنالیزمی پەخش″یش لەم پێشکەوتنانەدا بێبەش نەما و کەم کەم خۆی گونجاند. یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی ئەم بوارە تازەیە توانای سەردانیکردن یان بینینی چەندین پێگەیە لە یەك کاتدا بە پێی ویستی بەکارهێنەرە. واتا ئیتر سنوورەکانی کات و شوێن کارا نامێنن و خوێنەر یان بینەر دەتوانێ بە پێی کاتی خۆی هاوکات هەواڵ یان بابەتەکان بخوێنی یان پرۆگرامێکی تەلەفزیۆنی ببینێ. بەکارهێنەر دەتوانێ لە یەك کاتدا گوێ لە ڕادیۆ بگرێ، سەیری تی ڤی بکات و هەواڵەکانیش بخوێنێتەوە؛ هەمووی لە ناو یەك شاشەدا. کەواتە شاشەی کۆمپیوتەر چەندین ڕۆڵی جیاواز دەگێرێ.

ئەگەرچی بەرایی زۆر لە ڕۆژنامەڤانان بڕوایان وا بوو کە ئیتر ڕۆژنامە و گۆڤار و میدیای کلاسیکی جێگۆڕکێ دەکرێت بەم میدیایە تازەیە و ئینترنێت یان بە مەترسییەکی مەزن دەزانێ بۆ میدیای پەخش و چاپ، بەڵام هوشیاریی ڕۆژنامەکان وایان کرد کە لە هەردوو بواری کلاسیك و نوێدا بەشدار بن وخۆیان بگونجێنن و ئامادەکاری بکەن بۆ گۆڕانکارییە خێرا و نوێیەکان.

ماریۆ گارسیا[٢] -Mario R. Garcia - ڕۆژنامەڤانی بە ناوبانگی ئیتاڵی بڕوادارە کە ئیتر لەم میدیا تازەیەدا خوێنەر بە دوای هەواڵدا ناگەڕێ، بگرە بە شوێن زانیاریدا وێڵە. بەڵام ئەمە ڕاستییەکی نکۆڵینەکراوە، چونکە بەو تواناییە بێ بڕانەوەیەی وێب و هاتنە کایەی جۆرە تازەکانی زانست و تەکنۆلۆجیای زۆر خێرا، چەندەها شێواز و ڕێی دابەشین و گەیاندنی زانیاری چێکراون و ڕۆژانە لە گەشەسەندندان بە شێوازێکی زۆر سەرسوڕهێنەر کە بواری ڕیکلام و بازرگانیی ئەلکترۆنی و سەدان بەشی تر لە دایك بوونە. ئەمە تەنیا سەرەتایەکە بۆ گۆڕانکاریی ماسمیدیا.

(2) Redesigning Print for the Web - Mario R. Garcia.

زانایان جۆرنالیزمی ئەلکترۆنی دابەش دەکەنە سەر سێ بەشەوە:

١– قۆناغی یەکەم: نێوان ساڵانی ١٩٨٢– ١٩٨٦

لەم قۆناغەدا دوو کۆمپانیای بەناوبانگی تایمز میرێر -Times Mirror- و نایت ردێر-Knight Ridder- خزمەتگوزارییەکیان پێشکێش کرد کە میدیای چاپی لە ڕێی تیڤییەوە دەگوێزایەوە بۆ خوێنەران لە ناو ماڵەکانیاندا و بە ڤیدیۆتکس -Videotex- دەناسرا. ئەم خزمەتکارییە لەبەر کەموکورتییەکانی سەرکەوتوو نەبوو و لە ئەنجامدا لە ساڵی ١٩٨٦ شکستی هێنا.

٢– قۆناغی دووەم: نێوان ساڵانی ١٩٩٣– ٢٠٠١

لەم قۆناغەدا، کۆمپانیاگەلێکی تیجاری هاتنە گۆڕەپانەوە و لە ڕێی ئینترنێتەوە زەنگین بوون. لەم ساڵانەدا زمانی ویب - HTML - و پرۆگرامی گەڕۆك و ئیمەیل و چەندان پرۆتۆکۆلی ئەلکترۆنی بۆ گواستنەوەی زانیاریی و میدیای گرافیك و دەنگ و ڤیدیۆ چێ کران. تیجارەتی ئەلکترۆنی زۆر بە خێرا ڕووی کردە ناو هەموو ماڵێکەوە و هەموو کەس دەیتوانی بە کرێدیت کاردێك داد و ستان بکات. لەم قۆناغەدا زۆربەی بابەتە جۆرنالیستییەکان بە خۆڕایی بوون و خوێنەران دەیانتوانی بە سەردانیکردنی ماڵپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بابەتەکان بخوێننەوە.

٣ – قۆناغی سێیەم: لە دوای ساڵانی ٢٠٠٢ ە یەوە

لەم ساڵانەدا کە بە قۆناغی بێتەل و برۆدباند ناسراوە، ئینترنێت و تەکنۆلۆجیای زانیاریی بەرەوپێشچوونێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی. ئینترنێت بووە ئامرازێکی زیرەك کە خوێنەران و بینەرانی دەناسێتەوە و دەزانێ چییان گەرەکە و ئەوەیان پێ دەدات کە پێویستیانە. بۆ ئەم مەبەستە ژمارەیەکی زۆر پرۆگرام و پرۆتۆکۆڵ داهێنران کە خوێنەرانیان دەناسێ و بابەتەکانیان بە چەندین زمان و جۆرەوە پیشکێشی خوێنەرانیان دەکەن. زۆر پرۆگرام داهێنران کە تایبەتن بە کاری ڕۆژنامەنووسی ئەلکترۆنی و لە یەك کاتدا چەندین نووسەر دکارن بابەتەکانیان تازە بکەنەوە و پێوەندیی بەردەوامیان هەبێ لە گەڵ خوێنەرانیان.

## کورتەیەکی مێژووی جۆرنالیزم لە کوردستان

ڕۆژنامەڤانی لە کوردستان لە پاش زۆربەی وڵاتانی جیهاندا سەری هەڵدا و هۆکارەکانیشی دەگەڕێنەوە بۆ ژێردەستەیی و وابەستەبوونی سیاسی و ڕۆشنبیریی و ئابووری و کۆمەڵایەتی.

ماڵباتی بەدرخانییەکان کە بە باوکی ڕۆژنامەڤانیی کوردی ناسراوان، یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە ساڵی ١٨٩٨ لە سەردەمی خەلافەتی عوسمانی لە میسر دەرکرد. چونکە لەو دەمەدا زۆربەی ڕۆشنبیران و نووسەرانی کورد لەبەر سۆنگەی زوڵم و زۆری ئەو خەلافەتە و زەوتکردنی مافەکانیان ناکۆکییان لەگەڵیدا هەبوو. ئەم ڕۆژنامەیە بە بێ پشتیوانیی کەس یان لایەنێکی حکومی و بە پشت بەستن بە خۆیان دەردەچوو. ئەگەرچی بابەتی جۆراوجۆریی سیاسی، نەتەوەیی، ئاینی، بیروڕا و ڕۆشنبیریی تێدا بەدی دەکرا، لێ کرۆکی بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم ڕۆژنامەیە، بێجگە لەوەی خزمەتی بواری ڕۆشنبیریی و ئەدەبی کوردی دەکرد، کەناڵێك بوو بۆ ڕووناکبیر و هۆشیارکردنی خەڵکی بۆ بەرهەڵستان و دژایەتیی عوسمانییەکان.

## کورتەیەکی مێژووی جۆرنالیزم لە باشووری کوردستان

بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر بخوازین چاوخشاندنێکی ڕووکەشیانە بکەین، دەشێ مێژووی ڕۆژنامەڤانیی باشووری کوردستان بە سێ قۆناغ پۆلێن بکەین، کە هەر کام لەم سێ پۆلانە خاوەنی تایبەتمەندیی و ڕەوتێکی جیاوازن و ئەم سێ قۆناغەش دەربڕی سێ کاتی ناکۆکن، بۆیە ئەم پۆلێنە دەکری پۆلێنێکی زەمەنی بێ یان چۆنایەتی؛ چونکە هەرچەند تا ڕادەیەك لە بەراوردکردندا هاوناوەڕۆکن، بەڵام شێوەی کار و جەغزای پەیام و ڕادەی پێگەیشتنیان جیاوازن. هۆکاریشی لە بنچینەدا، دەگەڕێتەوە بۆ سۆنگەی نەبوونی ئازادیی ڕادەربڕین کە پێوەستە بەوەی گەلی کورد خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ یان خاوەنی پێگە و قەبارەیەکی سیاسیی تۆکمە نەبووە تا بکارێت سەرجەم گەلانی تر ئاسا لەم بوارەدا پێشکەوی.

ئەگەر گەلێك ئازادییەكانی مەیسەر نەكرابن و بوونی دانپێدانەنرابێ، سەرجەم بوارەكانی ڕۆشنبریی تێیدا ئاستەمتر گەشە دەكات و تەنانەت دووچاری لاڕێییش دەبێت. ڕەوتی بزاوتی ئەم قۆناغانە پێوەستە بە باری سیاسی و ڕۆشنبیریی گەلی كوردەوە لەو سەردەمانەدا. بۆیە كاریگەرییەكانی چەوسانەوەی نەتەوەیی و كۆمەڵایەتی بەسەر سەرجەم بوارەكاندا بەرجەستەیە و ئەم دیاردەیەش بە شێوازێكی ئاشكرا لەسەر بواری جۆرنالیزمدا ڕەنگی داوەتەوە.

**قۆناغەكانی جۆرنالیزم لە كوردستان**

– قۆناغی جۆرنالیزمی خۆناساندن.

– قۆناغی جۆرنالیزمی بەرگریی؛ وەكو ئەدەبی بەرگری لە سەردەمانی شاخ.

– قۆناغی جۆرنالیزمی پاش سەرهەڵدانی ڕاپەڕین و دەورانی حكوومەتیی كوردی.

**تایبەتمەندییەكانی ڕۆژنامەڤانی خۆناساندن:**

ئەم چەشنە ڕۆژنامەڤانییە پتر وەك بڵاڤۆك بوون بە مەبەستی خۆ ناساندن و سەلماندنی بوونی كورد وەكو نەتەوەیەكی جیاواز و خاوەن مێژوو و كولتوور و فەرهەنگی خۆی، بە تایبەت لەو دەمانەدا كە نكۆڵی لە كورد كراوە وەكو نەتەوە و بە كەمایەتییەكی گەلێكی تر یان تیرەیەكی پاشكۆكراو ناسراوە. لێرەدا تایبەتمەندییەكان و شێوازی ڕۆژنامەڤانی جیاواز بووە و پتر هەوڵ دراوە زمانی كوردی جێكەوت بكرێ و بناسێنرێت نەك تەركیز بكرێتە سەر ڕۆژنامەڤانی وەكو زانست. بۆیە كرچوكاڵی لە زمانی ڕۆژنامەڤانییدا دیارە و ڕۆژنامە و گۆڤارەكان پرۆفشناڵ نەبوونە و شێوازی داڕشتن و بابەتەكان و هەواڵ و دیزاینی ڕۆژنامەكە زۆر سەرەتایی بووە. ئەگەرچی جۆرنالیزم لە وڵاتانی داگیركەری كوردستانیش لە ئاستێكی زۆر پێشكەوتوودا نەبووە، لێ زمانی كوردی كە قەدەغە بووە و دژایەتیی هەمەلایەنە كراوە، هێشتا توانیویەتی بە زیندوویی بمێنێ. ئەوەی گرینگە كە كورد سەرەڕای هەموو ئاستەنگەكانی بەردەمی و كێشە داسەپێنراوەكان و كەموكوڕییەكانی، خۆی كەمتر نەزانیوە و ئەسپی خۆی لە بواری ڕۆژنامەڤانیشدا

بەزاندووە و هەوڵی داوە لەو بوارەشدا بەدوا نەکەوێت هەرچەند کەمیش بێت.

## ڕۆژنامەڤانیی بەرگریی وەکو ئەدەبی بەرگری لە سەردەمانی شاخ

ئەم جۆرە ڕۆژنامەڤانییە لە پاش شۆڕشی چەکداری هاتە بوون بە جەغزا و پەیامێکی نوێوە. ئامانجێکی بەرگرییکارانەی بووە و بۆیە ناوەڕۆکی تژی بووە لە داستان و هەواڵی حەماسیی و ئەدەبی بەرگریی. بابەتی زانستییانەی کەمتر بووە و پتر تەرکیز لە سەر ڕووداوەکان و هەواڵەکان کراوە. بۆ هەموو کەسێك نەبووە و تەنیا بۆ پێشمەرگە و هەوادارانی بووە. لە ناو شاردا یاساغ بووە و دەبووە مایەی گرتن و دەردەسەری بۆ خوێنەرانی ئەگەر ئاشکرا کرابا؛ یان لەلایەن حکومەتەوە دۆزرابا. بۆیە بازنەی خوینەرانی زۆر تەسك بووە و دەکرێ بڵێین بلاڤۆکگەلێکی تایبەت بوونە بە گرووپێکی تایبەتی بەرهەڵستکار ودژ بە دەستەڵات. ئەوانەشی کە کاریان تێدا کردووە خاوەنی ئەزموونێکی فراوانی ڕۆژنامەڤانی نەبوون. تەنیا هەندێ نووسەری خۆبەخت بوون کە هەست و سۆز پتر پاڵنەربوونە لە بەردەوامی کارەکانیان و بەئەرکێکی پیرۆزیی نیشتمانییان زانیوە نەك پرۆفشناڵانە تا بۆ پارە کار بکەن. ئەمە لە کاتێکیشدا بووە کە خاوەنی ئامرازی پێشکەوتووی چاپەمەنی یان کەرەستەی پێویست نەبوون و زۆر جار بڵاڤکراوەکانیش کات و شوێنی دیاریکراویان نەبوو.

## ڕۆژنامەڤانیی پاش سەرهەڵدانی ڕاپەڕین و دەورانی حکوومەتیی کوردی

لە پاش ڕاپەڕین و سەقامگیربوونی دەستەڵاتی خۆماڵی، ئازادیی ڕۆژنامەگەری بووە هۆی لە دایکبوونی ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامە و گۆڤار و دەزگای ڕاگەیاندن. وروژمی ڕۆژنامەڤانی بووە هۆی لە دایکبوونی سەدان ڕۆژنامە و ڕۆژنامەڤان و چێبوونی دەزگای فەرمیی حکومی و حزبی و ڕاگەیاندنی بەربڵاو. میدیای کوردی بیچم و قالبێکی تری بە خۆوە بینی و ڕۆژنامەڤانی کوردی پتر لە سەرجەم دەمەکانیتر پێشکەوت، بەڵام زۆری پێ نەچوو کە تووشی گەرەلاوێژە هات و هەندێ ئاریشە هاتنە ڕێی وەکو: پشتگوێخستنی یاساکانی ڕۆژنامەڤانی و نائاشنابوونی ڕوژنامەڤانان بە

ڕۆژنـامـەڤـانـیـی زانستـی و قـۆرخـکـردنـی مـیدیـا لـە لای حزب و دەستـەڵاتـەوە و داسەپاندنی سانسۆر کە کاریگەریی نەرێنییان لێ کەوتەوە.

لە لایەکی تریشەوە، لە بواری ڕۆژنامەڤانیی زانستییانە هەنگاوی چاك نرا و بەرەو پێش چوو، بەرەیەك جۆرنالیستی بە ئەزموون دروست بوون و ڕاگەیاندن ڕووەو سیستمێکی تۆکمەتر پاڵنرا. لە ماوەیەکی کورتخایەندا، میدیای کوردی پێشکەوتنێکی بەرچاوی بە خۆوە بینی و لە دۆخی گەرەلاوێژیدا گواسترایەوە بۆ بارێکی سەقامگیرتر. شێوازی ڕۆژنامەگەری و ڕۆژنامەکان پێشڤەچوون، وەلێ هێشتا نەیتوانیوە بگاتە ئاستێکی زانستیی پێشکەوتوو.

# پێناسەی جۆرنالیزم

## جۆرنالیزم چییە و جۆرنالیست کێیە؟

*تێبینی: واژەی جۆرنالیزم لە کوردی بە هەڵە لێکدراوەتەوە، چونکە جۆرنالیزم تەنێ واتای ڕۆژنامەڤانی ناگەیەنێ، بگرە سەرجەم جەنەرەکانی ڕاگەیاندنە، وەلێ ڕۆژنامەڤانی پێکهاتەی دوو وشەی ڕۆژنامە+ ڤان واتە ئەو کەسەیە کە کار بە ڕۆژنامە دەکات. ئەم واژەیە مانا فراوانەکەی جۆرنالیزم تەسکتر دەکات و تەنیا پێوەستی دەکات بە ڕۆژنامەوە. بۆیە لەو شوێنەی کە مەبەستم سەرجەم بوارەکانی ڕاگەیاندنە واژەی جۆرنالیزمم بە کار هێناوە.*

بەیانییان کە لە خەو ڕادەبین بۆ خوێندنەوەی هەواڵەکان و ئاگەداربوون لە دەنگوباسەکان، دەست دەدەینە ڕۆژنامە یانیش دەچینە سەر ئینترنیت و بە چەند کرتەیەك دکارین ڕوو بکەینە سەرجەم ئاژانسەکانی هەواڵ یان ماڵپەڕی جۆراوجۆر. یانیش دەشێین بۆ ئەم مەبەست تیڤی یان ڕادیۆ پێ بکەین و لە نێوان هەزاران کەناڵی جۆراوجۆر، ئەوەی کە خوازیارین هەڵبژێرین، بێ ئەوەی بزانین کە بۆ ئەم هەواڵانە چەند کەس لە پشت پەردە، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، شەوانەڕۆژ هەوڵیان داوە تا بیگەیەنە دەستی ئێمەوە. لە پشت خڕ ئەم هەموو هەواڵ و ڕاپۆرتاژ و بەرنامەو کەناڵانەوە، لەشکرێك جۆرنالیست هەن کە بەبێ ماندوویی کۆڵنەدەرانە کار دەکەن تا هەواڵ و زانیاریی گرینگ لە ڕێی سەردەمییانەترین تەکنۆلۆجیای بەردەست و پێشکەوتووترین تەکنیکی ڕاگەیاندن بیگەیەنە جەماوەر.

لە ئەنجامی شۆڕشی تەکنۆلۆجیای زانیاریی و خێرایی ڕاگەیاندن، جیهان وەکو لادێیەکی گچکەی لێ هاتووە. ئەمڕۆ پتر لە هەموو دەمەکان هەواڵەکان بە خێراییەکی زۆر سەرسوڕهێنەر دەڤەبەشرێن و دەگەیەنرێنە خوێنەران و بینەران و بیسەران. بە هۆی زانستی جۆرنالیزمەوەیە کە ئێمە ئاگامان لە هەموو پێشهات و ڕووداوەکان لە سەرانسەری جیهان دەبێ.

تۆماس گریفیت لە گۆڤاری تایمز[1] -Thomas Griffith, Time magazine- دەڵی: ″ جۆرنالیزم واتە مێژووی خێرا. مێژوویەکە لەو سەروەختەی دەنووسرێ، پـێویستـە کـارابـێ. بـۆیـە نـە تـەنـیـا گـوزارشت لـە پـێشهـاتـەکـان دەکـات، بـگـرە کاریگەریشی لە سەر دەبێ. جۆرنالیزم تۆمارکردنی مێژویە لە کاتێکدا هێشتا سەرجەم پێکهاتەکانی حەقیقەت کۆ نەکراون. ″

جۆرنالیزم هونەری نڤیسین و گێڕانەوەی هەواڵ و راپۆرتاژ نووسینە. کە لە چـەنـد قـۆنـاغـدا تـێ دەپـەڕێت وەکـو ئـامـادەکـاریـی و، گـۆڕان و پـێشکـێشکـاریـی. جـۆرنـالـیستـیش ئـەو کـەسـانـەن کـە لـە ڕۆژنـامـە، گـۆڤـار، ڕادیـۆ و تـەلـەڤـیـزیـۆن ڕاستەوخۆ کار دەکەن یان ئەوانەی یارمەتیدەرن لە چێکردن و گواستنەوەی هەواڵ و راپۆرتاژەکانەوە بۆ خوێنەر، بینەر یان بیسەر وەکو: نووسەر و وێنەگر و وەرگێڕ و گۆڕینەر و کاریکاتۆریست، هەڵەچێنەر و پیداچووەر و...هتد.

جۆرنالیزم سەرجەم ئەو کارانەی ناو ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنە کە پێوەستن بە گەیاندنی هەواڵ و راپۆرتاژ و بیروڕا و شرۆڤەکارییەوە وەکو: نووسەر، وێنەگر، وەرگێڕ، گۆڕینەر، پێشکێشکار، بەڕێوەبەری بەرنامە، بەرنامە داڕێژەر، نیگارکێشەر، کاریکاتۆریست، هەڵەچێنەر و پێداچووەر...هتد. لە هەر کام لەم بەشە ناوبراوانەدا جۆرنالیست دەشێ کاری جۆراوجۆری هەبێ.

لە جۆرنالیزمی چاپدا دەشێ بڵێین جۆرنالیست دەتوانێ یەکێك لەم ڕۆڵانە ببینێ: سەرنووسەر، ئەندامی دەستەی نووسەران، نووسەری ستون یان بەشێکی تـایـبـەت، وێنـەگـر، نـیگـارکـێشەر، گـۆڕینـەر یـان پێداچـووەر، چوارچێوە داڕێژەر، جەدوەلکار، ستافی چاپکردنی کتیب و پێوەندیی گشتی.

لە جۆرنالیزمی پەخشدا، جۆرنالیست دکارێت لە یەکی لەم کارانەدا بەشدار بێ: چێکردنی پرۆگرام، بەڕێوەبەری بەرنامە، وێنەگر، نووسینی سکریپت، راپۆرتاژ، پێشکێشکار، هەڤپەیڤێنەر، گۆڕینەری میدیا و دەنگ و ڤیدیۆ... هتد.

---

(1) - http://www.time.com/time/magazine/article/0,9171,951881,00 .html.

## ڕۆڵی جۆرنالیست

ڕۆڵی جۆرنالیست دۆزینەوەی زانیاریی نوێیە سەبارەت بەو بابەتانەی لە بەرژەوەندیی گشتیین و گواستنەوەیان بە ڕاستیی و بە خێرایی مومکین بۆ خوێنەران بە شێوازێکی ڕاستگۆیانە و بێ لایەنانە. هەروەها لەم میانەیەدا دکارێت راپۆرتاژی بیروڕای جیاواز سەبارەت بە کێشە هەنووکییەکانی سەبارەت بە حکوومەت و هاوولاتییان ساز بکات.

سی پی سکات -C.P.Scott- نووسەری کتێبی مەنچێستر گاردیەن(٢) لە بابەتێکدا دەڵێ: "ئەرکی سەرەکی جۆرنالیزم کۆکردنی هەواڵەکانە. تەنانەت بە نرخی مەترسیی گیانیش بێ دەبێ کەرەستەکان نەگۆڕدرێن، چونکە پێویستە بیچمی شەفافی ڕاستی بە هەڵە چەواشە نەکرێ."

ئەمە ڕەنگە پێناسەیەکی گران و لەوانەشە نامومکین بێ، وەلێ خاڵی جەوهەریی ئەم پێناسەیە ئەوەیە کە ئەرکی سەرەکیی جۆرنالیزم ئاشکراکردنی ڕاستییەکانە بۆ جەماوەر بە هەرنرخێ بێت.

هێنری لوس(٣) -Henry Luce- دامەزرێنەری گۆڤاری تایمز -Time Magazine- دەڵێ: "بووم بە جۆرنالیست تا بتوانم لە دڵی جیهانەوە نزیکتر بم."

جۆرنالیست ئەو کەسەیە کە شەو و ڕۆژ بە شوێن هەواڵەکاندا تەراتێن دەکات. لە ناو جەرگەی شەڕ و پێکداداندا تا ناو ژوور و ئۆفیسی بەرپرسەکان و دەزگا حکوومییەکان. هەندێ جار ولات بە ولات دەگەڕێ و هەواڵی ڕووداو و پێشهاتەکان دەگوێزێتەوە بۆ ناو ژوورەکانمان. جۆرنالیسم کە بە هێزی دەسەڵاتی چوارەم ناسراوە، دەگەڕێ پەردە لە سەر ڕاستییەکان هەڵگرێ، دەمامکی مرۆڤە ناڕاستەکان هەڵماڵێ و تیشك بخاتە سەر قێزەوەنیی و دیاردە ناشرینەکانی کۆمەڵ بۆ ئەوەی لە چاوی خەڵکی پەنهان نەمێنن. دەسەڵات ناچار دەکات کە

---

(2) - Manchester Guardian.

(3) - News Media Baughman, James L. Henry R. Luce and the Rise of the American (2001).

گۆڕانکاری بخوڵقێنێ و هەڵەکان ڕاست بکات. بەسەر دەسەڵاتدا هەڵدەزەنێ و ڕووبەڕووی دەبێتەوە و لەم ڕێیەدا مومکینە هەندێ جاریش دووچاری کێشە و تەنگژە و تەنانەت کوشتن ببێ، بە تایبەت لەو وڵاتانەی کە دیموکراسی نین و مافی ڕادەربڕین و ئازادیی ڕۆژنامەڤانی مسۆگەر نەکراوە و پێکهاتەی حکوومەت دیکتاتۆری یان تۆتالیتاریستیە. بە سەدان ڕۆژنامەڤان لە کاتی ڕاپۆرتاژدا لە هەرێمە شەڕاوییەکاندا کوژراون، چەندین جۆرنالیست هەن کە لە زینداندان و هەندێکیان هەڕەشەی مەرگیان لێ دەکری، بەڵام سڵ ناکەنەوە و بەردەوام دەبن. ئەمە هەموو لە پێناوی ئەوەیە هەواڵە ڕاستەکان بگوێزنەوە بۆ خەڵك.

جۆرنالیستیك کە بە پێی ئەخلاقی ڕۆژنامەگەری ڕەفتار دەکات، قەت ناسڵەمێتەوە لە ژووری زیندان و هەڕەشەی مەرگ. قەتیش ئامادە نییە ئەرکی گران و تژی لە بەرپرسێتیی خۆی بیکاتە قوربانیی دەستکەوتی مادی یان بەرژەوەندیی تاکەکەسی. بەرژەوەندیی گشتی لە سەروو بەرژەوەندیی خۆی دادەنی و تێ دەکۆشێ بەهاکان بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤ بگەڕێنێتەوە و دزێوییەکان ئاشکرا بکات. هەوڵ دەدات بۆ دابینکردنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی و دادپەروەر. جۆرنالیست گۆڕانخوازێکی بەرپرسە و بەپرسێکی دادپەروەرە.

جۆرنالیست لەبەر سۆنگەی ئەوەی خوازیاریی ئاشکراکردنی ڕاستییەکانە بۆ جەماوەر و داکۆکیکار و پارێزەری دەنگی جەماوەرە بەرامبەر بە دەستەڵات و خەوشەکانی، وەکو پارێزەر ئەو پرسیارانە ئاراستەی دەستەڵات دەکات کە خەڵکی وەڵامیان گەرەکە و هەوڵ دەدات ڕاستیی ڕووداوەکان بزانێ و بێلایەنانە و بە بێ پێچ و پەنا و چەواشەکارییەوە، بە ڕۆشنترین شیوە پێشکێشی جەماوەری بکات.

**تایبەتمەندییەکانی جۆرنالیستێکی سەرکەوتوو:**

- ڕووخۆش بێ
- پرسیارکەر بێ
- ڕاستبێژ و بە ئەخلاق بێ
- پێداگر و بەردەوام بێ

- نەترس بێ
- ئاگەدار بێ
- توانای نووسینی هەبێ
- خولقێنەر بێ
- لاگیر نەبێ
- لە پێوەندیکردن باش بێ

لە کاتی هەواڵ و راپۆرتاژکردندا، جۆرنالیست دکارێت سەرجەم تواناکانی خۆی بەکار بهێنی بۆ ئەوەی لە کارەکانیدا سەرکەوتوو بێ. بێجگە لە توانایی نووسین و ڕەچاوی ڕێزمان و فۆرم و شێوازە ڕەنگاوڕەنگەکانی ڕۆژنامەگەریی و ستایلی داخوازکراوی ڕۆژنامەکەی، هەندێ تایبەتمەندیی ڕۆژنامەگەریی سەرکەوتوو دەکرێ بەم شێوەیە بێ:

- ڕاستی و دروستی و تەواوی لە کارەکەی
- ئاخنینی مۆرك و تایبەتمەندیی جۆرنالیست خۆی لە ناو بابەتەکان
- بەکارهێنانی سەرچاوەی جۆراوجۆر
- نیەتپاکی لە ڕاپەڕاندنی کارەکانی
- تازەگەریی و نوێخوازی لە شێوازی کار
- ئەسڵی بوونی کەرەستەکانی بابەتەکان
- هاوسۆزی لەگەڵ ئەوانەی لە هەواڵ و راپۆرتاژەکەدا ناو هێنراون.
- سەربەخۆیی و دووری لە لاگیریی

## ڕۆڵی جۆرنالیزم لە کۆمەڵگەدا:

چەندین بیرۆکەی جیاواز هەن بۆ دیاریکردنی ڕۆڵی جۆرنالیزم لە کۆمەڵگە و پەیوەندیی بە سیستمی دیموکراسییەوە. کەسانێکی وەکو جۆن میریل - John Merrill - بڕوادارن کە تاکگرایی- ئیندیڤیجوئالیزم- مەغزای فەلسەفەی لیبرالیزمە و ئەوانی تر کە سەر بەبزاڤی جۆرنالیزمی جەماوەرین بڕوا دارن کە لیبرالیزمێك تەرکیز لەسەر تاکگرایی بکات دەبێتە هۆکاری ڕیشەیی کێشەکانی جۆرنالیزمی هەنووکەیی.

ماکس ویبر -Max Weber- کۆمەڵناسی بە ناوبانگی ئەڵمانی داهێنەری تیوریی "مودێلی نموونەیی"ە لەسەر بنەمای بەها مرۆڤایەتییەکان. ئەڤرۆکە زۆر لە کۆمەڵناسانی تر ئەرك و بەرپرسێتیی جۆرنالیزمیش لەسەر ئەو بیرۆکەیە هەڵدەسەنگێنن.

خاوەندارێتیی جۆرنالیزم یەکەم جار لە هاووڵاتییەوە دەست پێ دەکات بە ئامانجی چێکردنی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر و بەرقەرارکردنی دیموکراسی. ڕۆڵی سەرەکیی جۆرنالیزم دەستەبەرکردنی زانیاریی پێدڤییە بۆ هاووڵاتییان بۆ چەسپاندنی ماف و ئازادیی و کاراکردنی خۆبەڕێوەبەری. ڤالکلاڤ هاڤێل[١] - Václav Havel- سەرکۆماری چیك لە ساڵی ١٩٩١ لە پراگ بە کۆمەڵی جۆرنالیستیی گوت: "جۆرنالیزم بۆ وەرگرتنەوەی ئەو زمانەیە لە حکوومەت کە بۆ پڕوپاگەندە بۆ خۆی، ئازادیی بیرکردنەوەی پێ زەوت کردووە." ئەم سەرکۆمارە خاوەنی چەندین کتێبی ئەدەبییە و براوەی زۆر خەڵاتە کە زۆربەیان لە پێناوی ئازادیی و ئاشتی و مافی مرۆڤەوە پێی بەخشراون.

لەو ڕووانگەیەوە، ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە ڕاگەیاندن و میدیا ڕۆڵێکی زۆر گرینگ دەگێڕن لە باشترکردنی ژیانی خەڵکی. لە جیهاندا، ملیۆنەها خەڵك لە ئازادیی ڕۆژنامەگەری سوودمەند بوونە و توانیویانە ڕاستەوخۆ بەشدار بن لە

(1)- Journalism Ethics and Society, David Berry.

بنیاتنانەوەی دامەزراوەکانی حکومی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە وڵاتەکانیاندا. ئەو زانیارییانەی کە ڕاگەیاندن دەگەیەنێتە دەست تاکەکان، دەبنە سۆنگەی وروژاندنی ڕای گشتی بەرامبەر بە دەسەلات و پێداچوونەوەی دەسەڵات بە سەر بڕیارەکانیاندا. زۆر جار هەواڵێ بۆتە پاڵنەری دەسەڵات بۆ گۆڕینی بەرپرسێکی حکوومیی و یان پێشکێشکردنی پەشیمانننامەی بەرپرسان. بۆیە ڕاستیی و دروستیی هەواڵەکان زۆر گرینگن و ڕۆژنامەڤان بەرپرسێتیی ئەخلاقی و یاسایی و کۆمەڵایەتی لەسەر شانە بۆ ئاشکراکردنی حەقیقەت بۆ جەماوەر.

جۆرنالیزم ڕۆڵێکی هەرە گەورە لە کۆمەڵگەدا دەگێڕێ. ئامرازێکە بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت و گواستنەوەی زانیاریی ڕاست بە بێ لایەنانە و ئاگەدارکردنەوەی جەماوەر سەبارەت بەکێشەکان. پێگەی بڕوا و متمانەی جەماوەر پێوەستە بە بنەمای جۆرنالیزمێکی ڕاستگۆیانە و چالاك. گێڕانەوەی ڕووداوەکانە وەکو خۆی و بە بێ کەموکوڕی. لەم بوارەدا متمانە کلیلی سەرکەوتنی میدیاکانە و ئەگەر جۆرنالیست بێلایەنی خۆی نەپاریزێ گرینگترین ڕەهەندی خۆی کە باوەڕە دەخاتە ناو مەترسییەوە. بە پێی ڕێسای ئەخلاقی ڕۆژنامەگەری، پێدڤییە لە کاری جۆرنالیستیدا سەرجەم هەلومەرجەکان بە لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانییەوە شرۆڤە بکرێن .

هاووڵاتییان بە زانیاریی ڕاست و دروستی فەراهەمکراوی جۆرنالیست دەتوانن پتر:

– مامەڵە لەگەڵ کێشە بەردەوامەکان بکەن و سوودی درێژخایەن لە زانیارییەکان ببین.

– بەشداریی ئەرێنی بکەن لە کار و بڕیارەکانی حکوومەت.

– کێشە و ئاریشە و باری خراپ و گوزەرانی ژیانیان ئاشکرا بکەن.

## جۆرنالیزم و دیموکراسی

*ئەگەر سەرپشك بم لە هەڵبژاردنی نێوان حکوومەتی بێ ڕۆژنامە یان ڕۆژنامەی بێ حکوومەت، بێگومان ئەوەی دووەمیان هەڵدەبژێرم... تۆماس جێفرسۆن*

لە سەرەتای سالآنی ١٩٢٠، کاتێك کە جۆرنالیزمی مۆدێرن بیچمی دەگرت. دوو کەسایەتیی گرینگی ئەمەریکی بە ناوانی "والتر لیپمەن"ی نووسەر - Walter Lippmann و "جۆن دوویی" ی فەیلەسووف- John Dewey - مشتومڕیان بوو لە سەر ڕۆڵی جۆرنالیزم لە پێشکەوتنی دیموکراسی. ئەم مشتومڕە بووە هۆی وروووژاندنی بیرۆکەی ڕۆڵی جۆرنالیزم لە نێوان کۆمەڵگە و دەستەڵاتدا بە شێوازێکی زۆر جدی کە تانووکە جیاوازیی بیروبۆچوونەکانیان لە فیکری نووسەران و ڕۆشنبیران و فەیلەسووفاندا ڕەنگی داوەتەوە. والتەر لیپمەن لەو بڕوایەدا بوو کە ڕۆڵی جۆرنالیزم لەو کاتەدا بەرەڤانی بوو لە نێوان جەماوەر و دەستەڵات. کاتێ دەستەڵاتداران دەپەیڤن، جۆرنالیستەکان گوێ دەگرن و زانیارییەکان یادداشت دەکەن و دەگوێزنەوە بۆ خەڵکی. سۆنگەی ئەوە بوو کە جەماوەر نکارن ئەو هەموو زانیارییە فراوانە شیکاری بکەن کە لە بەردەستدایە و سەرقاڵی ژیانی ڕۆژانەی خۆیانن بۆیە پێویستیان بە فیلتەرچی هەیە کە بتوانێ فیلتەری زانیارییەکانیان بۆ بکات.

لە لایەکی ترەوە دوویی فەیلەسووف بڕوادار بوو کە جەماوەر نەك تەنیا دکارێت لە کێشەکانی دەستەڵات تێ بگات، بگرە پێویستە بڕیارەکانیش لە لای جەماوەرە بدرێن. بۆیە جۆرنالیست کارەکەی گەلێ بەرینترە لە گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری و دەبێ بەرهەمی سیاسەتەکان هەڵسەنگێنن و سەرپشك بن لە بەشداری پێکردنی هاوولآتییان. ئەم تیۆرییە دواتر بە جۆرنالیزمی کۆمیونێتی ناسرا. کە لەم مۆدێلەدا جۆرنالیستەکان دکارن جەماوەر و پسپۆڕ و دەستەڵات بدوێنن. ئێستا ئەم چەمکەی جۆرنالیزم باوەڕپێکراوترە لە لای جەماوەرەوە و بڕوادارن کە دەبێ ڕۆڵی جۆرنالیست چاودێری دامەزراوەکانی حکوومەت بێ بۆ ئەوەی خەڵکی بکارن بڕیاری ئاگایانە بۆ کێشەکان بدەن.

رۆبێرت ماکچسنی[١] لە ڕۆژنامەی لۆس ئانجلیس تایمزدا دەڵێ: "هەروەك جێفرسۆن و مادیسۆن ئاماژەیان پێکردووە، تاکو سەرجەم هاووڵاتییان بە سانایی دەستیان نەگاتە ئەو زانیارییەی کە لە بەردەستی ئەریستۆکرات و زەنگینەکانی کۆمەڵگەیە، خۆبەڕێوەبەریی -Self-governing- نامومکینە".

ئەتموسفەری کاری ڕۆژنامەڤانی بۆ جێکەوتبوونی بناغەی ڕۆژنامەنووسیی ڕاستەقینە زۆر گرینگە . سیستمی دەسەڵات دەشێ ئازادییەکانی ڕۆژنامەڤانی پاوەن بکات؛ یان ببەستێیتەوە بە ئامانج و مەبەستەکانی حوکمرانییەوە. شێوازی ڕەفتاری دەسەڵات کار دەکاتە سەر ئازادیی ڕۆژنامەڤانی و ڕاگەیاندن. ئەگەر ڕۆژنامەڤانی قۆرخ کراو و لە ژێر کۆنترۆڵی حکوومەتدا بێت، بە دەگمەن ڕاستییەکانی ناو کۆمەڵگە و سیاسەت ئاشکرا دەکرێن. ئەو نووسەرانەش کە هەوڵ دەدەن لەو قالبە دیاریکراو و داتاشراوانە خۆ ڕزگار بکەن، بە زەبری تووشی وەڵامدانەوە و ڕەخنە و هەندێ جاریش گرفتاری دەمکوتکردن و زیندان و کوشتن دەبن. ئەم جۆرە ڕۆژنامانەش کە دەمێنن بریتین لەوانەی تەنێ کار دەکەن بۆ گەیاندنی دەنگی ناڕاست و دڵخوازی دەسەڵات و شێواندنی ڕاستییەکان.

مرۆڤ بە ورد خوێندنەوەی ڕۆژنامەکان و ڕامان لە میدیای وڵاتێك دەتوانێت تا ڕادەیەك پەی بە سیستمی دەسەڵاتی ئەو وڵاتە ببات و بزانێ کە ئازادیی ڕۆژنامەڤانی تا چ ڕادەیەك دەستەبەر کراوە. ئایا مەودای ئازادییەکان کراوەیە یان کۆنترۆڵکراوە. ئایا دیموکراسی و ئازادییەکانی تاك و کۆمەڵ دەستەبەرە یان قۆرخ. بۆ نموونە ئەگەر بڕوانینە ڕۆژنامەکانی دەورانی دیکتاتۆریی ئەورووپا و بلوکی سۆشیالیستی، یان حزبی بەعس، دەبینین کە خڕ ئازادییەکان بە دەسەڵاتی ناوەند بەسترابوونەوە و هەمووی لە پێناوی خزمەتکردن بووە بە حکوومەت و سەرکردایەتیی پارتی حوکمڕان و تەنێ دەنگ و ڕەنگ و بەرژەوەندیی تاکەکانی ئەوانی دەگوێزایەوە.

پرسی جۆرنالیزم و دیموکراسیی کێشەیەکی نێونەتەوەییە و ئاستەمە چارەسەر بکرێت بەو مۆدێلە سیستمە دیکتاتۆرییانەی کە ئێستا باون لە جیهاندا.

(1) - Robert W. McChesney, in Los Angeles Times op-ed.

چونکە جۆرنالیزمی ئازاد بە مەترسی دەزانن لەسەر ڕووخانی حکوومەتەکەیان. بۆ نموونە لەم ڕۆژانەدا کێشەی کۆمپانیای گووگڵ و چین ڕووپەڕی ڕۆژنامەکانی داگیر کردووە. ئەم کیشەیە لەبەر سانسۆر و کۆنترۆڵی زانیاریی پێویست لە لایەن حکوومەتی چینەوەیە بۆ هاوولاتییانی. بەرپرسانی گووگڵ تانووکە ئامادە نەبوونە لەبەر ئازادیی میدیا و مافی مرۆڤ گویڕایەڵی حکوومەتی چین بن، بۆیە ئەگەری زۆر هەیە کە کۆمپانیا زەبەلاحەکەی گووگڵ چین بەجێ بهێڵی. ئەمە نموونەیەکی ئاشکرایە کە دەسەلمێنێ هێشتا لە زۆر ولاتدا ڕاگەیاندن قۆرخ یان سانسۆر دەکرێت. بە تایبەت لە ولاتە دیکتاتۆرییەکاندا جۆرنالیزمی ڕاستەقینە بەردەوام سانسۆر دەکرێت و ئەوەش کە دەمێنێ ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونی تۆتالیتاریستیانەی ئەوانەیە. کە واتە لەو جۆرە سیستمانە جەغزای ڕۆشنبیریی و سیاسی و ڕۆژنامەڤانی پێوەستە بە سیاسەت و یاساکانی حزب و حکوومەتی دەستەلاتدار.

بە پێچەوانەوە لە ولاتانی دیموکراسیدا ڕەوتی رۆژنامەڤانی لە جەماوەرەوەیە بۆ دەستەلات و دەستەمۆ نەکراوە. میدیا ڕۆڵی دەستەلاتی چوارەم دەگێڕی و یارمەتیدەرە لە چارەسەری کێشە و ئاریشەی هاوولاتییان و حکوومەت بەرەو ئاراستەی خزمەتکردن بە خەڵك دەبات، نەك تەنیا ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی بەرپرسان و داکۆکی لێیان. میدیا کار دەکات بۆ وروژاندنی بابەتە هەستیار و گرینگەکان نەك جوینەوەی وتەکانی سەرکردەکان. لە ولاتانی دیموکراسیدا میدیا دژایەتی دەسەلات ناکات، بگرە لەو شوێنانە دژ بەدەستەلاتە کە یاسای شکاندبێت یان مافی خەڵکی زەوت کردبێ، کە واتا پتر ڕۆڵی چاودێر دەگێڕێ و لە ئاستێکی زۆر بەرز تاکو خوارەوەی هەرەمی دەستەلات، ئاگەداری ڕەفتار و هەڵسوکەوتی لێپرسراوانە و ڕۆڵێکی زۆر ئەکتیڤ و پیرۆز دەگێڕێت بەپێچەوانەی ولاتە نادیموکراسی و نیمچە دیموکراسییەکاندا کە ڕۆلێکی نەرینی دەگێڕێ؛ یانیش لە ناو کۆشی دەسەلاتدا نەشونوما دەکات.

میدیا چاوی خەڵکە لە ناو دەستەلاتدا و کاتێك ئەم دیدە نابینا بکرێ یان چاویلکەی درۆیینیان بۆ بکەن کارەسات دەقەومێ. چونکە خەڵکی لە ڕاستیی

ڕووداوەکان بێ ئاگا دەمێنن و یان ڕاستیەکان چەواشە دەکرێن. دیکتاتۆر و سیستمە تۆتالیتاریستەکان هەوڵ دەدەن کە ئەو چاوانە ببەستن و تەنیا ئەو دیمەنە دەستکردانە بخەنە بەرچاوی خەڵك کە دەستەڵات ئارەزومەندە. بۆیە لە کڕین و دانوستان دەبن لەگەڵ ڕۆژنامەڤانانی خاوەن ئاکار و ویژدان؛ ئەگەریش بۆیان نەلوا، بە شێوازگەلی جۆراوجۆر و باو دەمکووتیان دەکەن یان لە ناویان دەبەن. ئەز بڕوادارم میدیا کۆنترۆڵی هزر و هەست و سۆز و هوشیاریی و ڕۆشنبیریی جەماوەرە و بە ئاگایان دێنێ لە مافەکانیان و هوشدارییان پێ دەدات لە کاتی زەوتکردنیان یان سەرپێچی بەرپرسان و کەموکورتییەکانی حکوومەت. بۆیە دیموکراسی و ئازادیی بۆ وڵاتێ لە میدیاوە دەست پێ دەکات. ئەگەر میدیا لە کەشێکی ئازاد و لەباردا گەشە نەکات دەبێتە مایەی چەواشەگەریی و دەکرێ زیانەکانی پتر بن لە سوودەکانی.

## جۆرنالیزم و ئەدەب

سیریل کۆننالی - Cyril Connoly - گەورە نووسەر و ڕەخنەگری بەریتانیایی دەڵێ[1]: " ئەدەب هونەری نووسینی بابەتێکە کە دوو جار دەخوێندرێتەوە، لە کاتێکدا بابەتی جۆرنالیزم تەنیا یەك جار! ". ئەگەر چی هەردووکیان تا ڕادەیێ پێوەستن بە کاری فیکریی و نووسینەوە، وەلێ جیاوازییەکی بەرجەستە هەیە لە نێوان ئەدەب و جۆرنالیزمەوە . جۆرنالیزم گێڕانەوەی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی واقیعی ژیانە وەك خۆی و بێ پێچ و پەنا، وەلێ ئەدەب خولقاندنی پارچەیەکی ئەدەبییە تژی لە فانتازیی و خەیاڵ و هەست و سۆزەوە و هەندێ جاریش دوور لە ڕاستی و نەریتە باوەکان.

ئەدەب ژانەکانی کۆمەڵ وێنا دەکات و بە ڕەوشێکی زۆر جوان و پاك و بێگەردەوە دەیگەیەنێتە خوێنەرانی، لێ جۆرنالیزم ڕووداوەکان وەك خۆی دەخاتە پێش چاوی خوێنەران. لە ئەدەب پانتاییی بیر و هزر زۆر فراوان و بێکۆتایە، بیریار یان نووسەر دەتوانێ لەسەر بابەتێك، ڕووداوێ چەندین لاپەڕە بنووسێ و لە ئاقاری بێ سنووری ئەفراندن ئەسپی لقاونەکراوی خۆی بتازێنێ، بەڵام لە جۆرنالیزم سنووردارە و ناتوانێ بێجگە لەوەی دەیبینێ بگێڕێتەوە یان بیروبۆچوونی خۆی تێکەڵ بە ڕووداوەکان بکات.

لە ئەدەبدا سنووری کات بوونی نییە، شاعیر دەتوانێ لە بێکاتیدا بمینێ و ئەو بابەتەش کە دەنووسێ نەمرە، لێ کات گرینگترین ئامرازی جۆرنالیستە و بە بێ کات هەواڵەکان بێ واتا دەبن. ئەگەر حەفتەیێ بەسەر هەواڵێ تێپەڕی ئیتر کۆن دەبێ و گرینگیی خۆی لە دەست دەدات.

خوڵقێنەری پارچەیەکی ئەدەبی لە ناو ژوورەکەیدا بێ ئەوەی دەرکەوێ، دەتوانێ تیشکی بیری بۆ هەموو کون و کەلەبەرێکی جیهاندا ڕابکشێ و کەرەستەکانی پێویست بدۆزێتەوە بۆ خولقاندنی جوانترین پارچەی ئەدەبی، وەلێ جۆرنالیست دەبێ ماڵ بۆ ماڵ و شەقام بۆ شەقام تەراتێن بکات بۆ ئەوەی بکارێ

(1) Enemies of Promise 1938.

پێکهاتەکانی هەواڵ وەدەست بخات و سەرەداو یان سەرچاوەیەك بدۆزێتەوە تا بتوانێ بەرهەمی پێشکێش بکات. تەنانەت ژیانیشی بخاتە مەترسییەوە و لە ململانێدا بێ لەگەڵ دەستەڵاتدا.

ئەدەب دەکرێ بە چەندین شێوازی جۆراوجۆری ئەفراندن و گێڕانەوە وەکو سیمبۆلیك، هونەری، ریالیستی و فانتازیی خۆی بنوێنێ لە کاتێکدا جۆرنالیزم ئەگەرچی دەتوانێ خولقاندن بکات لە شێوازی داڕشتن و هۆنینەوە و پێشکێشکردنی بابەتەکانی، وەلێ ناتوانێ هەنگاوەکانی لە سنوورەکانی ریالیزم و حەقیقەتەوە ئەولاتر بهاوێژێ و ئەگەر لەو قالبە دەرچوو، لە ڕاستیی کە بنەمای کاری جۆرنالیزمە دوور دەکەوێتەوە.

## لاگیریی لە جۆرنالیزمدا

لاگیریی لە بواری ڕاگەیاندن و میدیا واتای گواستنەوەی هەواڵەکان دەگەیەنێ بە پێچەوانەی ڕۆڵی هەواڵنێر وەکو گەیێنەری پەیام، بەڵکو هەواڵنێر بە ئەنقەست دەستکاری لە هەواڵەکە دەکات؛ یانیش تێڕوانینی تاکەکەسیی خۆی دەئاخنێتە نێو هەواڵ یان بابەتی ڕۆژنامەڤانی کە دەبێتە هۆی گۆڕینی بیروڕای خەڵك بەو ڕاستایەی کە لە سوودی ئەجێندای ئاشکرا و پەنهانی هەواڵنێرەکەیە. بێلایەنیی میدیا واتای ئەوە دەگەیەنێ کە ڕۆژنامەڤان بتوانێ بە بێ پاڵەپەستۆی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی هەواڵ و ڕاپۆرتاژ و ڕاستییەکانی وەك خۆی بڵاو بکاتەوە بێ ئەوەی دەستکارییان بکات یان پیێ بکەن.

لاگیریی سیاسی لە ڕاگەیاندندا لە سەرەتای دەرچوونی چاپەمەنی لە دایك بووە. لەبەر زۆربوونی تێچووی چاپخانەکان و بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەکان، زۆر جار جۆرنالیزم لە خزمەتی هەندێ گرووپی دەوڵەمەندا بووە. لە لایەکی تریشەوە تەلەفیزیۆن و ڕادیۆ وەکو میکانیزمێکی پرۆپاگەندە بەکار هێنراوە بۆ ئامانجی تاکەکەسی یان سیاسی، پیشەیی و کۆمەڵایەتی.

لاگیریی لە سەرجەم میدیاکانەوە بوونی هەیە تەنانەت لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا کە میدیا بەشێکە لە کەرتی تایبەت و زل کۆمپانیاکانی میدیا بە پێی سوودی خۆیان کارەکانیان هەڵدەسوڕێنن. بۆ نموونە سی ئێن ئێن، فۆکسنیوز، ئەی بی سی ...هتد. خاوەنی ئەجێندای خۆیانن و زۆر جار بەرژەوەندییەکانیان وا دەخوازێت کە پشتگیریی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ؛ یاخۆ دژایەتیی خۆیان بەرامبەر بە کەسێ یان لایەنێ دەرببڕن. ئەو جۆرنالیستانەش کە لەم کۆمپانیانەی میدیادا کار دەکەن پێویستە بە پێی سیاسەتی ئەوانە ڕەفتار بکەن، ئەگینا شوێنیان لەوێ نابێتەوە. لێرەدایە کە جۆرنالیست دەبێ لە نێوان بەرژەوەندیی خوێنەر یان پەیڕەوەوکردنی سیاسەتی کۆمپانیاکەی یەکێکیان هەڵبژێرێ!

تێگەشتن لە زمانی گێڕانەوە و دەربڕینی بیروڕا سەبارەت بە بابەتەکە بۆ تاکەکان جیاوازە و دەبێتە هۆی لێکدانەوەی جیاواز لە هەواڵ و بابەتەکان بە

تایبەت بابەتە شیکارییەکان چونکە بەرداشت و ڕامان لەسەر کێشەکان و هەواڵ و پەیڤەکان سنووری بۆ نییە. بۆیە دەشێ وتەی جیمز برلین(١) "Rhetoric scholar James A. Berlin" کە دەبێژێ: " زمان قەت بێگوناه نییە " تا ڕادەیەك ڕاست بێ و زمان ناتوانێ بێلایەن بێ چونکە دەنگدانەوە و بنەمای دەربڕینی بیروبۆچوون و دیدی جۆرنالیستە. لە ڕۆژنامەڤانیدا، زمان پێگەیێکی گرینگتری هەیە کە بۆ هەواڵوەرگران و بەکارهێنەرانی ئەنجامی زۆر جیدی لێ دەکەوێتەوە. بۆیە پێویستە کە گرینگی بە زمانی ڕۆژنامەگەری بدەن و پەیڤەکانیان بە وریاییەوە گوڵبژێر بکەن. بەکارهێنانی زمان و بژاردنی پەیڤەکان لە سەرجەم بەشەکانی جۆرنالیزمدا گرینگیی تایبەتی هەیە و پێدڤییە لەو پەیڤانەی دەبنە هۆی بەدحاڵێبوون، کەم حاڵێبوون، یان ناحالیبوون، ڕۆژنامەڤان خۆی بپارێزێ. ئەمە هۆکارێکی سەرەکییە کە زۆر لە ڕۆژنامەڤانان دەستەواژەی ساکار بە کار دەبەن.

**دەکرێ لاگیریی لە میدیا دا بەچەند بەشێکەوە پۆلێن بکەین:**

١- **سیاسی** - لاگیریی بۆ پارتێکی سیاسی یان پالێوراوێکی سیاسی یاخۆ سیاسەتی حزب یان دەستەلاتێك.

٢- **ڕەگەزی ، نەتەوەیی** - لاگیریی نەتەوە یان ڕەگەزێکی تایبەت لەو ولاتانەی کە دانیشتوانی مولتی ئەتنیکن یان هاوڕەگەز و هاوولاتین لە ولاتێکی تر.

٣- **ئاینی** - ڕامانی ئاینی بە پێی بیروباوەڕو تیوریی ئاینی بڕواپێکراو.

٤- **هەستگرایی** - **Sensationalism** - واتا وێناکردن و گرینگ ژماردنی هەواڵەکان لە رادەیەکی زۆر بەرزتر لە خۆی بۆ وروژاندنی هەست و سۆزی خەڵکی. یان گرینگی دان بە هەندێ هەواڵی ئاسایی بە مەبەستی وروژاندنی هەست و سۆزی خەڵك.

٥- **چین و توێژەکان** - گرینگی دان بە پۆل یان چین و توێژێکی کۆمەڵ پتر لەوانی تر بۆ نموونە، گرینگی دان بە هەواڵەکانی ئەریستۆکراتەکان پتر تا

(1) http://www.rhetorica.net.

کێشە و ئاریشەکانی چینی هەژار و کەم دەرامەت.

٦- **بازرگانی** - واتا گرینگی دان بە هەواڵی هەندێ کۆمپانیا یان کەرتی تایبەت یان سیاسەتاندنی هەواڵەکانە بۆ سوودی هەندێ کۆمپانیا. هەروەها پڕوپاگەندەکردن بۆ هەندێ کاڵای بازرگانی. لێرەدا میدیا وەکو کەرەستەی بازاڕیابیی لە سوودی سەرمایەدار دەبێ.

**لاگیری هەندی لەم تایبەتمەندییانەی خوارەوە لە خۆ دەگری:**(٢)

- **لاگیری تەواو**: وەکو میدیای حزبیی کە پاڵپشتیی تەواو لە حزبەکەی دەکات.

- **لاگیریی سۆزایەتی و یەکلایەنە:** تەنێ ڕای لایەنێ بئاخنرێتە ناو ڕاپۆرتاژەکەدا و پشتگیریی لێ بکرێ.

- **هەڵبژاردەی ناهاوسەنگ:** تەنێ پەیڤ و ڕای لایەنێ وەربگیرێ بێئەوەی تیشک بخرێتە سەر بیرو ڕای لایەنەکانی تر.

- **ئەنگیزە یان ویستی پێشگیریی لە بڕیارێکی هاوسەنگ:** ڕاپۆرتاژەکە ببێتە کۆسپ بۆ چەسپاندنی یەکسانی و دادپەروەری و دەربڕینی هەمەلایەنە و هاوسەنگ.

- **فەیڤیریتیزم:** داکۆکی لە کەس یان لایەنێ بۆ بەرژەوەندیی تایبەت.

- **بڕیاریی پێشوەخته و تاکەکەسی:** بێ ئەوەی شیکاریی هاوسەنگ لەسەر بابەتەکە کرابێ.

جۆرنالیست بە پێچەوانەی سیاسەتمەداران بە هۆی بەرپرسێتی و ئەرکی ئەخلاقی، نابێ لاگیری بکات بە دەستکاریی هەواڵەکان یان ڕاپۆرتاژی تژی لە لاگیری.

**ئامانجی جۆرنالیست لە دوو خاڵی سەرەکی خۆی دەنوێنێ:**

١- ڕاپەڕاندنی کارەکەی بە پێی ستانداردی ئەخلاقی و بە شێوازی پرۆفشناڵ.

(2) Media Bias Finding it, Fixing it, By Wm. David Sloan and Lisa Mullikin Parcell.

٢- بەرامبەر ئەوانەی هەواڵەکە پێوەستە پێیانەوە بە ویژدانەوە ڕەفتار بکات.

### هەڵسەنگاندنی لاگیری

ئەگەرچی لە جۆرنالیزمدا بە پێچەوانەی چەمکە فەلسەفییەکانەوە، ئایدیۆلوجی دەورێکی زۆر کەمتر دەگێڕێ، وەلێ بە شێوەیەکی گشتی میدیا لەلایەن ڕەخنەگرانەوە بە دەنگێکی یەکگرتووی ڕاسترەو یان چەپڕەو ناسراوە، بە تایبەت کە هەندێ لە ڕۆژنامەکان لە ژێر کاریگەریی حزبە سیاسییەکانەوە نەشوونوما دەکەن. دۆزینەوە و هەڵسەنگاندنی لاڕێیی ڕۆژنامەڤان و ئاشکراکردنی، پێویستی بە هەندی پێوانە هەیە کە هاوولاتییان دکارن بە سوود وەرگرتن لێیان پەی بە ڕاستی و لاگیریی بەرن. هەندێ لەو پرسیارانەی کە بۆ ئاشکراکردنی دکارن بپرسن بریتین لەمانەی خوارەوە:

- پێگەی پیشەیی، کۆمەڵایەتی یان سیاسیی نووسەر چییە؟
- ئایا بابەتی ڕۆژنامەڤانییەکە بە ئاشکرا و ڕاستەوخۆ داکۆکی لە حزبێ، لایەنێ، تاکێ دەکات؟ و دژایەتیی ئەوانی تر؟
- ئایا جۆرنالیست، هەواڵساز یان هەواڵنێر بە گواستنەوەی ئەم هەواڵە دەستکەوتی بۆ خۆی یان کەسێکی تر دەبێ؟
- کێ پارەی پەیامەکە دەدات و لە کوێ پێشان دەدرێت؟ لاگیرییەکە لە کوێیە؟ کێ پێی سوودمەند دەبێ ؟
- چۆن ڕۆژنامەڤان ئەرگیومنتەکانی پێشکێش دەکات؟ ئایا پەیامەکە تاکەلایەنەیە؛ یاخۆ بیروڕاگۆڕینی تریشی تێدایە؟ ئایا پێشکەشکارەکە بە ویژدانەوە مۆڵەت بە بیروبۆچوونەکانی تر دەدات یان ئەرگیومنتە هاودژەکان پشتگوێ دەخات؟
- ئەگەر پەیامەکە تێڕوانینی جیاوازی تری تێدایە، چۆن پێناسە کراون؟ ئایا ڕۆژنامەڤان فاکتەر و دەربڕینی ئەرێنی بۆ خۆی و نەرێنی بۆ بیروڕاکانی تر بەکار دەبات؟

هەندی جار سەرەڕای دەستپاکی و ڕاستبێژیی جۆرنالیست, زۆر جار لاگیریی

لە ڕێی یاسادا دادەسەپێندری بۆ نموونە لەوانەیە بڵاوکردنەوەی زانیاریی ئاسایشی نەتەوەیی، بۆندە سیاسی و تیجارییەکان یان دامەزراوە ئابوورییەکان بە شێوەی یاسایی قەدەغە کرابن تا هەندێ کەس یان لایەن زانیارییەکان بۆ سوودی خۆیان بە کار نەبەن. بۆیە دەشێ ولاتان و ئاژانسەکانی هەواڵ بە پێی یاسا و شێوازی حکوومەت، تا ڕادەیەکی بەرچاو بەشدار بن لە سانسۆر و گۆڕینی دەنگوباس و میدیا و فیلتەری ماڵپەڕەکان و کۆنترۆڵی ڕای گشتی. ئەمەش لە ولاتانی تۆتالیتاریی و دیکتاتۆرییدا پتر باوە.

### ئامرازەکانی هەڵسەنگاندنی لاگیری:

ریچارد ئالان نیلسۆن[٣] "Richard Alan Nelsons - لە کتێبی بەدواداچوونی پڕوپاگەندا بۆ سەرچاوەکەی و ئامرازەکانی هەڵسەنگاندنی لاگیریی لە میدیا – کۆمەڵێك تەکنیك و ئامرازی خسووەتە ژێر باس و لێکۆڵینەوە کە لە ڕێی ئەوانەوە دەکرێ لاگیریی میدیا شرۆڤە بکەین. هەندێ لەوانە بریتیین لە:

١– لە ڕێی ڕاپرسییەوە و بە بەشداریی نوخبەی ڕۆژنامەڤانی یان قووتابیانی جۆرنالیزم، بۆ دیارکردنی بیروباوەڕی سیاسی و کولتووریی ڕۆژنامە و ڕۆژنامەڤانەکانی.

٢– لێکۆڵینەوە لە پێوەندییە پیشەییە پێشووەکانی جۆرنالیست.

٣– کۆکردن و پێداچوونەوەی بابەتەکانی نووسەر بە تایبەت ئەو بەشانەی کە تێیدا بیروڕای خۆی دەربڕیوە لەسەر کێشە یان بابەتێك.

٤– ژمارەی بەکارهێنانی وشەکان و جۆرێتی بەکارهێنانی لە ناوەڕۆکی بابەتەکانی.

٥– لێکۆڵینەوە لەو بابەتانەی کە پشتگیریی لە هەندێ بڕیاری سیاسی یان بیروڕا دەکەن.

٦– بەراوردکردنی ئەجێندای هەواڵ و بابەتەکان لەگەڵ ئەجێندای کاندیدە سیاسییەکان.

---

(3) Tracking Propaganda to the Source: Tools for Analyzing Media Bias.

٧- شرۆڤەکردنی لایەنی ئەرێنیی و نەرێنیی بابەتەکانی نووسەر.

٨- بەراوردی چاڤگەکانی ڕێکلام لەگەڵ بەشەکانی هەواڵ و ڕابواردن.

٩- تێفگرین لە ڕادەی پرۆپاگەندەی حکومی و پەیوەندیی لە سەر کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکان.

١٠- هەڵسەنگاندنی شێوازی بژاردنی وتەبێژان یان پسپۆڕانی بابەتەکان لە لایەن میدیاکەوە و بەراوردیان لەگەڵ ئەوانەی هەڵنەبژێردراون تا بەرژەوەندی یان بیروباوەڕەکانیان پەڕاوێز بخرێن.

١١- هەڵسەنگاندنی سەرچاوەکانی دارایی و مووچەی جۆرنالیستەکان لەلایەن کۆمپانیا یان گرووپ و لایەنێکی سیاسییەوە.

بەم یازدە خاڵە دەکریت بوونی لاگیریی و ڕادەی دیاری بکرێت. هەندێ جاریش لاگیری بێ ئەنقەست و بە بێ ئاگاداری جۆرنالیست ڕوو دەدات و بۆ ئەوەی میدیا سەنگی خۆی لە دەست نەدات، دەبێ هەرچی زووتر ڕاستی بکاتەوە بۆیە ئەم تەکنیکانەی خوارەوە گرینگن بۆ ئەم مەبەستە.

**شێوازەکانی ڕاستکردنەوەی لاگیریی ڕۆژنامەڤانی:**

بە پێی جۆری میدیا و بابەتەکە شێوازگەلی فراوان هەیە بۆ پێشگیری لە لاگیریی ڕۆژنامەڤانی. بۆ نموونە لە بەرنامەکانی تیڤیدا کە مشتومڕ لەسەر بابەتێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی دەکرێ، مێزگرد باشترین چارەسەرە بە مەرجێ ئەندامانی هەردوو لای بیرۆکەکە وەکو یەك و بە بێ چەواشەکاری تێیدا بەشدار بن.

لە بابەتی ڕۆژنامەوانیدا، کاتێ کە ڕاپۆرتاژ لەسەر بابەتێکی هەستیار یان کەسایەتییەك ئامادە دەکرێ، بۆ ئەوەی لاگیریی تێدا ڕوو نەدات، پێویستە جۆرنالیست ڕای هەموو ئەو کەسانە وەربگرێ کە سەرپشکن. ئەگەر تاوانێك خرابێتە پاڵ کەسەکەوە، پێویستە پرس لە کەسەکەش بکرێ و ڕای وەربگیرێ و پاشان جۆرنالیست هەر دوو ڕای جیاواز بۆ خوێنەران بخاتە ڕوو.

تەکنیکێکی تر بۆ پێشگیریی لە لاگیری، ئاشکراکردنی پێوەندییەکانی ئەو کەسەیە کە بابەتەکە لە سەری ئامادەکراوە بۆ ئەوەی بینەران، گوێگران یان خوێنەران لە مەبەستی بەشداربووان تێ بگەن. ئەمە لە هەندێ وڵات یاساییە بە تایبەت لەو بابەتانەی کە دەربارەی بورس و بانقەوەن. زۆر جار کە ڕای نووسەرێك لە ڕۆژنامە یان کۆوارێکدا بڵاو دەبێتەوە، پێدڤییە کە پرۆفایلی نووسەر یان ئەندامێتی لە حزب یان لایەنێ لە گۆشەیەکدا بنووسرێ بۆ ئەوەی خوێنەران بیناسن و ئەنجا بڕیاری کۆتایی بدەن لەسەر ڕەوابوونی بیروبۆچوونەکانی.

لاگیریی کاریگەریی خراپ دەکاتە سەر جۆرنالیست و ئەو دەزگا میدیایەی بۆی کار دەکات، بۆیە لە کاتی بەدیکردنی، زۆر بە جیدیەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێ. لە زۆر کۆمپانیای میدیاییدا ئەو کەسەی کە ناسراوە بە لاگیریی و بە پێچەوانەی سیاسەتی کۆمپانیاکە یان یاسا ڕەفتار دەکات لە کارەکەی لادەبرێت. یەکێ لەو نموونانەی ئەم دواییە "لوو دابس"ە - Lou Dobbs - کە پێشکێشکارێکی کەناڵی سیێ ئێن ئێن بوو و ڕۆژانە بەرنامەیەکی یەك کاتژمێریی تایبەتی بۆ تەرخانکرا بوو کە هەواڵ و دیمانە و ڕاپۆرتاژی لە سەر کێشە هەنووکەییەکان پێشکێشی بینەرانی دەکرد. لەسەر ئەوەی کە لە بەرنامەکانیدا زۆر دژایەتیی خەڵکی پەنابەر و بەتایبەت ئیسپانی دەکرد و هەروەها هەندێ جار بێڕێزی بەرامبەر بە بەرپرسانی حکوومی دەکرد، لە کەناڵەکە دەرکرا، سەرەڕای ئەوەی جۆرنالیستێکی لێ هاتوو و بەتوانا بوو و بۆ چەندین ساڵ خزمەتی کاناڵەکەی کردبوو. لادانی جۆرنالیست لە کارەکەی دەکرێ دوایین هەنگاو بێ بۆ چارەسەری بەردەوامی لاگیریی.

## تایبەتمەندیی جۆرنالیستێکی سەرکەوتوو

لە کاتێکدا کە بە سەدان هەزار جۆرنالیست لە جیهاندا بوونیان هەیە، تەنێ هەندێ لەوانە ناوبانگی جیهانییان پەیدا کردووە. بۆ نموونە کەس نییە کریستیان ئەمانپوور، وۆلف بلیتز و ئەندرسۆن کوپەر و دوکتۆر گوپتا لە سی ئێن ئێن، یان تیم راسێرت لە کانالّی ئەی بی سی و چارلی رۆس لە پی بی ئێس و سەدان نموونەی تر نەناسێ. دەبێ کلیلی سەرکەوتنی ئەمانە چی بێ؟ بێگومان تایبەتمەندییەکی زۆریان دەبێ هەبێ بۆ ئەوەی بتوانن کاریگەری بنوێنن لەسەر زەینی ملیۆنەها کەس لە سەرانسەری جیهاندا.

ڕەنگە لە دیدی نووسەرێکەوە تایبەتمەندیی جۆرنالیستێکی باش و سەرکەوتوو جیاواز بێ تاکو بینەر یان خوێنەرێکەوە. لە وانەیە سەرنووسەری ڕۆژنامەیەك پتر گرینگی بە برواپێکراوەیی بابەتەکە و ئامادەکاریی لە سەرکاتی خۆی بدات، لە کاتێکدا بۆ خوێنەر وێڕای دەستخۆشی لێکردن بۆ ئەم بابەتەی جۆرنالیست ورووژاندوویەتی، ئەخلاق و ڕاستی گرینگتر بن. ئەنجا ئێمە چۆن بکارین بزانین کام لایەنی کاری جۆرنالیست گرینگترە؟ بۆ بەرسڤی ئەم پرسیارە پێدڤییە بزانرێت جۆرنالیست چۆن کار دەکات؟ چۆن هەندێ جار دەگاتە ئەو بڕیار و ئەنجامگیرییانە؟

ئەز بڕوادارم پیشەی سەرەکیی جۆرنالیست، وێناکردنی جۆرنالیستە بە ئاوێنەی دەستەلاّت و کۆمەڵگە تا سەرجەمیان لەو ئاوێنەیەدا بفگرێنە کیماسییەکانییان.

دیڤید راندەل[1] نووسەری کتیبی جۆرنالیستی جیهانی دەبێژێ: ”تەنیا دوو جۆر جۆرنالیست هەیە: جۆرنالیستی باش و جۆرنالیستی خراپ.” بە بۆچوونی دیڤید جۆرنالیست قارەمانە؛ چونکە کارەکەی وا دەخوازێ هەردەم بۆ هەواڵ و زانیاریی نوێ بگەڕێ و لەو شوێنانەی کە خەڵکی لێی سڵ دەکەنەوە، جۆرنالیست بە پەرۆشەوە و زۆر ئازایانە بۆێ دەچێ تا هەواڵ و ڕاستییەکان بگەیەنێتە خەڵکی.

(1) David Randal, The Universal Journalist.

**هەندێ لە تایبەتمەندیی جۆرنالیستی سەرکەوتوو:**

– بتوانێ کەرەستەی هەواڵی باش هەڵسەنگێنێ.

– ئەو داستانانە بدۆزێتەوە کە خەڵکی بەرەو ڕووی خۆی ڕاکێش بکەن.

– توانایی دواندنی خەڵکی هەبێ بۆ گێڕانەوەی ئەزموونەکانیان بەرامبەر ڕووداوەکان.

– توانایی یاداشتکردنی بەلەز هەبێ.

– پشوودرێژ بێ و بتوانێ کاری دژوار و درێژخایەن بەڕێوەبەرێ.

– دەستی نووسینی باش بێ و شارەزایی تەواوی لە سەر ڕێزمانی زمانەکەدا هەبێ.

– لە کاتی خۆی ئامادە بێ بۆ گوزارشتەکان.

– نهێنی پارێز و بڕوا پێکراو بێ.

– دەستپاک بێ لە خەرجییەکانیدا.

ئانۆن –Anon– دەڵێ: ″تاکەکان و کۆمپانیاکان خاوەنی ڕۆژنامەکانن، بەڵام ئازادیی ڕۆژنامەگەری موڵکی خەڵکە.″

بڕیاردان لەسەر ئەوەی دەبێ دڵسۆزیی و وەفای جۆرنالیست بۆ کێ بێ زۆر گرینگە بۆ خۆساخکردنەوەی جۆرنالیست. لە کاری ڕۆژنامەگەرییدا، پێکدادانی بەرژەوەندییەکان بە چەندین بیچم و شێواز بوونیان هەیە. بۆ نموونە جۆرنالیست مووچەخۆری کۆمپانیایەکە و بەرپرسێتی هەیە بەرامبەر بە خاوەن کارەکەی و هەروەها بەرامبەر بە جەماوەریش بەرپرسە. جۆرنالیست سەرپشکە کە کام بڕیار و لایەن پەسەند بکات: خوینەر یان خاوەن کۆمپانیایانیش بەرژەوەندییەکانی تری یان هەموویان؟ بەرپرسێتیی جۆرنالیست بەم شێوازەی خوارەوەیە:

**خوێنەر:**

هێشتنەوەی بڕوا لەگەڵ خوێنەران واتە دەستەبەرکردنی زانیاری و هەواڵی ڕاست و دروست بە شێوازێکی ڕاستبێژانە و لەسەر کاتی خۆی.

**سەرنووسەر:**

بەرپرسێتی جۆرنالیست بەرامبەر بە سەرنووسەر، سەرپرشیاری گشتی یان خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەکە، دۆزینەوەی ئەو هەواڵ و بابەتانەیە کە کێشەیان بۆ چێ نەکات و خوشحالیان بکات کە ئەمەش گرینگە بۆ بەرقەراربوونی کاری جۆرنالیست و وەرگرتنی مووچە و پاداش و ئیمکانیاتی تر. بۆ ژمارەیەکی زۆری جۆرنالیست ئەم جۆرە دڵسۆزییە گرینگترە لە خوێنەران، چونکە بەرپرسی ڕۆژنامەکە زامەنی هەبوونی کاری بەردەوامە بۆ جۆرنالیست.

**خاوەن ئیمیاز:**

خاوەن ئیمتیازەکان بێجگە لە سۆنگەی تاکەکەسی، پیشەیی یان سیاسی کە بووەتە هۆکاری دامەزراندنی ڕۆژنامەکە، پێداگری دەکەن لە پترکردنی ژمارەی تیراژ و ڕازیکردنی ڕێکلامکەران و وەدەستخستنی دەستکەوتی مادی پتر.

**خاوەن ڕێکلام:**

لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا، بە پێچەوانەی ڕۆژنامەکانی کوردستان، ڕیکلام سەرچاوەی سەرەکیی داهاتە بۆ ڕۆژنامەکان و بەشێکی زۆری داهاتی ڕۆژنامەکان لەسەر ڕێکلامە. خاوەن ڕێکلامەکان پارەیەکی زۆر تەرخان دەکەن بۆ بڵاوکردنی ڕێکلامەکانیان لە ڕۆژنامە و گۆڤارە پرخوێنەرەکاندا. ئەو جۆرە بابەتانەی کە کاریگەریی نەرێنی بەسەر بەرهەمەکانیان بکات بێگومان تووڕەیان دەکات و مومکینە ڕێکلامەکانیان بگوێزنەوە بۆ شوێنێکی تر، ئەمە کار دەکاتە سەر داهاتی ڕۆژنامەکە و هەندێ جار سەرنووسەر ناچار دەکات کە گۆڕانکاری لە ڕۆژنامەکەدا بکات و ڕەنگە جۆرنالیست لێی زەرەرمەند ببێ.

جۆرنالیست سەرپشکە کام لایەن و سەنگەر هەڵدەبژێرێ، وەلێ دەبێ قەت لە بیر نەکات کە ئەرکی سەرەکیی دۆزینەوەی ڕاستییەکانە و ئەگەر لە نێوان پیشەکەی و ڕاستیدا پێویستە یەکێکیان هەڵبژێرێ، بێگومان ڕاستی لە پێشەوەیە، ئەگینا جۆنالیزم بە بێ ڕاستی بێ واتایە.

# جۆرەکانی جۆرنالیزم

هەڵبەت لەم کتێبەدا دیاریکردنی سەرجەم جەنەرەکانی جۆرنالیزم و پیاچوونەوەیان، کارێکی ناموکینە و بگرە پێویستی بە چەندین کتێبە تا بکارین بە تێر و تەسەلی باسییان بکەین. لێرەدا تەنیا دەچمە سەر باسی ڕۆژنامەڤانی چاپ و تا ڕادەیەکیش جۆرنالیزمی ئەلکترۆنییەوە و مەودا نییە تیشک بخەمە سەر ڕەهەندەکانی تری جۆرنالیزم.

ئەڤرۆکە جۆرنالیزم لە بیچمی کلاسیکی خۆی دەرچووە و چەندین بواری پسپۆڕێتیی لێ جیابووەتەوە. ڕۆژنامەڤان دکارێت وەکو کاری پیشەیی لە ڕۆژنامەیەکی ئەهلییەوە دەست پێبکات و بە سەر پلیکانی جۆرنالیزمدا سەرکەوێ و بگاتە بواری پسپۆڕێتی لە گۆڤارێکی بەناوبانگ و پرخوێنەر و ببێتە جۆرنالیستێکی لێهاتوو یان ستوننووسێکی کارامە. تایبەتمەندیی جۆرنالیستیکی باش ئەوەیە کە بتوانێ خۆی لە هەموو بوارەکاندا ڕابێنێ و گەر پێویست بوو بشێ لە کارەکانیدا جێگۆڕکێ بکات و بۆیە پێویستە ئاشنا بێ بە سەرجەم جەنەرەکان و تەکنیکەکانی ڕاگەیاندن. چی ڕاگەیاندنی کلاسیك و چی ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنیی و پێشکەوتوو؛ چی دیمانە بێ یان ڕاپۆرتاژ یان بێژەر یان ستوننووس.

بە شێوەیەکی گشتی جۆرنالیزم بە هەموو لق و پۆپەکانی، دابەش دەکرێتە سەر سێ بەشی سەرەکییەوە:

١– جۆرنالیزمی چاپ ( ڕۆژنامە و گۆڤار )

٢– جۆرنالیزمی برۆدکاست ( ڕادیۆ و تیڤی)

٣– جۆرنالیزمی ئەلکترۆنی ( ماڵپەڕ)

### جۆرەکانی جۆرنالیزم:

جۆرەکانی جۆرنالیزم دەکرێ بەم شێوەیە پۆلێن بکەین:

- ڕۆژنامەی ئەهلی و نەتەوەیی
- ئاژانسەکانی هەواڵی ئەهلی و نەتەوەیی
- جۆرنالیزمی فریلانس و نافەرمی
- کۆوار و هەفتەنامە و مانگنامەکان
- چاپی کتێب
- پێوەندیی میدیایی و گشتی
- ڕادیۆ و تیڤی
- میدیای ئەلکترۆنی

### جۆرنالیزمی چاپ

دەکرێ ناوەڕۆکی ڕۆژنامەکان دابەشینە سەر چوار بەشەوە:

١– هەواڵ

٢– بابەت و فیچەر

٣– بیروڕا وەکو بابەتی سەرنووسەر

٤– تێبینی، نامە بۆ نووسەر، هەڵسەنگاندن، ستون، ڕیکلام

### جۆرنالیزمی ئەلکترۆنی:

جۆرنالیزمی ئەلکترۆنی واتە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و نووسین لە ڕێی پێگەی ئینترنێتەوە. جۆرنالیزمی ئەلکترۆنی زۆر خێراتر لە جۆرەکانی تر و بە سوود وەرگرتن لە تەکنۆلۆجیای زانیاریی، پێشکەوتنی جۆراوجۆری خولقاندووە بە ئاستێ کە میدیای کلاسیکی ناچار کردووە کە بۆ مانەوەی ڕوو بکاتە هەردوو

بواری چاپ و ئەلکترۆنی. میدیای ئەلکترۆنی پانتاییی ئینترنێتی داگرتووە بە ڕادەیەکی ئێجگار فراوان کە خۆی وەکو داهاتووی جۆرنالیزم دەناسێنێت. ژمارەیەکی زۆر ماڵپەڕ و ڕۆژنامەی کوردی دەرکەوتوون کە بە تەکنیك و دیزاینی نوێی و سەردەمیانە هاتوونەتە ناو گۆڕەپانی جۆرنالیزمی ئەلکترۆنییەوە.



ساقی بارزانی (٥)

## جۆرنالیزمی پەخش (برۆدکاست)

برۆدکاستینگ واتە: پەخشی شەپۆلی ڤیدیۆ و/یا دەنگ بۆ گەیاندنی بەرنامەکانی تیڤی یان ڕادیۆ بۆ بینەران و بیسەران. سنووری پەخشەکە دەکرێ بچووك یان گەورە، گشتی یان بۆ گرووپێکی دیاریکراو، بۆ هەرێمێك، وڵاتێکی تایبەت یان سەرانسەری جیهان بێ. برۆدکاست یان پەخش لە ڕێی تەکنولۆجیای پێشکەوتوو، میدیا و هەواڵ و دەنگ و ڤیدیۆ دەگوێزێتەوە. بە گشتی واژەی برۆدکاست واتای پەخشی سەرانسەریی ڕادیۆ یان تەلەفیزیۆن دەگەیەنێت لە ڕێی شەپۆلەکانەوە.

لێرەدا مەبەستم نییە کە برۆمە ناو قووڵایی تەکنۆلۆجیای پەخشی شەپۆلەوە و باس لە تەکنیك و ناوەڕۆك و بەشەکان و پسپۆڕێتییە جیاوازەکانی بکەم. چونکە ئەوەیان زۆر بەربڵاوە و نکارم لە دوتۆی ئەم کتێبەدا بە تێر و تەسەلی باس بکەم، وەلێ حەزم دەکرد ئاماژە بە هەندێ زانیاریی گرنگی پێوەندیدار بکەم.

وێڕای جۆرە جیاوازەکانی، جۆرنالیزمی پەخش دوو جۆری سەرەکی هەیە:

- ڕاستەوخۆ
- ناڕاستەوخۆ

بە پێچەوانەی میدیای چاپ، هەندێ لە کارەکانی جۆرنالیزمی پەخش بە شێوازی ڕاستەوخۆ دەکرێ و کاتی ئامادەکاریی سنووردارە، بەڵام لە میدیای چاپ، بەر لە بڵاوکردنەوەی بابەت یان هەواڵێ، نووسەر مەودای بیرکردنەوە و پێداچوونەوەی پتری هەیە.

بەڵگەنەویستە هنووکە تیڤی کاریگەرترین ئامرازە لەسەر خڕ چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا کاریگەری دەنوێنێ و لەگەڵ پەرەسەندنی تەکنۆلۆجیا، میدیا و ڕاگەیاندن و پرۆگرامەکانی تیڤیش پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیانەوە بینیوە و سیستمی جۆراوجۆری پێشکەوتووتر چێکراون کە لەسەر خێراییی ڕاگەیاندن و جۆرێتی و چەندایەتیی ڕاگەیاندن کاریگەرن. بۆ نموونە ئێستا لە زۆر وڵاتی

جیهاندا سیستمی دیجیتاڵی پیادە کراوە کە بەشداربووانی بە پارەیەکی مانگانە دەتوانن بە کوالێتیی زۆر نایاب، ڕۆژانە کەناڵگەلێکی وەکو کەناڵی فیلم و هەواڵی و مێژوویی، وەرزشی و تەندروستی و حکوومی و ...هتد ببینن. ئەم جۆرە خزمەتگوزارییە بە دیجیتاڵ برۆدکاست ناسراوە و لە ئەمەریکا بە سێ شێوە دەخرێتە بەردەم بەشداربووانی:

**مانگی دەستکرد** (**Satellite - Dish**): ئەم جۆرەیان لە ڕێی ناردنی سیگناڵەوە بۆ تۆڕی مانگی دەستکرد زانیاری دەگوێزێتەوە.

**تەل** (**Cable**): ئەمەیان لە ڕێی کابڵ، زانیاریی دەگوێزێتەوە بۆماڵەکان و کۆمپانیاکان.... بۆ نموونە کۆمپانیاکانی کابڵ.

**بێتەل** (**Wireless**): ئەمەیان لە ڕێی ترانسمیتەر(ئامرازی ناردنی سیگناڵ) لە سەر زەوییەوە زانیاری دەگوێزێتەوە.

**ستانداردی برۆدکاست:**

(NTSC - National Television System Committee): ئەمەیان ستانداردی وڵاتانی باکوری ئەمەریکایە کە لەم ماوەیەدا گۆڕی بە - TV DTV (Digital).

(PAL-Phase Alternating Line): ستانداردی کۆنە کە لەساڵانی ١٩٦٠ەکانەوە هاتە کایەوە و پتر لە ئەوروپا بەکار دی.

(SECAM - Sequential Couleur avec Memoire): ئەمەیان ستانداردی تەلەفیزیونە لە فەرەنسە و ئەوروپای خۆرئاوا و هەندێ وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەکار دێت.

**هەندی لە کارەکانی بواری جۆرنالیزمی پەخش**

**وێنەگر** (**Camera Operator**): ئەو کەسەیە کە بە کامێرای ڤیدیۆ یان تەلەفزیۆنی فیلمی بەرنامە دەگرێ وەکو، ئاڵقەی فیلم، پرۆگرامی ناو ستادیۆ، بۆنە وەرزشی و هەواڵییەکان، موسیقای ڤیدیۆ، داکومێنتەری، پۆلی ڕاهێنان یان

بۆنەی تایبەتی و هەروەها هەندێ جاریش کاری گۆڕانکاریی ڤیدیۆیی دەکات.

**بەرپرسی ژووری کۆنترۆڵ (Master Control Operator– یان Master control engineer)**: کۆنترۆڵ یان چاودێریی ئامرازەکانی پەخشی تەلەفیزیۆن دەکات یان دایان دەمەزرێنێ بۆ ناردنی بەرنامەکانی تەلەفیزیۆن و ناوبڕەکان بۆ بینەران.

**گۆڕانکار (Editor):** بە شێوەیەکی گشتی گۆڕانکار ئەو کەسەیە کە پێداچوونەوە دەکات لە نووسین و کلیپ و ڤیدیۆ و دەنگی پرۆگرامەکان و بەرپرسە لە گۆڕانکاریی بابەتەکانی بلاوکردنەوە. لە بواری تەلەفیزیۆن و سینەمادا لە پرۆگرامی کۆمپیوتەر کەڵك وەردەگرێت وەکو: Avid یان Final Cut Pro یان After Effects... هتد.

**کەسی سەرهێڵ (On-Air Talent):** بەو کەسە دەڵێن کە بە شێوازی زیندوو یاخۆ تۆمارکراو، نووسراو یان نەنوسراو، بکارێت بە دروستی و ڕۆشنی ڕاپۆرتاژ پێشکێش بکات. پتر ئەو جۆرنالیستانە دەگرێتەوە کە لە شوێنی ڕووداوەکان، هەواڵەکان دەگوێزنەوە بۆ ناو ستودیۆ.

**جۆرنالیستی ڕابواردن (Entertainment Reporters):** بەو جۆرنالیستە دەڵێن کە هەواڵ و پرۆگرامەکانی ڕابواردن دەگوێزێتەوە.

**جۆرنالیستی وەرزشی (Sports Broadcasts)**: بەو جۆرنالیستە دەڵێن کە لە بواری گواستنەوەی هەواڵە وەرزشییەکان شارەزایی هەیە و پتر لە کەناڵە وەرزشییەکاندا کار دەکات.

**هەواڵنووس (News Writer)**: بەو جۆرنالیستە دەڵێن کە هەواڵەکان کۆدەکاتەوە و بۆ تەلەفیزیۆن یان گۆڤار و ڕۆژنامەکان دەنووسێتەوە.

**بەرهەمهێنەر(Producer)**: ئەو کەسەیە کە سەرچاوەی مادیی بۆ فیلم یان پرۆگرامی تەلەفیزیۆن دەدۆزێتەوە و چاودێری تۆمارکردنی دەکات.

**بەرپرسی ناوستودیۆ (Floor Director)**: ئەو کەسەیە کە بێژەران یان پێشکێشکارانی بەرنامەکان ئاگەدار دەکاتەوە تا لە کاتی پێویست بڕوانن کامێراکان.

**بەرهەمهێنەری دەرەوە** (**Field producer**): لەگەڵ جۆرنالیستەکاندا دەچێتە شوێنی ڕووداوەکان و هەماهەنگی دەکات لە نێوان جۆرنالیست و کامێرامان و بنکەکانی گواستنەوەدا.

**یارمەتیدەری بەرهەمهێنان** (**production assistant**): ئەندامانی دەستەی فیلم گرتنن کە بە گشتیی یارمەتیدەری بەرهەمهێنانن. کارەکانیان جۆراوجۆرە بۆ نموونە ئامادەکردنی خواردەمەنی، هاتوچۆ، ڕاپەڕاندنی کاری ئەندامانی گرووپی بەرهەمهێنان.

**پێشکێشکار**( **Anchor**): ئەو جۆرنالیستەیە کە هەواڵەکان دەخوێنێتەوە، یان پێناسەی راپۆرتی جۆرنالیستەکانی تر دەکات.

**پێشکێشکاری هەواڵی ترافیك** (**TV Traffic Reporter**): ئەو جۆرنالیستەیە کە دەنگوباسی قەرەباڵغی ترومبێڵ لەسەر شەقامەکان و ترافیك پێشکێش دەکات. پێویستە بێجگە لە زانیاریی جۆرنالیستی، شارەزاییی شەقامەکان و نەخشەرێکانی شارەکە بێت و هەروەها تەکنۆلۆجیای پێویست بەکار بهێنێ بۆ خێرا وەرگرتنی هەواڵەکان و گواستنەوەیان بۆ خەڵکی. لە ئەمەریکا لەبەر هەبوونی کامێرای ترافیك لە زۆربەی شەقامەکاندا، کۆکردنەوەی زانیاری بۆ ئەم جۆرە جۆرنالیستانە ئاسانکاریی کراوە. هەروەها خەڵکیش دەشێن لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە ئەو کامێرایانە ببینن.

**لێخوڕی ترومبێڵی سەتەلایت** (**Satellite Truck Operators**): لێخوڕ و بەکارهێنەری ترومبێڵی سەتەلایتە. ئەو ئۆتۆمۆبێلەیە کە دیشێکی مەزنی لەسەرە و دەتوانێ بە شێوەی ڕاستەوخۆ بەرنامەکان بگوێزێتەوە بۆ بنکە یان بۆ بینەران.

**بەرهەمهێنانی ڤیدیۆیی** (**Video Production**): واتە پرۆسەی تۆمارکردن، گۆرانی دەنگ و ڤیدیۆ بۆ سەر دیسك یان میدیای تر.

## جۆرنالیزمی ئەلکترۆنی

ڕاستییەکی نکۆڵینەکراوە کە ئەڤرۆکە ئینترنێت، چەشنی تیڤی، کاریگەرییەکی زۆر مەزنی کردووەتە سەر میدیا و ڕاگەیاندن و خوێندن و بوارەکانی تری زانستی و هەروەها هەموو چین و توێژ و تەمەنێکەوە. ئەڤرۆ لە منداڵێکی گچکەوە بگرە تا بەساڵاچوویێکی تەمەندار، ڕۆژانە ڕوو دەکەنە سەر ئینترنێت و سەردانی ماڵپەڕی ڕەنگاوڕەنگ دەکەن بۆ وەرگرتنی زانیاریی پێویست. کەس نکارێت ئەو پانتاییە فراوانەی ئینترنێت خولقاندوویەتی و ئەو تۆڕە زەبەلاحە پێوەندییەی کە بەرهەمهێناوە و ئەم جیهانە مەزنەی کردووە بە لادێیەکی ئەلکترۆنی نادیدە بگرێ کە تژییە لە بانکی زانیاریی و کتێبخانەی ئەلکترۆنی و ئاژانسی هەواڵ و دەنگوباس و زانیاریی زانستی لە سەرجەم بوارەکاندا کە خزمەتی بە سەرجەم جیهانییانی گەیاندووە.

هێزی فراوانی ئینترنێت بە ئامیتەی وێنە و ڤیدیۆ و دەنگ و نووسین و توانای ئینترەکتیڤیتی (Interactivity)، گۆڕانکارییەکی پڕواتای لە ڕاگەیاندنی گشتی لە پاش تەلەفیزیۆن چێ کردووە. تیکەڵاوی ئەم میدیایانە کە واتای مولتیمیدیا دەگەیەنێ، هاتووەتە نێو سەرجەم بوارەکانی ژیانی مرۆڤ و ڕۆژانە لە پێشکەفتندایە. میدیای ئەلکترۆنی جیهانێکی دیجیتاڵییە کە دەمانبەستێتەوە بە دوورترین خاڵەکانی سەر ئەم زەوییە. تەنیا بە کرتەیێ دەتوانی بچیتە سەر ماڵپەڕی هەواڵەکان و زانیاریی پێویست وەرگری. تەکنۆلۆجیایەکی زۆر پێشکەوتوو دەروازەی بۆ میدیای ئەلکترۆنی ئاوەڵا کردووە و ڕۆژ بە ڕۆژ ئەم میدیایە دەوڵەمەندتر دەکات لە کڕین و فرۆشتنەوە بگرە تا هونەر و و ڕابواردن و ڕادیۆ و تیڤی و ڤیدیۆ و هەواڵ و گۆڤار و ...هتد. جۆرنالیستی پرۆفشنال و سەرکەفتیش پێدڤییە لەم گۆڕانکارییانە بێ ئاگا نەمینێ و خۆی بەم تەکنیکە نوێیانە ڕابێنێ.

ئینترنێت میدیای ئەلکترۆنیی تووشی وەرچەرخانێکی مێژوویی کردووە و جیهانێکی خولقاند کە سەرجەم تاکەکانی لە ڕێی تۆڕی ئەلکترۆنییەوە دکارن سەردانی ماڵپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤار و بلۆگ و وێبسایتە کۆمەڵایەتییەکان بکەن و

زانیارییی پێویست وەربگرن و بیروڕاكانیان ئاڵوگۆڕ بكەن. خوێنەری ئەلكترۆنی دەستی دەگاتە سەرجەم ڕۆژنامە و بلاڤۆكەكانی وڵاتانی جیهان بە هەموو زمانەكانەوە كە زۆربەشیان بە خۆڕایین، بێ ئەوەی ژوورەكەی خۆی بە جێ بهێڵێ.

**یەكەم ڕۆژنامەی ئەلكترۆنی**

لە ساڵی **١٩٩١** لە پاش چێكردنی پرۆتۆكۆڵی پێوەندیی ئینترنێتی ئێچ تی تی پی، (HyperText Transfer Protocol- HTTP) و زمانی ئینتەرنێت ئێچ تی ئێم ئێل، ( Markup HyperText Language- HTML )، پرۆگرامی گەڕۆك چێ كرا كە دەیتوانی بە پێی پرۆتۆكۆلێكی ستاندارد دامەزراوەكانی پێوەندی زانیاری لە سێرڤەرەكانەوە وەرگرێت و بخاتە سەر شاشەی بەكارهێنەرانی. ئەمە بووە دەسپێكێك بۆ ئەوەی لە مانگی مەی **١٩٩٢** یەكەمین ڕۆژنامەی ئەلكترۆنی بە ناوی "Chicago Online" لە هێڵی ئەمەریكەن ئۆنلاین (AOL) دەست بە كار بێ[١]. پاشان بووە هۆی بەشداربوونی زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەكان لەسەر هێڵی ئینترنێت و هەروەها ژمارەیەكی زۆریش لە ڕێكخراو و سەندیكا و ئاژانسی هەواڵ و تەلەفیزیۆن و ڕادیۆ، زۆر خێرا دەستیان كرد بە سازكردنی ماڵپەڕ و ئاراستەكردنی خزمەتەكانیان بۆ سەرجەم جیهان. بەم شێوەیە لە هەرێمێكی سنووورداری جوگرافیاییەوە گواسترانەوە بۆ گۆڕەپانێكی جیهانی و لە ئەنجامدا ژمارەیەكی زۆری خوێنەر لە مەودایەكی پان وبەرینتر و بە چەندین زمانی جیاوازەوە ڕوویان تێ كرد.

لە جۆرنالیزمی ئەلكترۆنی، شێوازی كار زۆر جیاوازە لە جۆرە كلاسیكییەكانی تر بە هۆی بەكارهێنانی تەكنیكی زانستی و هەڵبژاردنی فۆرماتی هەواڵ و نووسینەكان بە پێی جۆری میدیای ئەلكترۆنی. بۆ نموونە لە جۆرنالیزمی ئەلكترۆنی كاتێ بابەتێك بڵاو دەكرێتەوە، جۆرنالیست پێدڤییە بەرسڤی ئەم پرسیارانە بداتەوە؛ ئایا دەبێ مۆڵەتی وەڵامدانەوە یان پێوەندیكردنی خوێنەران برەخسێنێت؟ واتا ئایا خوێنەران دەتوانن تێبینی یان ڕای خۆیان سەبارەت بە

(١) ماڵپەڕی كۆمپانیای تریبیون– http://www.tribune.com/about/history.html

بابەتەکە دەرببڕن؟ ئایا پێویستە میدیاکە لینك بکرێ بە هاوجۆرەکانی؟ پێویستە لە بەشی ئەرشیف دابنرێ؟ ئەم تایبەتمەندییانە لە جۆرنالیزمی کلاسیکدا نامومکینن.

**دەکرێ جۆرنالیزمی ئەلکترۆنی لەم جۆرە ماڵپەڕانەدا پۆلێن بکەین:**

**ماڵپەڕی هەواڵی کلاسیك**

بە پێی وتەی شوالتز(٢) ئەم چەشنە سایتانە بە گشتی خزمەتگوزاریی هەواڵ پێشکێش دەکەن. زۆربەی ڕۆژنامە ئەلکترۆنییەکان دەکەونە ناو ئەم خانووەدا. هەندێ لەو سایتانە وەکو ڕۆژنامەکانی والستریت جۆرنال، واشینگتون پۆست ئەم خزمەتگوزارییە تەنیا پێشکێش بەوانە دەکەن کە بەشداریی ئابوونەییان هەیە. زۆربەی سایتەکان وێڕای هەواڵ و دەنگوباس، خزمەتگوزاریی جۆراوجۆری تری وەکو بابەتی شیکاری و ڕاوبۆچوون، کار دۆزینەوە، زانیاریی شارەکان و شوێنە توریستییەکان ...هتد. بە خۆڕایی پێشکێش دەکەن بە خوێنەرانیان.

**ماڵپەڕی گەڕان و ڕیزبەندیی**

سایتی گوگڵ، یاهو، بینگ (Google، Bing، Yahoo) یان ئاژانس و کۆمپانیاکانی توێژینەوەی بازاڕیابی جیاوازن لەوەی یەکەم و دەکەونە ناو خانووی گەڕیدەرەکان و ڕیزبەندیی زانیاریی. لەم جۆرە سایتانە لینکی نووسەران وەکو ڕێکلام لە سووچێکی سایتەکە دادەنرێ. لە کاتی کرتەکردن بە سەریان خوێنەر دەگوێزێتەوە بۆ سایتە سەرەکییەکەی بابەتەکەی تێیدا بڵاو بووەتەوە. لەم سایتانەی تایبەت بە گەڕان، زانیارییەکان لەلایەن گروپێکی نووسەر و پسپۆڕ لە بوارە جیاوازەکانەوە هەڵدەسەنگێنرێ و بە پێی مەرجە پێشوەختەکانیان پۆلێن دەکرێن. ئەم جۆرە ماڵپەڕانە خاوەنی بابەت و نووسینی خۆیان نین، بگرە تەنیا لینکی ماڵپەڕ و هەواڵی سایتە جۆرنالیستەکانی تری تێدایە.

**ماڵپەڕی زانیاریی و ڕاگۆڕینەوە**

ئەم جۆرە ماڵپەڕانە بە گشتی سەبارەت بە میدیای هەواڵ و کێشەکانی میدیا و

(2) Schultz, 1999; Jankowski and Van Selm, 2000; Kenney, Gorelik Mwangi, 2000.

ئاڵوگۆڕکردنی ڕا و بیروبۆچوونە. ناوەڕۆکی بابەتەکان پتر لەلایەن ژمارەیەك جۆرنالیستەوە دەنووسرێ و سەبارەت بە نووسینەکانی سایتەکانی تری ڕاگەیاندن یان کێشە گەرماوگەرمەکان دەپەیڤن. زۆر جار ئەم چەشنە جۆرنالیزمە بە "جۆرنالیزم لەسەر جۆرنالیزم" ناوزەت دەکرێ.

## ماڵپەڕی بەشداریی و وتووێژ

جیاوازیی بنەڕەتی لە نێوان مۆدێلەکانی جۆرنالیزمی ئەلکترۆنی پێوەستە بە ناوەڕۆك و بە کارهێنانی تەکنیکەکانی ڕۆژنامەگەرییەوە. یەکێ لە خەسڵەتە گرینگەکانی جۆرنالیزمی ئەلکترۆنی دوواندنی خوێنەر و ڕێخۆشکردنە بۆ دەربڕینی بیر و ڕای خۆی سەبارەت بە بابەتەکانی ڕۆژە. تەکنۆلۆجیای زانیاریی جۆرەها پرۆگرامی پێشکەوتووی بۆ ئەم مەبەستە بەرهەم هێناوە کە لەم چەشنە سایتانە سوودی لێ وەردەگرن. دوو لەو پرۆگرامە ناسراوانە پرۆگرامی "فۆرەم" و "چات" ن کە دەرفەت دەڕەخسێنێ خوێنەر لەسەر بابەت یان کێشەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی یان زانستی...هتد. پرسیار بکات و وەڵامی دەدرێتەوە یاخۆ خۆی وەڵامی پرسیارەکانی بەکارهێنەرانی تر بداتەوە. هەروەها دەکرێ بە شێوازی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەشداربووان چات بکات.

## فۆرمەتەکانی جۆرنالیزمی ئەلکترۆنی

لە بەر جیاوازیی میدیای ئەلکترۆنی، فۆرمەتی نووسین لە جۆرنالیزمی ئەلکترۆنی جیاوازە و پێك هاتووە لە ژمارەیەکی زۆر فۆرمەت و شێواز. هەندێ لەو فۆرم و ئۆبجێکتەکانی میدیای ئەلکترۆنی بەم شێوەیەی خوارەوەن:

| فۆرم | جۆر | تایبەتمەندی |
|---|---|---|
| تێکست | ستاتیك | وەکو تێکستی چاپە. ناگۆڕدرێ یان لاناچێ؛ بەکارهێنەر ناتوانێ بیگۆڕێ. لەوانەیە لە ناو چوارچێوەیەکدا بە شێوەی ستوونی یان ئاسۆیی جووڵە بکات. |

| | | |
|---|---|---|
| تێکست | بزۆك | بەگشتی لە ڕێکلام بەکاردێ وەکو ″ تێکستی بزۆك ″، لەوانەیە لە پاش جووڵە نەمینێ یان بگۆڕێ، دیار بکەوێ و بشادرێتەوە؛ گچکە یان گەورە ببێ. |
| | لینك | شیاوی کرتەیە؛ بەگشتی ڕەنگی جیاوازە لە لینکێکی کرتە نەکراو. لە وانەیە لە ناو تێکستی ستاتیك یان بزۆکدا جێگیر کرابێ؛ یان لە منیودا بێ. |
| وێنە | سەربەخۆ و تەنیا | دەکرێ بە تەنیا یان لەگەڵ گروپێکی وێنەدا بێ، لەوانەیە لەگەڵ تێکستیشدا بێ، تایتلی هەبێ یان لەگەڵ دەنگ بێ. |
| | سلاید | ژمارەیەك وێنە کە بە ڕیز پێشان دەدرێن.<br>دوو جۆرە:<br>پەسیڤ: بینەر تەنیا دەتوانێ سەیری بکات، بەڵام ناتوانێ کۆنترۆڵی بکات.<br>ئاکتیڤ: بەکارهێنەر دەتوانێ خێرایی سلاید یان دەنگی بگۆڕێ. |
| | گالەری | ژمارەیەك وێنە بە شێوەیی پیشان بدرێن کە بینەر بتوانێ بە دڵی خۆی وێنەکە هەڵبژێرێ بۆ دیتن . زۆرجار لەگەڵ وێنۆچکەدا دێن واتە وێنەیەکی بچووکی. بە کرتەکردنە سەر وێنۆچکەکە وێنەی گەورە پێشان دەدرێت. |
| گرافیك | نەگۆڕ | جووڵە ناکات، شیاوی کلیك نییە، وێنەیەکی ریالیستی نییە، لەوانەیە زانیاری پێدەر بێ یان نا. وەکو لۆگۆ و بەنێر. ئەگەر تێکستەکە لە ناویدا بێ شیاوی کلیك یان هەڵبژاردن نییە، بەڵام بەشێکە لە گرافیك. |

| | | |
|---|---|---|
| | | جیاوازیی نێوان وێنە و گرافیك لەوەدایە کە وێنە تەنیا نیگارە و هیچ بایەخێکی زانیاریی لەگەڵ نییە، بەڵام گرافیك زانیاری پێدەر بۆ نموونە نەخشەی مەکینەی ترومبێل. |
| | بزۆك | ئەنیمیشن، لەوانەیە زانیاری بگەیەنێ و لەوانەشە نا بۆ نموونە گڵۆپێکی پێکراو و خامۆشکراو، لەوانەیە شیاوی کرتەبێ. |
| | لینك | شیاوی کرتەیە و لەوانەیە ستاتیك بان بزۆك بێ. لەوانەیە ڕۆل ئۆڤر یان ئەفێکتی – تایبەتمەندیی وێنەیی هەبێ، لە وانەیە تێکست یان وێنەی تێدابێ. |
| Audio | کتوپڕ | لەگەڵ هەڵسوکەوتی بەکارهێنەردا کارا دەبێ و بۆ کاتێکی زۆر کورتە وەك لە کاتی کرتەکردن دەنگی بیپ دێ. |
| | بەردەوام | دەنگەکە بەردەوام دەبێ وەکو پارچەیەك موسیقا کە دووبارە دەبێتەوە. شیاوی کۆنترۆلکردنە، واتە بەکارهێنەر دەتوانێ ڕایگرێت یان کاری پێ بکات یان دەنگی نزم و بەرز بکات. |
| | یەکجاری | دەنگەکە جارێ پی دەبێ و بە ئۆتۆماتیك دووبارە نابێتەوە. دەتوانێ دەنگی سروشتی یان دروستکراو یان موسیقا بێ، بەکارهێنەر دەتوانی کۆنترۆڵی بکات. |

| | | |
|---|---|---|
| ڤیدیۆ | | جوڵەی وێنەیی تۆمارکراو کە لە وانەیە وێنە، وێنەی بزۆك یان دەنگ بێ بە کامێرا. لە میدیای ئەلکترۆنی ڤیدیۆ دەتوانێ بە شێوازی کلاسیك بێ یان دیجیتاڵ. |
| هەڵسوکەوتی بەکارهێنەر – (User Intraction) | فۆرم | وەکو خانووی تێکست، دوکمە، چوارچێوەی هەڵبژاردن، لیستی هەڵبژاردن کە بۆ دەنگدان، تاقیکردنەوە، ڕاپرسی، کڕین بەکار دێ. لەوانەیە زانیاریی لە ناو بانکێکی زانیاریی کۆ بکرێتەوە یان ئیمەیل بکرێ. |
| | خانوی ئیمەیل | ناونیشانی ئیمەیل و ڕێگەی ناردنی دیاری دەکات. لەوانەیە لە لینکی :mailto یان فۆرم سوود وەربگیرێ بۆ ناردنی ئیمەیل. |
| | گفتوگۆ | بەکارهێنەران دکارن لەگەڵ یەك بدوێن. لەوانەیە لە ڕێی ئیمەیل بێ یان ئامرازێکی ئینترنێتی وەکو فۆرەم یان سەکۆی وەڵام و پرسیار. |
| | چات | گفتگۆی کتوپڕی نێوان دوو کەس یان پتر. لەوانەیە لە پاش تەواوبوونی بشێ ئەرشیف بکرێ. دەکرێ کۆنترۆڵ بکرێ و بەشداربووان قەدەغە بکرێن. |

## داهاتووی جۆرنالیزم

ناوزەتکردنی سەدەی ٢١ بە سەدەی زانیاری، وادەگەیەنێ کە داهاتوویەکی ڕۆشن چاوەڕێی میدیا و ڕاگەیاندن دەکات. هەرچەند شێوازی هەواڵەکان و کەرەستە و تەکنۆلۆجیای گواستنەوەیان بگۆڕێ، هێشتا خەڵکی پێویستییان بە هەواڵ و زانیارییە و پێکهێنەریی پشکێکی گرینگی ژیانیانە. بە پێی ئاماریی میدیا، ژمارەی خوێنەرانی ڕۆژنامەکان لە زۆربووندایە و ئینترنێت دەبێتە یەکێ لە میدیا سەرەکییەکانی گواستنەوەی زانیاری بەگشتی و ڕوژ بە ڕۆژ ژمارەی بەکارهێنەرانی ڕووە و هەڵکێشانە. هەرچەند ئەم پێشکەوتنە هێشتا سەرجەم وڵاتانی جیهانی نەگرتووەتەوە و لە هەندێ وڵاتیش هەنگاوەکان زۆر هێدین، وەلێ ڕاستییەکی نکۆڵینەکراوە کە دەرئەنجام ئینترنێت دەبێتە بڕبڕەی پشتی میدیا و ڕاگەیاندنی وڵاتانی جیهان و بنەمای ڕاگەیاندن بە تایبەت کە ڕێکخراو و دەزگا حکوومی و ناحکوومییەکان و کۆمپانیا زەبەلاحەکان لە گرینگی و ڕۆڵی میدیا گەیشتون و هەوڵ دەدەن لە قەلەمڕەوی میدیای ئەلکترۆنی بێبەش نەمێنن و کاریگەریی خۆیان بنوێنن.

### هەندێ لە کێشە ناسراوەکانی جۆرنالیزمی ئەلکترۆنی:

چەند ئینترنێت ئاقارێکی کاریگەرە بۆ پێشکەوتنی ڕۆژنامەگەری، بەو شێوەیەش گرینگە بۆ وەرگرتنی زانیاری و داتا و کەرەستەی خاوی هەواڵ، وەلێ

جۆرنالیزمی ئەلکترۆنی سەرەڕای خڕ لایەنە ئەرێنییەکانی، خوڵقێنەری هەندێ کێشە و ئاریشەی تازەشە، هەم بۆ جۆرنالیست و هەمیش بۆ خوێنەران. بۆ نموونە هەندێکی بریتین لە:

– ناشارەزاییی تەکنیکی: خێراییی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیای زانیاری، ڕاهێنانی بۆ جۆرنالیستەکان ئاستەمتر کردووە. ڕۆژانە تەکنۆلۆجیای پێشکەوتووتر دێنەکایەوە و جۆرنالیست دەبێ کاتێکی زۆر تەرخان بکات تا خۆی ڕابێنێ. لەم پێشبڕکێیەدا وڵاتە پاشکەفتی یان نیمچە پێشکەفتییەکان پتر لە پاشڤەن.

- ڕاهێنانی بەردەوامیی ستافی ڕۆژنامەگەری بە تەکنۆلۆجیا تازەکان.
- کات: کات فاکتەریکی گرینگە لە جۆرنالیزمی ئەلکترۆنیدا کە بە پێچەوانەی کاتێکی دیاریکراوی جۆرنالیزمی کلاسیك بۆ بڵاوکردنەوە، هەواڵەکان بە چرکە و سات دەگوێزرێنەوە و ئەمە ئەرکی جۆرنالیست ئاستەمتر دەکات بە تایبەت ئەگەر هەندێ هەواڵ و ڕووداو بە دواداچوونی گەرەك بێ.
- ترس و دڵەڕاوکێ لە ئینترنێت کاری کردووەتە سەر بواری جۆرنالیزمیش بە تایبەت لەسەر مەترسیی پاراستنی زانیاریی گرینگی تاکەکان و مافی بڵاوکردنەوە.
- جۆراوجۆریی و بەربڵاویی تەکنۆلۆجیا جیاوازەکان.
- پتر بوونی بودجەی تەکنۆلۆجیای زانیاریی حکوومەت و کۆمپانیاکان.
- پێکدادانی کولتوور و شارستانییەکان لەسەر ئینترنێتی بێ چاودێر.

ڕاپۆرتی میدیایی ڕێکخراوی "ستیت ئاف میدیا"(٣)، توێژینەوەیەکی تێروتەسەلی ساڵانەیە لەسەر دۆخی میدیای ئەلکترۆنی و ژمارەیەکی زۆر میدیای ئەلکترۆنی و سایتی جۆرنالیزمی شرۆڤە دەکات. ئەم خاڵانەی خوارەوە کورتەیەکی هەڵسەنگاندەکەیە سەبارەت بەو تەنگژانەی گیرۆدەی میدیای ئەلکترۆنین:

- هەرچەند توانای سایتەکان لە بنەمای میدیایی خۆیان فراوانتر بووە، وەلێ هێشتا وێکچوونێك لە نێوانیان بەدی دەکرێت وەکو شێوازی نووسین و بڵاوکردنەوە، میدیای بە کارهێنراو، خوێنەران...هتد.
- ماڵپەڕی هەواڵەکان پتر لە دوو لایەنی ئینتەرنێت سوودیان وەرگرتووە :

یەکەم: جێگیرکردنی مۆرکێکی تایبەت بە خۆیان لە سایتەکە و ناوەڕۆکی بابەتەکانیان و هەروەها لە پرۆسە و مەرجەکانی بڵاوکردنەوەدا.

دووەم: توانایی بژاردنی زانیاریی لەلایەن بەکارهێنەرانی سایتەکە، بە تایبەت لە ڕێی گواستنەوەی هەواڵ لە ڕێی ئامێرە دیجیتاڵییەکانەوە.

---

(3) http://www.stateofthemedia.org.

– ماڵپەڕەکان زۆر سەرکەوتوو نەبوونە لە سوود وەرگرتن لە توانا فراوانەکانی ئینترنێت. بۆ نموونە بۆ زەنگینکردنی بابەتەکان، دەکرێ لینك بۆ بابەتی هاوشێوە یان زانیاریی پتر بدەن. هێشتا پێویستە جۆرنالیستەکان کار بکەن لە سەر پۆلێنکردنی زانیاریی یان تیکەڵاوکردنی فۆرمە جیاوازەکانی میدیا. چێکردنی قووڵایی لە گێڕانەوەدا پێدڤییە تا یارمەتیی بەکارهێنەران و خوێنەران بدەن و خوێنەران سەرچاوە پێوەندیدارەکان ببەستنەوە بەیەکتری و گەر خوازیار بوون خۆیان بڕۆنە ناو قووڵایی بابەتەکەوە.

– جۆرنالیزمی ئەلکترۆنی بە تەواوەتی سوودی لەو تەکنۆلۆجیایە وەرنەگرتووە کە ڕێگە بە خوێنەران و بەکارهێنەران دەدات دەنگی خۆیان هەڵبڕن و تێبینی لەسەر زانیارییەکاندا بدەن. بەشداری پێکردنی خوێنەران لەسەر سایتەکاندا کەمتر مەیسەر کراوە.

ئینترنێت بێوچان لە گۆڕاندایە و سایتەکانیش هەوڵ دەدەن بەو گۆڕانکارییانە ڕابگەن. هەندێ لەو ڕووانگانەی کە دەکرێ لە ڕووی تەنکنیکییەوە ماڵپەڕێکی جۆرنالیستی بە شیوازێکی زانستییانە هەڵبسەنگێنن ئەمانەن:

– ڕادەی توانایی و بەشداری پێکردنی بەکارهێنەران و خوێنەران لە بەرهەمهێنان و گۆڕانکاریی و بڵاڤکردنەوەی بابەتەکان.

– جۆرێتیی ئەو بابەتانەی لە سایتەکە بڵاو دەکرێنەوە.

– ڕادەی بەکارهێنانی فۆرمە جیاوازەکانی میدیا وەکو تێکست و دەنگ و ڤیدیۆ و تەکنۆلۆجیا تازەکان.

– ڕادەی خۆماڵیکردن و مۆرکی تایبەت بە سایتەکە وەکو بەشی تایبەت.

– ڕادەی دەرامەتی ئاشکرای سایتەکە.

## فۆتۆجۆرنالیزم

ئایا قەت بە خەیاڵتاندا تێپەڕیوە کە ڕۆژنامە یان گۆڤارێك بخوێننەوە کە هیچ وێنەیەکی تێدا نەبێ؟ یان بیرتان لەوە کردووەتەوە چی دەبوو ئەگەر هەواڵەکانی تیڤی هیچ وێنە یان کلیپی ڤیدیۆیی لەگەڵ نەبووایە؟ بێگومان بێ وێنە ناتەواو دەهاتە بەرچاو، هەر چەند هەواڵ یان بابەتێکی گرینگیش بێ.

لەوانەیە ئەم وتەیەتان بیستووە کە دەڵی: وێنە کتێبێك دێنێ. ناخوازم لێرە بەراورد لە نێوان وێنە و کتێب بکەم، بەڵام ئەمە ئەو مەبەستە دەگەیەنێ کە وێنە هەرە گرینگ و کاریگەرە لە جۆرنالیزمدا. وێنە دەتوانێت کاریگەرییەکی قووڵ و درێژخایەن بکاتە سەر خوێنەران یان بینەراندا. بۆیە میدیا پشتگەرمە بە فۆتۆجۆرنالیستەوە تا بۆ ورووژاندنی بابەتەکان، وێنەی سەرنجڕاکیش پێشکەش بکات. زۆر جار بووە لەبەر سەرنجڕاکێشی وێنەیەك، خوێنەر بابەتەکە دەخوێنێتەوە. هەندێ وێنە هەن کە قەت لە زەینی مرۆڤدا ناسڕێنەوە، چونکە کار دەکەنە سەر هەستی مرۆڤەوە. وێنە بە واتا و هەست و سۆزەوە کاریگەری لەسەر خوێنەران بەجێ دێڵێ. هەروەها وێنە تاکە بابەتێکی جۆرنالیستییە کە ئەگەر بەبێ دەستکاری و لە زاویەیەکی دروستەوە بگیرێ، لاگیریی بۆ کەسێ یان لایەنێ نابێ و دەتوانێت حەقیقەتی ڕووداوەکان لە دووتوێی وێنەکەوە پیشانی جەماوەر بدات.

تیم مەك گوار(١) -Tim McGuire- نووسەرێکی بەناوبانگی ڕۆژنامەی "مینوپۆلیس ستار" لە کۆنفراسێکی "کۆنگرەی ڕێکخراوی ڕۆژنامەڤانیی وێنە" دا بەشدار بوو و باسێکی پێشکەش کرد سەبارەت بە مێژووی ٣٠ ساڵەی فۆتۆجۆرنالیزم و تێیدا ئاماژەی بە ٥ خاڵی جێی ناکۆکی کرد لە جۆرنالیزمدا کە هێشتا پرسیارەکانی جێی مشتومڕن:

(١) تیم مەك گوار براوەی خەڵاتی پولیتزیری ساڵی ١٩٩٠ ە. هەروەها جێگری بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی ستار تریبیون بووە بۆ چەندین ساڵ.

١ – ئایا وێنەگر جۆرنالیستە؟

٢– ئایا جوانگەری گرینگترە لە تێکست؟

٣– دەبێ وێنە تا چ ڕادەیەك ئامادەیی هەبێ لە ناو بابەتەکاندا؟

٤– چۆن شرۆڤەی پرسی ئەخلاق و کاریگەرییەکانی بە خراپ بە کارهێنانی وێنە دەکرێ؟

٥– کێشەی نێوان نووسەران و وێنەگران چین؟

بەبۆچوونی من بۆ شرۆڤەکردنی ئەم خالانەی سەرەوە، دەبێ پێشوەخت جۆرنالیست و بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بیروڕای خۆیان سەبارەت بە سیاسەت و ئامانج و شێوازی کاری ڕۆژنامەکە یەکلایی بکەنەوە و تێیدا ڕۆڵی وێنەگر دیاری بکەن و هەروەها جەخت بکەنە سەر چۆنایەتیی و چەندایەتیی بەکارهێنانی وێنە لە ڕۆژنامە یان گۆڤارەکەیاندا.

فۆتۆجۆرنالیست بەپێی ئەو میدیایەی کاری بۆ دەکات، ئەرکی جۆراوجۆری هەیە. ئەرکی سەرەکیی ئامادەکردنی وێنەی جوان و ڕۆشن و ڕاستە بۆ بابەتە جۆرنالیستییەکان. هەندێ ڕۆژنامەش لەوانەیە مۆڵەتی شۆردنەوە و چاککردنی وێنەکان و سکانکردن و باشترکردنی کوالێتی لە پرۆگرامی فۆتۆشاپ و...هتد. پێی بسپێرن، بۆیە پێویستە زانیاریی سەبارەت بە پرۆگرامە تایبەتییەکانی وێنە وەکو فۆتۆشاپ هەبێ.

فۆتۆجۆرنالیستێکی پرۆفیشناڵ و سەرکەوتوو سەرجەم جۆرنالیستەکانی تر ئاسا دەبێ ئەم خالانە بەهەند وەربگرێ:

**١– ئەخلاقی ڕۆژنامەگەری:** پاکی و دروستیی وێنەکان پێویستە بپارێزی لەگەڵ هێشتنەوەی بالانسێك لە نێو بابەتەکەدا. دەستکاریی وێنەکە تەنیا بۆ باشترکردنی کوالێتیی وێنەکە بێ نەك شێواندنی پەیامی وێنەکە.

**٢– بەردەوامبوون لە فێربوون:** دایم لە هەوڵی بەردەوامدا بێ بۆ فێربوونی پرۆگرام و تەکنیکە تازەکانی جۆرنالیزم و وێنەگری.

**٣– جیاوازیگەری و فرەڕامانی:** دەبێ خۆی نەبەستێتەوە بە چوارچێوە و

بـازنـەیـەکی بـچووك، بگرە پێویستـە داهـێنـەر بـێ و هـەنگـاو بـنێتـە دەرەوەی سنوورە بچووکە دیاریکراوەکانی تـا بکارێ وێنەی جۆراوجۆر بگرێ.

جـان جـی مـوریس دەڵـی(٢): "هـەمـوو سپـێدان کـە ڕۆژ هـەڵدی، مرۆڤگـەلێکی هەڵبژاردە زوو ڕادەبن بۆ ڕوانینی جیهان بە سێ چاوەوە لە بری دوو. ئەمانە ئەو فۆتۆجۆرنالیستانەن کە ژیاننامەی وێنەییی مرۆڤ لەسەر زەوی نیگار دەکەن."

فـۆتـۆجـۆرنـالـیست دەتـوانـێ کـە بـیروڕای جـەمـاوەر بـەرامـبـەر بـە کـێشـەیـەکـی سیاسیی یـان کۆمـەڵایـەتی بورووژێنێت یـان کـاریگـەرییەکی ئەوەنـدە مـەزن چـێ بکـات کـە ڕای گشتی بگۆڕێت. کـەس نکـارێت نکووڵی لـە کـاریگـەریی ئـەو وێنـانـە بـکـات لـەسـەر ڕای گشتـی کـە لـە شـەڕی عـێراق و ئـەفـغـانستـانـدا گیراون. وێنـەی زیـنـدانییـە عێراقییـەکـان پـاڵـەپـەستـۆیـەکـی مـەزنـی نێودەوەڵـەتیی چـێ کـرد کـە بەرپرسانی هێزی بەرگریی ئەمەریکا، دادگایی سەربـازەکـانیان بکەن و حوکمیان بدەن. ئەو وێنانە کاریگەریی بەهێزیان هەبوو لەسەر ویجدانی بینەرانی.

فۆتۆجۆرنالیست دکارێت ئەو ساتە هەستیارانەی ناو ڕووداوە گرینگەکانی جیهان بە وێنەی ڕەنگاوڕەنگ زەنگینتر بکات و تێکست و هەواڵ و ڕاپۆرتاژەکان پڕ واتاتر بگەیەنێتە خوێنەران و بینەران.

بێگومان دەکرێ هەزاران وێنەی نایاب و پرۆفیشنال بدۆزینەوە کە کاریان کردووەتە سەر زەینی خوێنەر، بەڵام لێرەدا تەنیا چەند نموونەیەك دێنمەوە:

(٢) جان جی موریس، - Johan G. Morris, World Press Photo Yearbook – Truths Need No Ally- Inside Photojournalism- Howard Chapnick- Minneapolis Star Tribune - National Press Photographers Association.



ڕۆژی یەکەمی شەڕی ساڵی ١٨٦٣ لە گیتیزبیرگ – پەنسیلڤانیا – ئەمریکا



ساڵی ١٩٧٢ – لە پاش هێرشی ناپاڵمی فڕۆکەکانی ڤێتنامی باشوور، کیم پۆئیك  بە ڕووتی لەسەر شەقامدا ڕادەکات



ساڵی ١٩٥١- ئەمە وێنەیە بوو بە هۆکاری ناساندنی ئەم بلیمەتە وەکو مرۆڤێکی قۆشمە



ساڵی ١٩٤٦- گاندی و چەرخی ڕسینەوەی



ساڵی ١٩٣٢- فراڤین لە سەر باڵەخانەیەکی ئاسمانڕووشێنەر - نیویۆرک



کارەساتی هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٨٨



کارەساتی هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٨٨



کارەساتی ئەنفال



مەراسیمی پێشوازی لە تەرمەکانی کارەساتی ئەنفال

# جۆرنالیزمی چاپ

## جۆرەکانی ڕۆژنامە

ڕۆڵـی ڕۆژنـامـە دۆزینـەوەی زانـیـاریـی نـوێیـە سەبـارەت بـەو بـابـەتـانـەی لـە بەرژەوەندیی گشتین و گواستنەوەیان بە ڕاستی و بە خێرایی مومکین بۆ خوێنەران بە شێوازێکی ڕاستگۆیانە و بێ لایەنانە. لەوانەیە ڕۆژنامەکە زۆر شتی تریشی تێدابێ وەکو: بیروڕای جیاواز سەبارەت بە هەندێ کێشە هەنووکەییەکان، تەنگژەکانی حکوومەت و هۆکاری وازهێنانی بەرپرسان، تێبینی لەسەر شتەکان، ڕەخنە و بیروڕا سەبارەت بە فیلم..هتد.

سی پی سکات نووسەری کتێبی ″ مانچەستیر گاردیەن ″(١) لە ٥ی مەی ١٩٢١ لە نووسینێکیدا دەڵێ: ″ڕۆلی سەرەکیی ڕۆژنامە کۆکردنەوەی هەواڵەکانە. چەند مەترسیداریش بێ، دەبێ ڕاستییەکانی نیو هەواڵەکان دەستکاری نەکرێن و لە کاتی پیشکێشکردنی هەواڵەکەش بیچمی شەفافی ڕاستی چەواشە نەکرێت.″

ڕەنگە ئەمە پێناسەیەکی گران بێ بۆ هەواڵ، بەڵام نامومکین نییە. خاڵی جەوهەریی ئەم پێناسەیە بەراوردی نێوان بەها ڕاستەکانە لەگەڵ ناڕاستەکان. ئەگەر لە ژوورێکی تژی لە ڕۆژنامەڤان بپرسن کێ بیروڕایەکی گرینگی سەبارەت بە کەس یان ڕووداوێك هەیە، ڕەنگە سەرجەمیان دەست بەرز بکەنەوە، وەلێ ئەگەر بپرسی کێ زانیاری نوێی و بڵاونەکراوەی لەسەر هەیە ، سەرجەم دەستەکان دەچنە خوارەوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە زۆربەیان تێبینی و ڕاڤەی تاکەکەسیی خۆیان هەیە نەك زانیاریی نوێی.

بەپێی ناوەرۆك و قەبارە جۆرەها ڕۆژنامە بوونیان هەیە کە دەکرێ بە قەبارە و کاتی دەرچوونیان پۆلێنبەندی بکەین. بۆ نموونە ئەمانە هەندێ لە جۆرەکانی ڕۆژنامەن کە لە ئەمەریکا دەردەچن:

---

(1). C.P.Scott - Manchester Guardian -1921

| جۆر | پێناسە | نموونە |
|---|---|---|
| ڕۆژنامەی ڕۆژانە | ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە کە بێجگە لە ڕۆژانی یەکشەم و پشوو، ڕۆژانە دەردەچێ. ئەم جۆرە ڕۆژنامانە تیراژیان زۆرە و هەواڵی ڕۆژانە و بەشی جۆراوجۆری پسپۆڕێتیی تێدایە لەگەڵ ڕیکلام. | واشینتۆن پۆست، خەبات، کوردستانی نوێ |
| ڕۆژنامەی هەفتیانە | هەفتەی جارێك دەردەچێت، ڕۆژنامەش هەیە چەندین جار لە هەفتەیەك دەردەچێت، بەڵام ڕۆژانە نییە. | بارزان، ئاوێنە، گوڵان |
| نێونەتەوەیی | هەندێ ڕۆژنامەش وەکو هیرالد تریبیون و والستریت جۆرنال نێونەتەوەیین. واتە لە زۆربەی وڵاتان لە یەك کات دەردەچن. | والستریت جۆرنال |
| نەتەوەیی | ئەم جۆرە ڕۆژنامەیە لە سەرانسەری وڵاتدا بڵاو دەکرێتەوە. هەندێ هەواڵی نەتەوەیی و نیونەتەوەیی هەیە، هەندێ جاریش تەرکیز دەکاتە سەر هەواڵەکانی هەرێمێکی وڵات. | واشینتۆن پۆست، نیۆیورك تایمز |
| هەرێمی | هەندێ هەواڵی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی تێدایە، بەڵام پتر تەرکیز دەکاتە هەواڵ و بابەتی لۆکال وەکو شارەکان و لادێکان. | ڤیرجینیا گلۆب |
| لۆکال | ئەم جۆرە ڕۆژنامەیە تایبەتە بە شار یان ویلایەتێك و ڕۆژنامەیەکە کە پتر تەرکیز دەکاتە سەر هەواڵی لۆکال و لەگەلیدا هەندێ هەواڵی ناو وڵات و نێونەتەوەیی تێدایە. | بالتیمۆر سان، گاردیەن و دی سان |
| تابلوئید Tabloid | تابلوئید واژەیەکە کە بۆ ڕۆژنامەی بچووك یان کەم تیراژ بەکار دێ و ناوەڕۆکی پتر لەسەر هەواڵە لۆکالییەکان یان ستوونی دەنگوباسی خەڵکی یان وەرزشی و ڕیکلامە و هەندێ جاریش بە بەلاشە. قەبارەی ئەم جۆرە ڕۆژنامەیەش لەوانەی تر بچووکترە. بە پێچەوانەی وەشانی بەریتانی و ئەوروپی لە ئەمەریکا. تابلوئید کەمتر بابەتی هەستیار و جیدی و سکاندال بڵاو دەکاتەوە و کار | دە تیلیگراف، دە ئیندیپیندینت |

| | | |
|---|---|---|
| | و ئـەرکیشی کـەمـتـرە. لـە ئـەمـەریـکـا زۆربـەی ئـەم جـۆرە ڕۆژنـامـانـە بـەخـۆڕایین و دەرامـەتـیـان لـەسـەر ڕیـکلامـە. بۆ نموونە "میترۆ" –Metro و "ئێکسپرێس" – Express لە ناو مـەتـرۆکـانـدا بـڵاو دەکـرێنـەوە و بـەخـۆڕایین و لـە کـاتـی دابەزیندا دەیخاتەوە ناو سەبەتێکی دیاریکراودا. | |
| ئەلکترۆنی | ئەو ڕۆژنامانەن کە لە سەر ئینترنێت دەردەچن. | کلاوڕۆژنە |

لە هـەندێ وڵات ڤیرژنی برادشیت– Broadsheets– هـەیە کە دەکرێ لە قـەبارەوە بە گەورەترین ڕۆژنامە ناو ببردرێت. ئەم ڕۆژنامانە لاپەڕەکانیان بـەگشتی لـە ۲۲ ئینج مـەزنترن. بۆ نموونە لە بەریتانیا ڕۆژنامەی "دی دیيلی تیلیگراف/ سانديی تیلیگراف"– Sunday Telegraph/The Daily Telegraph" لەم جۆرەن.

لە ساڵی ۲۰۰۳ دا ڕۆژنامەی "دی ئیندیپیندینت" – The Independent دەستی پێ کرد بە وەشاندن بەهەردوو شێوازی تابلوئید (بچووکتر) و برادشیت (پەڕە گەورە).

لە ئەمەریکا زۆربەری ڕۆژنامەکان پەڕەگەورەن وەکو:

بۆستن گلۆب– The Boston Globe

شیکاگۆ تریبیون – The Chicago Tribune

لۆس ئانجیلس تایمز – Los Angeles Times

د نیویۆرك تایمز – The New York Times

فیلودۆلفیا ئینکوایریر – The Philadelphia Inquirer

یو ئیس ئیی تودیی – USA Today

والستریت جۆرنال – The Wall Street Journal

واشینتۆن پۆست – The Washington Post

## بابەتەکانی ڕۆژنامە

کاتی ڕۆژنامەیەك دەکەینەوە، چاومان دەکەوێتە بەشی جۆراوجۆرەوە. لە هەواڵی ناوخۆوە بگرە تا ڕیکلامی بازرگانی و چالاکیی ڕۆشنبیری و ڕاپۆرتاجی شیکاری...هتد. لەبەرئەوەی ڕۆژنامە بۆ گشت جەماوەرە، پێدڤییە زانیاریی بۆ سەرجەم خەڵکی تێدابێ، وەلی مەرج نییە هەر تاکێك کە ڕۆژنامەی کردەوە سەرجەم بەشەکانی ڕۆژنامەکە بخوێنێتەوە. خوێنەری ڕۆژنامە بەپێی پێویست تەنیا ئەو بەشەی کە خوازیارە دەخوێنێتەوە. بۆیە بۆ ئەوەی ڕۆژنامەکە سەرکەوتووتر بێ، دەبێ هەواڵ و بابەت سەبارەت بەسەرجەم بابەتەکانی پڕخوێنەر بڵاو بکاتەوە.

بە شێوەیەکی گشتی دکارین ناوەڕۆکی ڕۆژنامەکان دابەشینە سەر چوار بەشەوە:

١– هەواڵ

٢– بابەت و فیچەر

٣– بیروڕا وەکو بابەتی سەرنووسەر

٤– تێبینی، نامە بۆ نووسەر، هەڵسەنگاندن، ستوون، ڕیکلام.

هەروەها سەرجەم بەشەکانی ڕۆژنامە دابەش دەبنە سەر ئەم بەشانەوە:

١– **هەواڵی گشتی:** ئەم بەشە گرینگترین هەواڵی ناوەوە و دەرەوە لەخۆ دەگرێت و لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکەدایە.

٢– **هەواڵی ناوخۆ و دەرەوە:** لێرەدا هەواڵی ناوخۆی وڵات و دەرەوە بڵاو دەکرێنەوە.

٣– **لاپەڕەی سەروتار:** سەرنووسەری ڕۆژنامەکە یان ستافی نووسین بیروڕای خۆیان سەبارەت بە هەندێ کێشە و بابەت دەردەبڕن.

٤– **لاپەڕەی وەرزشی:** ئەم لاپەڕەیە تەرخان دەکرێ بۆ هەواڵی ناوخۆ و دەرەوەی

وەرزشی و هەروەها کەسایەتییە وەرزشییەکان.

٥– **لاپەڕەی ڕێکلام**: لەم لاپەڕەیەدا ڕێکلامی بازرگانی وەکو کڕین و فرۆشتن بڵاو دەکرێنەوە. دەکرێ ڕێکلامە بازرگانییەکان لەسەر چەندین لاپەڕەی جیاوازدا دابەش بکرێن.

٦– **لاپەڕەی بازرگانی**: ئەم بەشە زانیاریی پیشەیی و باری ئابووریی حکوومەت و کۆمپانیا و بانك و هاوردە و ناردنی شتومەکی بازرگانی بڵاو دەکاتەوە.

٧– **لاپەڕەی ڕابواردن**: لەم بەشەدا زانیاریی ڕابواردنی وەکو تیڤی و ڕادیۆ و مۆسیقا و فیلم و ساتیرە و یاری و جەدوەل بڵاو دەکرێتەوە.

٨– **لاپەڕەی کۆمەڵایەتی**: لەم بەشەدا هەواڵ و ڕاپۆرتاجی پێوەست بە ئاریشە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو دەکرێنەوە.

٩– **لاپەڕەی سەفەر و توریزم**: لەم بەشەدا ڕێنوێنی و زانیاریی سەبارەت بە شوێنە خۆشەکان بۆ حەوانەوە و پشوو و چالاکی بۆ گەڕیدەدەران و توریستەکان بڵاو دەکرێتەوە.

١٠– **لاپەڕەی ئاینی و وەفات**: لەم لاپەڕەیەدا چالاکیی ئاینی و ئاگەداریی وەفات بڵاو دەکرێتەوە.

١١– **لاپەڕەی ڕۆشنبیری**: لەم بەشەدا هەواڵ و چالاکیی ڕۆشنبیریی وەکو کۆڕی شیعر و چیرۆك و کتێبی نوێی...هتد بڵاو دەکرێتەوە.

١٢– **لاپەڕەی کولتووری**: لەم بەشەدا هەواڵ و چالاکیی کولتووری وەکو ڕازاندنی ماڵەوە، چێشت لێنان، ماڵداری... هتد بڵاو دەکرێتەوە.

١٣– **لاپەڕەی تەکنۆلۆجیا**: لەم بەشەدا هەواڵ و چالاکی سەبارەت بەداهێنانی نوێ و ئامێری تازەی پێشکەوتووی تەکنۆلۆجیا بڵاو دەکرێتەوە وەکو کۆمپیۆتەر و ترۆمبێل و ... هتد.

## پێکهاتە و تایبەتمەندییەکانی هەواڵی ڕۆژنامەڤانی

هــەواڵ و داستــانــەکــانــی نــاو ڕۆژنــامــە لــە ڕووی پـێکـهـاتـەکـانـیـیـەوە هـیـچ جیاوازییەکیان نییە لە گەڵ چیرۆك، پارچەیەکی ئەدەبی، ریپۆرتاژێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی. خڕ ئەمانە چوارچێوە و سەرەتا و ئەنجامیان هەیە. ئەوەی کە ڕۆژنامەڤانی لە جەنەرەکانی تر جیا دەکاتەوە، ڕاستبوونی ناوەڕۆکی هەواڵ و گێڕانەوەکانە.

ئەگەر هەواڵێ لە ڕاستییەوە دوور بێ کاریگەریی نەرێنیی دەبێ لەسەر دەزگای ڕاگەیاندنەکە و بێجگە لەدەستدانی بڕوا و متمانە، دەبێتە هۆی لە کیس چوونی خوێنەر و زەرەرێکی مادی و مەعنەویی ئێجگار زۆر. هەندێ جاریش لەوانەیە کێشەی یـاسـایـیـی لـێ بـکـەوێـتـەوە. بـۆیـە پـێویستـە بـۆ داڕشتن و گـواستـنـەوەی هــەواڵـەکـان پـەیڕەوی لـە ڕێنـوێنـییـەکـانـی هـەواڵـنووسی بـکـرێـت. بـە پـێچـەوانـەوە پــارچــەیــەکــی ئــەدەبــیــی وەکــو کــورتــە چــیــرۆك لــەســەر داهــێــنــان وەســتــاوە و تــا داهێنەرەکەی بە تواناتر بێ، چیرۆکەکە سەرکەوتووتر دەبێ.

### شێوازی گواستنەوەی هەواڵ:

بە شێوازێکی گشتی هەواڵەکان بە سێ شێواز دەگوێزرێنەوە وەکو:

– **ڕاستەوخۆ:** پەیامنێر بەڕاستەوخۆ شاهیدی ڕوداوەکانە و خۆی بەچاوی خۆی ڕوداوەکان دەبینێت و دەیانگێڕێتەوە.

– **ناڕاستەوخۆ لە ڕێی شاهێدەکانەوە:** پەیامنێر پرسیار لەو کەسانە دەکات کە لە ڕووداو و پێشهاتەکاندا بەشدار یان ئامادە بوونە.

– **نـاڕاستــەوخـۆ لــە ســەرچـاوەکـانـی تـر:** وەکـو وەرگـرتـنـی هــەواڵ و زانـیـاری لەلایەنێکی دووەمەوە.

### تایبەتمەندییەکانی هەواڵ:

– **ڕاسـتـیـی هــەواڵ و دروسـتـیـی زمــانــەوانــی:** پــێویستــە سەرجــەم فــاکت و

زانیارییەکانی ناو هەواڵەکە بەر لە بڵاوبوونەوەیان، پێداچوونەوەیان بەسەر بکرێ. پێویستە خەیاڵ لەگەڵ ڕاستی تێکەڵ نەکرێ و زانیارییەکان هەڵە نەبن. زانیاریی هەواڵەکە، چی هەواڵێکی سیاسی، فیچەر یان ڕابواردن بێ؛ دەبێ ڕاست بێ. ئەگەر هەواڵ، بەشێکی هەواڵ یان داستانی هەواڵ گوماناوی بێ، دەبێ یان بەکار نەهێنرێ یان ڕاستییەکەی بسەلمێندرێ. پێویستە زمانی هەواڵەکەش ڕاست بێ و وشەکان بە پێی داستان و دۆخەکە گوڵبژێر کرابن؛ چونکە ئەگەر وا نەبێ دەبێتە هۆی بە هەڵە تێگەیشتنی خوێنەران و بەرداشتی هەڵە لە ڕووداو و پێشهاتەکان.

- **دیاریکردنی سەرچاوەکان:** کاتێ هەواڵەکان لە کەسانی تر یان شاهیدەکانی تر وەردەگرین، پێویستە چاوگەکان دیاری بکرێن ، چونکە شێوەی گێڕانەوە و زاویەی دید و ڕا و بیر و بۆچوونەکانی هەواڵەکە دەگۆڕێ؛ بە تایبەت دوای دەستاودەستکردنی زانیارییەکان زۆر ئاستەمترە زانیاریی هەڵە لە ڕاست جیا بکرێتەوە. بۆیە پێدڤییە لێرەدا دوو بەشی گرینگی هەواڵ لە یەکتری جیا بکرێن:

١- بێژەری قسەکان: واتە کێ خاوەنی ئەم قسانەیە.

٢- زانیاری سەبارەت بە ڕووداوەکان.

پێویستە جۆرنالیست بزانێ کە گێڕانەوەی هەواڵی دەستی دوو یان سێ و لکاندنی بەسەرچاوەکانی تر لە بەرپرسێتیی کەم ناکاتەوە، بۆیە لەسەر ڕۆژنامەڤانە کە لە ڕاستیی زانیارییەکان بکۆڵێتەوە وەکو: ناو و ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆن و زانیاریی پێشینە و بەڵگەکان .. هتد. لەلایەکی تریشەوە هەندێ جار ڕاستیی هەندێ لە زانیارییەکان شایانی لێکۆڵینەوە نین بۆ نموونە ئەگەر لە پارلەمان یان کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی باسی بودجەی کوردستان کرا، بۆ گەیشتن بە حەقیقەت دەشێ سەیری بەرنامەکە بکاتەوە، بەڵام وەکو جۆرنالیستیك نازانێ کە ئاخۆ بودجەکە کەمە یان زۆر. ئەم جۆرە پیودانگ و هەڵسەنگاندنانە پێویستە دایم بۆ خوێنەر بەجێ بهێڵی.

**دابەشکردنی سەرچاوەکان:**

سەرجەم چاوگەکانی هەواڵ جێی متمانە نین و ناشێ جۆرنالیست پشت بە

هەموو ئەوانە ببەستێ کە دەپەیڤن یان بەسەرهات دەگێڕنەوە. بۆیە کاتێك ڕۆژنامەڤان سەرقاڵی تۆمارکردنی هەواڵێکی ڕۆژنامەڤانییە، دەبێ تەنیا پشت ئەستوور بێ بەڕاستیی سەرچاوەکانیی و هیچ گومانێکی لەسەر نەبێ هەرچەند لەوانەیە هەندێك لە زانیارییەکان قەت بەکار نەهێنرێن و بە شاردراوی بمێننەوە، بەڵام مومکینە لە داهاتوودا سوودمەند بن.

**دەتوانین سەرچاوەکانی هەواڵ بە چوار جۆر دابەش بکەین:**

**بۆ بڵاوکردنەوە**[1]: سەرجەم زانیارییەکانی ناو ئەم پۆلە شایانی بڵاوکردنەوەن بە هەموو سەرچاوەکانییەوە وەك کەسەکان و کات و شوێن.

**بۆ بڵاونەکردنەوە**[2]: ئەم جۆرە زانیارییە تەنیا بۆ ڕۆژنامەڤان خۆیەتی و شایانی بڵاوکردنەوە نییە و ناگوێزرێتەوە بۆ خەڵکی یان سەرچاوەیەکی تر.

**تەنیا بۆ باکگراوند**[3]: ئەم جۆرە زانیارییە دەکرێ بنووسرێن و بگێڕدرێنەوە، بەڵام ناکرێ ناوی بکەرەکان و تێبینییەکانیان ئاشکرا بکرێن.

**بۆ باکگراوندی قووڵ**[4]: ئەم جۆرە زانیارییانە دەکرێ سودی ناڕاستەوخۆیان لێ وەربگیرێ، بەڵام سەرچاوەی زانیارییەکان دەستنیشان ناکرێن.

**سەرچاوە نامۆکان:**

دێیڤید شاو، جۆرنالیستی بەناوبانگی ڕۆژنامەی تایمزی لۆس ئانجلێس کە براوەی خەڵاتی پۆلیتزیری ساڵی ١٩٩١ە بۆ باشترین ڕەخنەنووس[5] دەڵێ: ″کاتێ دەڵێین سەرچاوەکان دەڵێن، واتە بە قەناعەتەوە لە خۆمانەوە دەڵێین″.

بە شێوەیەکی گشتی، کاتێ جۆرنالیست ئاماژە بە سەرچاوەیەك دەدات، بۆ

---

(1) On the Record

(2) Off the Record

(3) On Background

(4) On Deep Background

(5) David Shaw, Media Critic of the Los Angles Times.

سەلماندنی ڕاستی پێویستە ناو و سەرچاوەکان دەستنیشان بکات، ئەگینا وا باشترە جەختی پێ نەکات، ئەگەر مەترسیی گیانی لەسەر سەرچاوەکە هەبێ، پێویستە هۆکارەکەی بۆ خوێنەران ڕوون بکاتەوە. هەندێ ڕۆژنامە هەن کە بەبێ ئاشکراکردنی سەرچاوە و ناوەکان ئامادە نین هەواڵەکان بڵاو بکەنەوە، چونکە ڕۆژنامەکان ناخوازن خۆیان ببنە چاڤگەی بەڵگە بۆ ئاشکراکردنی خراپەکاریی و گەندەڵی بە تایبەت بەرامبەر بەو تۆمەتانەی سەرچاوەکەی دیار نییە.

ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمز لەم بارەیەوە بەم شێوەیە لێی دەدوێ[٦]: ″ئێمە ناخوازین کە سەرچاوەکانی وەکو ( پۆلیس و پاراستن)، کاتی بۆ سکاڵا و گرتنی خەلکانی ناسراو بەڵگەیەکی تری بڕواپێکراویان بەدەستەوە نەبێ، لە ئێمە سوود وەرگرن .″

سیاسەتی ئاسۆشیت پرێس لەم بارەوەیە بەم شێوەیە[٧]: ″ ئێمە بە گشتی لە گەڵ نامۆیی دانین، ئێمە هەواڵ و زانیارییمان گەرەکە بۆ بڵاوکردنەوە. کاتێ سەرچاوەیەکی هەواڵ پێداگری دەکات کە بە نامۆیێتی بمینێ، ئێمە ئاماژەی پێ دەدەین و بەڵێن شکێنیی لەگەڵ ناکەین، بەڵام دەبێ لە چوارچێوەی یاساکانی ڕۆژنامەگەریدا دەرنەچێ. ئەوەی لە دەستمان بێ دەکەین بۆ ئەوەی بۆ خوێنەران ڕوونی بکەینەوە کە پێوەندیی سەرچاوەکان و هۆکارەکانی شاردنەوەی چین.″

**تەکنیکی بە دواداچون و دۆزینەوەی ڕاستییەکان:**

بەدواداچوونی ڕاستییەکان تەنیا پرس لە چەند کەس و سەرچاوە و هەڵسەنگاندنی بیروڕاکانیان ناگەیەنێ، بەڵکو وەدەستخستنی بەڵگەی یاسایی و ڕاستە کە بتوانێ ڕاستیی هەواڵەکە بۆ جۆرنالیست بسەلمێنێت؛ بە تایبەت لەسەر کێشە هەستیار و ناکۆکی وروژێنەرەکان.

کاتێ لێکۆڵینەوە لە سەرچاوەکان دەکرێت زانیاریی ڕاست دەدرێتە جەماوەر و ئەوانیش پتر بڕوا بە هەواڵەکان دەکەن. بۆیە گرینگە ئەگەر بکرێ هەموو کات

---

(6) New York Times

(7) Associated Press.

بـابـەتـەكـانـی ڕۆژنـامـەڤـانـی لـەگـەڵ بـەڵـگـەكـانـەوە بـڵاو بكرێنـەوە. پێدڤـییـە ڕۆژنامەڤانان بفگرێنە سەرچاوە فەرمییەکان، نەك دیعایەكانی خەڵكی و هەوڵ بدەن چەندین دید و بیروبۆچوونی جیاواز پێشانی خوێنەران بدەن. بۆ نموونە كاتێ دەڵێین كە "ئەمڕۆ فڕۆكەیەك كەوتە خوارەوە و تەواویی سەرنشینەكانی كوژراون"، دەتوانین بە چەندین وێنە هەواڵەكە بسەلمێنێن؛ هەرچەند لەبەر گرینگی خێرایی و ڕكەبەرایەتیی ڕۆژنامەڤانی، وەدەستخستن و بڵاوكردنەوەی سەرجەم بەڵگەنامەكان ئاستەمترە و پەیامنێر دەخوازێ هەرچ زووتر هەواڵەكان بگەیەنێتە خوێنەر، بەڵام هێشتا دەبێ لە یادی نەچێ كە بەرپرسێتی لە سەرشانە و ئەگەر هوشیار نەبێ، دەشێ كێشەی بۆ بخولقێنێ. چونكە دوور نییە خوێنەر بە شوێن ڕاستیی هەواڵەكان بگەڕێ.

خـاڵـێكـی تری گرینگ لـە كـاتی بـڵاوكردنـەوەی وێنـە و بـەڵگـەكـان ئـەوەیـە كـە پێویستە وێنە و ژێرنووسەكەی ڕاست بن. من خۆم چەندین جار لە ڕۆژنامە و گۆڤـارە كوردییـەكـاندا شاهیدی هـەڵـەی زەقی ڕۆژنـامـەڤـانی بـوومـە. بۆ نموونە جارێكیان لە ڕۆژنامەیەكی كوردی وێنەیەكی كۆنگریسی ئەمەریكای لێ درابوو و لە ژێری نوسرابوو كۆشكی سپی!؟ منیش بە ئیمەیلەك ئاگەدارم كردنەوە تا هەڵەی زەقی وا دووبارە نەكەنەوە و ئەوانیش زۆر بە سوپاسەوە وەڵامیشیان نەدامەوە. چەندین جار لە گۆڤار و سایتە كوردییەكاندا ڕووبەڕووی هەمان هەڵە بوومەتەوە.

**تایبەتمەندییەكانی هەواڵێكی سەركەوتوو:**

- **تەواویی هەواڵەكە:** بابەتەكە بە نیوەچڵی بە جێ نەهێڵێ. ئەگەر پیویست بوو سەرجـەم بـەڵـگـە و داكـومـێنت و وێنـەكـانـی لـەگـەڵ بـێت و وەڵامـدەری پرسیارەكانی خوێنەر بێ یان خوێنەر لە چاوەڕوانیدا نەهێڵێ.
- **هاوسەنگی و نیەتپاكی:** نابێ هەواڵەكە تەنیا جەخت لەسەر لایەنێكی دیاریكراو بكات و ئەوانی تر پێشێل بكات. پێدڤییە لەبەر راگرتنی هاوسەنگیی دید و بۆچوونە جیاوازەكان، چەند ئاستەمیش بێ، باسی هەموو بیر و ڕای دژ و هاودژ بكات.

- **تەوازنی تەرکیز لەسەر ڕووداوەکان و کەسایەتییەکان:** بۆ نموونە کاتێ کە وەزیری ئابووری گوتارێك پێشکێش دەکات، ڕۆژنامەڤان هەواڵەکە بە تەواوەتی دەگوێزێتەوە، وەلێ کاتێ کە وەزیرێکی تر لەسەر هەندێ کێشەی گرینگتر قسە دەکات، ڕۆژنامەڤان گرینگیی پێ نادات. جیاوازیی لە نێوان کەسەکانی پێوەندیدار بە هەواڵەکە بیلایەنی جۆرنالیست دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

لەم بارەیەوە ئاسۆشیتد پریس دەڵێ[8]:

ئێمە هەوڵ دەدەین کە ڕای ئەو کەسە بزانین کە لە ناو داستانی ڕاپۆرتاژەکەدایە، بە تایبەت ئەگەر کەسەکە ڕووبەڕووی هێرش یان تۆمەت کرابێت. ئەگەر کەسەکە ناخوازێ ڕای خۆی دەرببڕێت ئاماژەی پێ دەدەین. ئەگەر نەمانتوانی ڕای کەسەکە وەربگرین، ئەو هەوڵانە بۆ خوێنەر ڕوون دەکەینەوە کە بۆ وەرگرتنی ڕای کەسەکە داومانە. ئەگەر مومکینیش بوو دەچینەوە ناو فایلەکانی ڕابردوو تا بزانین ئەو کەسە لە ڕابردوودا لەبارەی تۆمەتەکانییەوە چیی وتووە. تێبینییە کۆنەکانی دەخەینە ڕوو تا ببنە هۆی ڕاگرتنی هاوسەنگی.

- ئۆبجەکتیڤ[9]: نڤیسکار هەست و سۆز یان بیروڕای تایبەتیی خۆی نائاخنێتە ناو هەواڵ یان ڕاپۆرتاژەکە.

ئامانج لە کاری ڕۆژنامەڤانی پڕ گرینگە. چونکە زۆر جار لە بابەتێکدا بێ ئاگایانە پیاهەڵدان یان دژایەتیی کەسێ دەکرێت بۆ نموونە کاتێ دەڵێین: "سەرۆك وەزیرانی گەنج و مۆدێرنی کوردستان"، لێرەدا ناڕاستەوخۆ واتای پشتگیریی و تاریفکردن دەردەخات. یان کاتێ بڵێین: "سەرکۆماری ماندوو و پیری عێراق"، ئەمە خۆی لە خۆیدا ڕووی نەرێنیی هەواڵەکە دەخاتە ڕوو. هەرچەند ئەم دەربڕینانە بە ئەنقەستیش نەبن، هێشتا زەینی خوێنەر بۆ لایەکی تر ڕادەکێشێ. پێویستە جۆرنالیست بێلایەنیی خۆی بپارێزێ و موڵەت بە خوێنەر بدات خۆی بڕیار بدات لەسەر ڕووداوەکاندا. ئەوەی گرینگە دەبێ ڕۆژنامەڤان ڕووداوەکان

(8) Associated Press.

(9) Objective.

وەکو خۆی و بەگیانێکی ڕاستبێژانەوە بگەیەنێتە خوێنەر. با خوینەر سەرپشك بێ لـە چـۆنـێتـیـی بـیـرکـردنـەوە. جـۆرنـالـیـزمـی نـاهـاوسەنگ و نـاڕاست زەرەر لـە ئامانجەکانی ڕۆژنامەڤانی دەدات.

– **کورت و پوختە:** پێدڤییە بابەتی ڕۆژنامەڤانی درێژدادڕیی تێدا نەبێت و و زوو بـچـێـتـە سەر مـەبـەستـی سەرەکـیـی. دوو تـایـبـەتمەنـدیـی سەرەکـیـی بـابـەتێکی سـەرکەوتوو ئـەمـانـەن:

**١– کورت و ڕەوان**

هـەندێ جار چەند دێڕێك دەشێ مەبەستی چەند پاراگرافێك بگەیەنێ. پێویستە ڕێز لە کاتی خوێنەر بگیرێت و ئەو هەواڵەی کە بە یەك پاراگراف دەنووسرێت، نەکرێتە چەندین لاپەڕە. کاتێ باسی هەواڵێکی سیاسیی سیاسەتمەدارێك دەکرێت، پێویست ناکات باسی سەرجەم ژیانی سیاسیی ئەو کەسە بکرێت. سڕینەوەی بەشە زیادەکان کارێکی زۆر پێویستە و زۆر جار لابردنیان کاری سەرنووسەرە. ڕەنگە ڕۆژنـامـەڤـان یـان نـووسەر چـەنـدیـن لاپـەڕە لـەسەر بـابـەتـێك بـنـووسێ، بـەڵام سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین چەندین لاپەڕەی ناپێویستی لاببات.

**٢– جواننوسراو:**

پـێویستـە داستـانـەکـان زۆر شەفـاف و ڕاستـەوخـۆ و سەرنجڕاکـێش بـن. ئـەو بابەتەی کە ڕۆژنامەڤان باسی دەکات، دەبێ لە پێشان خۆی لێی تێگەشتبێ و ئـەنجا بـە دەستـەواژەیـەکـی سادە و سانـا پـێشکـێشی خـوێنـەری بـکـات. واتـە بـە وشەگەلێکی سانا و دەربرینێکی ساکار و زمانێکی پاراو و ڕستەگەلێکی کورت و پێداچوونەوەیەکی لۆجیکی و نەپساوە مەبەستی دەربڕێت. پێویستە داستانێکی سەرکەوتو، تەواو، دروست، سەرچاوە ڕاست، هاوسەنگ پارێزراو و ئامانج پێکاو بێ لەگەڵ بەرچاوگرتنی سۆز و هەستی خەڵکی، بەڵام ئەگەر بە زمانێکی جوان و پـاراو و ساکـار نـەنـووسرابـێ ئـاستـەمـە خـەڵـکی لـێی تـێ بگـەن یـان بـۆیـان سەرنجڕاکێش نابێ.

## ساختاری داستانی ڕۆژنامەڤانی

جۆرنالیستێکی سەرکەوتوو لە پاش دۆزینەوەی بابەتێکی شیاو و سەرنجڕاکێش بۆ بڵاوکردنەوە، کار بۆ داڕشتنی دەکات، بەڵام جۆرنالیستێکی سەرکەوتووتر لە پێشان هەندێ پرسیاری سەرەتایی لە خۆی دەکات وەکو: ئایا ئەم بابەتە بەدواداچوونی گەرەکە؟ وەکو هەواڵی بچووك بڵاو دەکرێتەوە یان داستانێکی تژی لە فاکت و بەڵگە؟ ئایا بەڵگەکان بڵاو دەکرێنەوە؟ ئایا ئەم بابەتە دەبێتە هۆی وروژاندنی زەینی خەڵکی و نووسینی زنجیرەیەك بابەتی تر لەسەری؟ لە پاش خڕ ئەم لێکدانەوانە، ئەنجا بیر لە شێوازی داڕشتنی بابەتەکە دەکات.

داڕشتنی بابەتەکە پێدڤییە بێ کەموکورِیی بێ و پرسیار لە لای خوێنەران بە جێ نەهێڵێ. ساختاری داڕشتنی راپۆرت و هەواڵ وەك جەنەرەکانی تری ئەدب، خاوەنی چوارچێوەی خۆیەتی. گرینگیی هەواڵ تەنیا پەیامەکەی نییە، بگرە شێوازی داڕشتنی هەواڵەکەشە. جۆرنالیستێکی پرۆفشناڵ و خاوەن ئەزموون، سەرجەم پەیڤەکانی زۆر بە هوشیاری گوڵبژێر دەکات و ڕستەکان لە شوێنی شیاوی خۆیان دادەنێ. پێویستە لە پێش نووسین بزانێ کە سەبارەت بە کام بابەت و چی دەنووسێ.

هەموو نووسینێ خاوەنی دوو بەشی سەرەکییە:

**١– بیرۆکەی سەرەکی**

**٢– ساختاری داڕشتن**

بۆ داڕشتنی داستانێکی ڕۆژنامەڤانی ئەمانەی خوارەوە پێویستن:

- **بیرۆکە**
- **کەرەستەی شیکاریی پێدڤی بۆ گەشەی بیرۆکەکە**
- **باکگراوند**
- **کەرەستەی تەواوکەر**

لە پاش دۆزینەوەی بیرۆکە و گەڵاڵەکردنی کەرەستەی پێویست، نووسەر دەبێ بیر لە شێوازی داڕشتن بکات.

**بە شێوەیەکی گشتی هەر داستانێکی سەرکەوتوو بریتییە لە هەشت بەش:**

١- دیاریکردنی بیرۆکەی سەرەکی داستانەکە

٢ - نووسینی کورتەیەکی بیرۆکەکە

٣- نووسینەوەی یاداشت و تێبینییەکانی پێوەست بە بیرۆکەکە

٤- ڕیزبەندی کەرەستە ناسەرەکییەکان بە پێی گرینگی

٥- دەستپێکردن بە نووسینەوە و لکاندنی سەرجەم بەشەکان بە شێوازێکی لۆجیکی و زەمانی.

٦- پیاچوونەوە بە سەر نووسینە تەواوبووەکە بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی و پاراویی داڕشتنەکە.

٧- پیاچوونەوەی دووبارە بۆ دڵنیابوون لە ڕێزمان و ستایلی نووسین

٨- پاکنووسکردنەوە.

**داستانەکانی نووسین**

١- داستانی تاك ڕووداوی(١) :

بەو داستانە دەڵێن کە بریتییە لە تاکە کردار یان ڕووداو. لەم جۆرە داستانانە ئەگەر چەندین بیرۆکەی نووسینەوەی داستانەکەش هەبن تەنیا ئەوەیان بۆ بڵاوکردنەوە هەڵدەبژێردرێ کە گرینگترینە. ئەم جۆرە داڕشتنە تەنیا بۆ هەواڵی گچکە دەشێ. بۆ نموونە کاتێ دەڵێین:

*ئەمڕۆ لە زانکۆی سەڵاحەدین سمینارێك ڕێکخرا لەسەر سیستمی پەروەردەی کوردستان.*

ئەم مانشێتە بۆ داڕشتنێکی کورت و تاك ڕووداویی دەشێ.

٢- داستانی دوو بەشی(٢):

ئەم چەشنە داستانانە لە دوو بەشی سەرەکی پێك دێن. واتە: یان هەر دوو

(1) Single - Element Story
(2) Two-Element Story

بەشەکە تەواوکەری یەکترن؛ یان یەکێکیان تەواوکەری ئەوی ترە. بۆ نموونە ئەگەر بیرۆکەی هەواڵێك بەم شێوەیە بێ:

*ئەمڕۆ لە زانکۆی سەلاحەدین سمینارێك کرا لەسەر سیستمی پەروەردەی کوردستان. ئەم سیمینارە لەلایەن سەرۆکی زانکۆ و هەندی لە ڕێکخراوە بیانییەکان ڕێك خرا بە مەبەستی گۆڕینی سیستمی کۆنی پەروەردەی کوردستان.*

لەم داستانەدا دوو لایەن بەشدار بوونە و بۆ داڕشتنی ئەم جۆرە هەواڵانە، پێدڤییە جۆرنالیست باسی هەردوو لایان بکات.

داستانی چەند بەشی[۳]:

هەندی جار ڕۆژنامەڤان پەی بە گرینگیی سەرجەم ڕەهەندەکانی هەواڵ دەبات. ئەم جۆرە هەواڵانە پتر بۆ راپۆرتاژی شیکاریی دەشێن کە جۆرنالیست لە ڕەهەندە جیاوازەکانەوە دەفگرێتە بابەتەکە. جۆرنالیست لە وانەیە بێجگە لە ڕووداوەکە، بیروڕای شاهێدەکان و توێژەرەکان بئاخنێتە ناو راپۆرتاژەکەدا.

(3) Multiple - Element Story.

**هەواڵ چییە؟**

**پێناسەکانی هەواڵ:**

هەواڵ و دەنگوباس نزیکەی ٦٠٪ ڕووبەری ڕۆژنامەکانی داگیر کردووە و پێوەستە بە ڕووداوێکی تازە کە شیاوی خوێندنەوە بێ بۆ خوێنەران. چۆن بۆ چیکردنی پانزین دەبێ نەوتی خاو بپاڵێورێ و پێکهاتەکانی جیا بکرێنەوە و بەشە سوودمەندەکانی بەکار بهێنرێ زانیاریش بەو شێوەیەیە. زانیاریی واتا داتای مانادار و هەواڵیش واتا زانیارییەك کە پەیامێکی پێ بێ. ئەنجا کام هەواڵانە شایانی بڵاوکردنەوەن دەبێ پۆلێن بکرێن و بزانرێن ئایا بۆ هەواڵ دەشێن؟ یان ئەگەریش بشێن دەکەوێتە کام خانووی پۆلێنکراودا.

**چەند پێناسەیەکی هەواڵ:**

هەواڵ واتە بڵاڤکردنی زانیاریی ڕاست و گرینگ و سەرنجڕاکێش سەبارەت بەو شتانەی کە خوێنەر تامەزرۆیە بزانێ.

هەواڵ واتە شتی نوێ یان دواترین زانیاری.

هەواڵ واتە دەرخستنی بیرۆکە یان ڕووداو یان کێشەیەکی نوێی سەرنجڕاکێش بۆ خەڵك.

هەواڵ واتە هەرشتێکی کات بەسەرنەچوو کە سەرنجڕاکێش و پڕواتا بێ بۆ خوێنەران.

باشترین هەواڵ ئەو هەواڵەیە کە زۆرترین خوێنەری هەبێ.

بۆرتن راسکۆ(١) دەڵێ: "لە ڕاستیدا ماهیەتی هەواڵ گرینگ بوونیەتی و ئەوەی بۆ خەڵکی سەرنجڕاکێشە جۆرنالیزمە."

ستوارت گارنیر(٢) دەڵێ: "بازاڕیابی پێویستە ببێ بە ئامانجی سەرجەم

(1) Burton Rascoe, Chicago Tribune, 1920s .

(2) Stuart Garner, Thomson Newspapers 1980s.

جۆرنالیستەکان و دەبێ ئەو زانیارییانەی کە لە زانستگەکاندا مێشکیان پێ پڕ کراوە لە بیر بکەن و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوە بکەن خوێنەران بە دوای چی دەگەڕێن و ئەوەیان پێ بدەن.″

جیری گۆلدستێن(٣) دەڵێ: ″هەواڵ ئەو ڕاستییەیە کە گرینگە.″

زۆربەی پێناسەکانی هەواڵ لەسەر ئەوە کۆکن کە پێویستە هەواڵ لە بەرژەوەندیی جەماوەردا بیت. بەڵام بەرژەوەندیی لە تاکێکەوە بۆ تاکیکی تر و لە شوێنێ بۆ شوینێکی تر دەگۆڕێ. تامەزرۆیی خوێنەران بۆ هەواڵ و جۆرێتی لە نێو خەڵکیدا جیاوازە. هەندێ لەوانەیە حەزیان لە هەواڵی سیاسی بێ، هەندی هەواڵی ئابووری ، هەندێ هونەری، هەندێ کۆمەڵایەتی یان وەرزشی، بەڵام هەموو ئەم گرووپانە بەگشتی حەزیان لە هەواڵە ! کە واتە هەواڵ بەشێکی گرینگی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ پێك دێنێ. هەرکەس بە پێی پێویست تا ڕادەیەك خوێنەر، گوێبیست یان بینەری هەواڵە. ڕادەی ویستی هەواڵ و چۆنایەتیی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتی تر جیاوازە. بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەکو کوردستان کە هێشتا کێشەی سیاسی و ئابووری و خزمەتگوزاری چارەسەر نەکراوە، خەڵکی ڕۆژانە پتر بە دوای ئەو هەواڵانە دەبن کە پێوەستن بە ژیانی ڕۆژانەیان. بەڵام لە وڵاتێکی وەکو ئەمەریکا خەڵکی بە پێی تەمەن و شێوازێ ژیانیان بە دوای هەواڵن. بۆیە دیموگرافیی و باری ژیان و ڕادەی خوێندەواریی و جوگرافیای سیاسی و ئاین و هەمویان سەرپشکن لە ناسینی خوێنەرانی هەواڵ.

ڕۆژنامەڤانان بۆ هەڵسەنگاندن و نرخاندنی هەواڵ دەفگرێنە هۆکارگەلێکی فراوان.

هەندێ لەو هۆکارانە کە سەرنجراکێشن بۆ خوێنەر ئەمانەن:

– **کات و تازەگیی هەواڵ:** بێگومان هەواڵێ کە کاتی بەسەرچوو بێ، گرینگی نامینێ.

– **کاریگەرێتیی هەواڵ:** هەواڵەکە چی کاریگەرییەك لە سەر خوینەران بەجێ دێڵێ؟

(3) Gerry Goldstein, The Providence Journal, 1990s.

– **نزیکایەتیی لە خوێنەران:** بێگومان هەواڵێکی پێوەندیدار بە ژیانی خوێنەران گرینگترە تا هەواڵێ کە هیچ کاریگەرییەك لە سەر ژیانیان نەبێ.

– **شەڕ و پێکدادان:** ئەم جۆرە هەواڵانە دایم پڕخوێنەرن. سروشتی مرۆڤە کە دایم خوازیارە بزانێ شەڕ و ناکۆکی لە کوێوە هەڵگیرساوە.

– **سەیربوون و پێویستی خەڵکی:** هەواڵی سەیر و سەمەرە و شاز خوێنەری زۆری هەیە.

**جۆرەکانی هەواڵ:**

بەرلەوەی کە جۆرنالیست دەست بکاتە نووسینەوەی هەواڵ، پێدڤییە شارەزا بێ لە دیاریکردنی جۆری هەواڵ و شێوازی داڕشتنی. بۆ نموونە ئایا ئەمە هەواڵێکی سیاسییە یان کۆمەڵایەتی؛ ڕۆشنبیرییە یان پەروەردەیی. دەبێ لێکدانەوەیەکی هەواڵەکە بکات و ئەنجا دەستبکاتە کۆکردنەوەی زانیاریی و کەرەستەکانی داڕشتنی هەواڵەکە. بە شێوازێکی گشتی هەواڵەکان بە چەندین بەشی سەرەکییەوە پۆلێنبەندی دەکرێن کە هەندێکیان بریتین لە:

هەواڵی خیتاب

هەواڵی سیاسی

هەواڵی هەڵبژاردنەکان

هەواڵی ئەکادیمی یان پەروەردەیی

هەواڵی زانستی

هەواڵی ژینگە

هەواڵی ئابووری

هەواڵی کۆمەڵایەتی

هەواڵی ڕۆشنبیری

هەوڵی حکوومەت

هەواڵی تەندروستی

هەواڵی کەش و هەوا

هەواڵی دادگا

هەواڵی لێکۆڵینەوە

هەواڵی بودجە

هەواڵی جینایی

هەواڵی وەرزشی

**نووسینی هەواڵ**




لە جۆرنالیزمدا بۆ هەواڵنووسین مودێلێکی گشتی پەیڕەو دەکرێ کە بە مودێلی هەرەمی سەرەوخوار – Inverted Pyramid – ناسراوە. ئەم مۆدێلە ئەگەرچی پتر لە سەدەیەکە داهێنراوە، وەلێ هێشتا لە جۆرنالیزمدا باوە. بە پێی ئەم مودێلە بەشە پێکهێنەرانی هەواڵ، چوار بەشی سەرەکین لە سەرەوە بۆ خوارەوە و بەشە گرینگەکانی هەواڵ لە سەرەوەن و ئەوانەش کە کەمتر گرینگن لە خوارەوە دێن. بەو پێیەش واتە دەبێ زانیارییە گرینگەکان لە سەرەتای هەواڵەکە باس بکرێن و ئەنجا بەرەو بەشەکانی تر بێتە خوارەوە.

ڕیزبەندی زانیارییەکان بۆ هەواڵنووسین بەم شێوەیەی خوارەوەن:

١– زانیاریی کێ، کوێ، کەی، چی و بۆ

٢– زانیاریی گرینگ

٣– زانیاریی تەواوکەر

٤– تێبینیەکانی تر

**١- کێ، کوێ، کەی، چی و بۆ**

بۆ نمونە ئەگەر دخوازن کە هەواڵ سەبارەت بە سیاسەتڤانێك چیێ بکەن دەتوانن ئەم پێنج پرسیارە بەم شێوەیە دەرببڕێن:

کێ: کێیە ئەو سیاسەتڤانە؟ سەر بەکام لایەنە؟ چ پۆستێکی هەیە؟

چی: چی کردووە؟

کوێ: لە کوێیە؟ ڕووداوەکە لە کوێ بووە؟

کەی: کەی ڕووی داوە؟

بۆ : بۆ چی ئەو لێدوانانەی داوە؟

**سوودەکانی ئەم مودێلە:**

- ڕاستییە گرینگ و پێوەندیدارەکان لە سەرەوە دێن

بە پێی تویژینەوە، زۆربەی خوێنەران لە پێشان چاو دەخشێنە مانشێت و یەك دوو دێری سەرەتای هەواڵەکان لەبەرئەوەی کاتییان نییە وشە بە وشەی هەواڵەکان بخوێننەوە، پێدڤییە زانیارییە گرینگەکان لە سەرەوە دابنرێن. ئەگەر سەرنجی خوێنەری ڕاکێشا، ئەنجا لەوانەیە سەرجەم هەواڵەکە بخوێنێتەوە.

- ئاسانکاری دەکات بۆ دیزاینی لاپەڕەکە

لەبەرئەوەی کە ژمارەیەکی زۆری هەواڵ لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو دەکرێنەوە، لە چەندین ستوون و لاپەڕەی جیاواز شوێنییان بۆ دەکرێتەوە و ئەگەر نەکرا، نووسەر یان سەرنووسەر دەزانێت لە کام بەشی هەواڵەکە بقرتێنێ. بەکار هێنانی ئەم مودێلە کارەکە ساناتر دەکات، چونکە دیارە بەشە گرینگەکان لە کوێن.

- ئاسانکاری دەکات بۆ هەڵبژاردنی مانشێت

کاتێك کە زانیارییە گرینگەکان لە سەرەوە دادەنرێن، نووسەر یان سەرنووسەر یان ئەو کەسەی بەرپرسە لە هەڵبژاردنی مانشێت، دەتوانێت زۆر بە سانایی و لە کاتێکی کەمدا مانشێتێکی شایستە بدۆزیتەوە.

### داستانی هەواڵەکان

داستانی هەواڵەکان دوو بەشن:

١– **هەواڵی سەرڕاست:** ئەم چەشنە هەواڵانە، زانیاریی ڕاست بە شێوازێکی سادە و ڕۆشن و دروست لە سەر ڕووداوەکان دەداتە خوێنەران و شیاوی چەواشەکردن یان بەهەڵە لێکدانەوە یان زانیاری ڕاست شاردنەوە نین و خوێنەر پێویستی بە بڕیاردان لە ئەنجامی هەواڵەکە نییە.

٢– **هەواڵی تێبینیدار:** پتر پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە و لە هەموو زاویەکانی هەواڵەکان دەکوڵێتەوە و تیشك دەخاتە سەر هەموو گۆشەکانی هەواڵەکە و باکگراوندیی تاکو بتوانێ خوێنەر بە چاکی تێ بگەێنێ و باشتر ڕووداوەکە ببینێ.

### گرینگیی هەواڵ

زۆر هۆکار هەن کە گرینگی بە هەواڵەکە دەدەن. هەندێکیان ئەمانەن:

١– **کات و خێرایی:** ئەگەر هەواڵەکە هەرە گرینگیش بێ، بەڵام لە کاتی خۆی نەگەیەنرێتە خوێنەر، کۆن دەبێ و گرینگیی نامێنێ.

٢– **نزیکبوونی شوێنی ڕووداوەکە:** بۆ نموونە ڕووداوی پێکدادانی ترومبێلێ لە نزیك ماڵەوە زۆر گرینگترە لە ڕووداوێکی هاوچەشن لە ولاتێکی تر.

٣– **پێویستە هەواڵەکە بۆ خوێنەر سەرنجڕاکێش و پڕ واتا و گرینگ بێ:** چونکە بەرژەوەندییەکان جیاوازن، لە وانەیە هەواڵێ بۆ بەشێکی کۆمەڵگە یان ولاتێ یان نەتەوەیێ زۆر گرینگ و سەرنجڕاکێش بێ، بۆ هەندێکی تر بە پێچەوانەوە بێ.

٤– **ناو و ناوبانگیی کەسەکە:** ئەمە ڕۆڵێکی کارای هەیە، بۆ نموونە ئەگەر ئەکتەر، سیاسەتمەدار یان بازرگانێکی گەورە، هەر چالاکییەك بکەن دەبێتە هەواڵ و ژمارەیەکی زۆر خوێنەری خۆی هەیە.

٥– **شوێنی ڕووداوەکە:** کات یان شوێنی هەواڵەکە دەتوانێ گرینگیی هەواڵەکە پتر بکات. بۆنموونە خۆکوژی لە شارێکی زۆر گەورە لە وانەیە هەواڵێکی گرینگ نەبی، بەڵام بۆ لادێییێ یان شارۆچکەییێك پڕگرینگە.

٦– **قەبارە و ژمارە:** بۆ نموونە لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا ئەگەر ژمارەیەکی زۆر خەڵکی بکوژرێن یان بریندار بن هەواڵەکە زۆر سەرنجراکێشتر دەبێ. ئەگەر کوژراو یان برینداری تێدا نەبێ یان کەمتر بێ لە بەهای هەواڵەکە کەم دەکاتەوە.

٧– **ئاڵۆزکاوی:** ئەگەر هەواڵەکە ئاڵۆز بێ و بەدواداچوونی گەرەك بێ، هەواڵەکە بەهادار دەکات. ئەم جۆرە هەواڵانە بۆ خوێنەران سەرنجڕاکێشن بۆ ئەوەی بزانن ئەنجامەکە دەگاتە کوێ.

هەندێ لایەنیتری گرینگ و بەرچاو لە هەواڵەکاندا بریتین لە: کردار، بزاڤ، شەڕ، تێکۆشان، دژایەتی، ڕکەبەرایەتی، سێکس، گەندەڵی، جوانی و ڕۆمانس، بەسەرهات و نەخۆشیی، گەڕان، دۆزینەوە، چێکردن، تازەگەری، تەنز و داستانی منداڵان و ئاژەڵ.

**هەندێ نموونەی تایبەتمەندیی هەواڵی گرینگ بەم شێوەیەن:**

**کات لە هەواڵدا:**

– *ئەمڕۆ سەرۆك وەزیرانی کوردستان لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی وڵاتانی دراوسێ دانیشت.*

– *هەفتەی ڕابردوو سەرکۆماری کوردستان لەگەڵ سەرکۆماری ئەمریکا دانیشت.*

لە بەراوردێکی جۆرنالیستیدا دکارین ببێژین کە هەواڵی یەکەم گرینگترە لەوەی دووەم چونکە ئەوەی دووەم هەفتەیەکی بەسەرچووە.

گرینگترین بەشی هەواڵ کاتە. کات دەتوانێ لە گرینگیی هەواڵ کاریگەر بێ. بۆ نموونە ئەگەر کاتێ هەواڵەکە بە سەر چووبێ، ئیتر گرینگیی بۆ خوێنەر لە کیس

دەدات و کەس نایخوێنێتەوە. کات ئەوەندە فاکتەرێکی گرینگە کە ئێستا بووەتە هۆکاری خولْقاندنی ڕۆژنامە و میدیای ئەلکترۆنی کە چرکە بە چرکە ئاگەداری ڕووداوەکانن و هەواڵی نوێ دەخەنە بەردەم خوێنەرانیان. تەکنۆلۆجیای زانیاری لەم خێراییەدا ڕوڵێکی گرینگ دەبێنی و تەنانەت وای لێ هاتووە کە هەواڵەکان بۆ ئیمەیل یان مۆبایلی خوێنەران دەنێردرێن تا لە ڕووداوە تازەکان بێ خەبەر نەمێنن. بۆیە میدیای ئەلکترۆنی بە پێچەوانەی ڕۆژنامە کلاسیکییەکان کە ڕۆژانە دەردەچن، خێراتر هەواڵەکان دەگوێزێتەوە. میدیای چاپ چەند خێرا بێ ناتوانی هەواڵەکان لە کەمتر لە ڕۆژێك بلاو بکاتەوە. هەرچەند هەواڵەکە زۆر گرینگیش بێ کە کۆن بوو نرخی خۆی لە کیس دەدات. ئەمەش هۆکارێکە کە کۆمپانیا میدیاکان پێشبڕکێ لەگەڵ یەکتر بکەن بۆ خێرایی هەواڵنێریی بۆ زۆرترین شوێن و خەڵك. بۆیە لەم بارەیەوە میدیا ئەلکترۆنییەکان ڕۆڵێکی کاریگەرتر دەگێڕن.

**کاریگەریتی هەواڵ:**

– *ماڵێك بە سەر خێزانێکدا ڕووخا.*

– *لافاوێك گوندیکی کوردستانی وێران کرد.*

ئەو هەواڵەی کە کاریگەرێتیی لەسەر ژمارەیەکی زۆرتری خەڵك هەیە گرینگرە. بۆ نموونە کاتی بڵێی: ″دوو ترومبێل لەسەر شەقامێکی کوردستان پێکیاندا″ ئەم هەواڵە زۆر گرینگ نییە، چونکە ڕۆژانە پێشهاتی وا ڕوو دەدات و بووەتە ئاسایی، بۆیە پێویست ناکات لە لاپەڕەی ڕۆژنامەکاندا گرینگیی زۆر بەم جۆرە هەواڵانە بدرێت. بەڵام کاتێ دەڵێین: ″نەخۆشیی کولێرا لە سلێمانی چەندین کەسی تووش کردووە″. ئەمەیان گرینگترە، چونکە کاریگەریی بەسەر ژمارەیەکی زۆرترەوە هەیە و هەروەها گریمانەی تەشەنەکردن و گواستنەوەی زیاتری لێ دەکرێت و لە وانەشە بگوێزرێتەوە بۆ شارەکانی تری کوردستان، ئەمە خۆی لە خۆیدا هەواڵەکە گرینگتر دەکات. ژمارەی خەڵکی چەند پتر بێ، هەواڵەکە گرینگتر دێتە بەرچاو. بۆ نموونە چەندین هەواڵ بلاو بوونەتەوە کە خواردنی بەسەرچوو لە کوردستان گیراوە و سووتێنراوە، ئەم هەواڵە کاریگەریی دەبێتە سەر خوێنەران چونکە لە وڵاتێکی وەکو

کوردستان کە هێشتا نەگەیشتووەتە قۆناغی خۆژینی و سەرجەم خواردەمەنیی هاوردە دەکرێت، ئەم هەواڵە کاریگەریی لە سەرجەم دانیشتوانی دەبێ. یان ئەگەر بڵێین ئاوی سلێمانی پیس بووە، ئەم هەواڵە بۆ سەرجەم دانیشتووانی شاری سلێمانی پڕگرینگە.

**بەرجەستەیی:**

- *ترومبێلێ وەرگێڕا.*
- *ترومبێلی سەرۆك وەزیران وەرگیڕا.*

لە هەواڵەکاندا، هەردەم گرینگی بە کەسایەتیی پێوەندیدار یان بکەرەوە دەدرێت. بۆ نموونە ئەگەر دوو ترومبێل پێکدادەن هەواڵەکە زۆر ئاسایی دێتە بەرچاو، وەلێ ئەگەر ترومبێلەکان هی سەرۆك وەزیران بێت. ئەو هەواڵە گرینگ دەبێت. ئەم گرینگایەتییە پێوەستە بە پێگەی سیاسیی، کۆمەلایەتی، ئابووریی ئەو کەسانەوە وەکو سەرۆك وەزیران ، سەرکۆمار، خاوەن کۆمپانیا یان ڕێکخراوەکانی وەکو یو ئێن. یانیش دەکرێ پێوەندی بە شوێنێکی گرینگ یان پیرۆزەوە هەبێ، بۆ نموونە کاتێ دەڵێین: " تەقینەوەیەك لەسەر شەقامێکی بەغدا ڕووی دا "، زۆر ئاسایی یە، بەلام ئەگەر بڵێین: " تەقینەوەکە لە ناو مەزاری ئیمام عەلی بووە "، گرینگیی پتر دەبێ بۆیە هەندێ جار میدیا هەندێ لە ڕوداوەکان گرینگتر دەردەخات.

**نزیکی:**

- *کەسێ لەسەر شەقام بوورایەوە.*
- *سەرکۆمار لەبەر پیری بوورایەوە.*

ئەو ڕووداوانەی کە شوێنیان نزیکە لە خوێنەران، گرینگییان پترە بۆ خوێنەران. بۆ نموونە ئەگەر خوێنەر لە هەولێر بژێت و هەواڵێ بلاو بێتەوە کە بلێ کارەبا بۆ ماوەی ٢ ڕۆژ لە گەڕەکێکی هەولێر دەبڕێ، ئەو هەواڵە گرینگیی زۆرتری بۆ خوێنەرانی ئەو گەڕەکەوە هەیە تا گەڕەکێکی تر یان شاریکی تری کوردستان. چونکە هەواڵەکە نزیکترە بۆ خوێنەرانی ئەو گەڕەکە. هەروەها ئەم نزیکایەتییە بۆ

مرۆڤەکانیش دەشێ. بۆ نموونە ئەگەر هەواڵەکە بڵێ: فلان کەس تووشی جەڵدەی دڵ بووە، ئەگەر نەخۆشەکە وەزیر بێ هەواڵەکە گرینگتر دەبێ تاکو خەڵکێکی ئاسایی و لە وانەیە خوێنەرێکی زۆرتر تامەزرۆی خویندنەوەی بن، بەڵام ئەگەر وەزیرەکە خەڵکی گوندێ بێ، هەواڵەکە بۆ دانیشتووانی گوندەکە گرینگترە لە خەڵکیتر. گرینگیی هەواڵەکان بە پێی پێوەندیی نێوان مرۆڤەکان وەکو پێوەندی خزمایەتی، ئاینی، کولتووری یان نەتەوەیی دەگۆڕی. ئەگەر لە کوردستان هەواڵی بڵاوبێتەوە کە لەبەر ڕوداوێکی پێکدادانی ترومبێل دوو کورد ژیانیان لە دەست داوە، ئەمە زۆر بە ئاسایی دێتە بەرچاو و ڕەنگە تەنیا کەسوکاری ئەو دوو کەسە بە دوای هەواڵەکە بگەڕێن، بەڵام ئەگەر ڕووداوی ئەو دوو کوردە لە ئەمەریکا بێ، دەبێتە مایەی سەرنجڕاکێشانی هەموو کوردێکی دانیشتووی ئەمەریکا.

**شەڕ و پێکدادان:**

– *تورکیا خۆی ئامادە کردووە تا هێرش بەرێتە سەر پێگەکانی شەڕڤانانی ئازادیخوازی پکك.*

– *تورکیا و ئێران بەردەوام بوردوومانی ناوچە سنوورییەکان هەرێمی کوردستان دەکەن.*

شەڕ و پێکدادان بەشێکی گرینگ و سەرەکی ڕۆژنامەڤانی پێك دێنێ. ئەگەر سەرنجتان دابێ، ڕووداوە شەڕەنگیزەکان هەردەم لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکانی داگیر دەکەن. لەبەرئەوەی کاریگەریی شەڕ ئێجگار زۆرە بۆ سەر وڵاتەکە لە ڕوی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە. زۆر جار شەڕی وڵاتانی تریش دەشێ کاریگەری لەسەر باری گوزەران و سیستمی ژیانی خەڵکی وڵاتێکی تر هەبێ. ئەگەر لە وڵاتێکدا شەڕی ناوەخۆ هەبێ، لەوانەیە میدیا و ڕۆژنامەگەریی حیزبی و قۆرخکراو، بە پێچەوانەی میدیای ئازاد، ببێتە لایەنێکی بەشدار و ئاگر خۆشکەری شەڕەکە و ڕۆڵێکی نەرێنی بگێڕێ.

**شتی شاز و سەیر:**

– *مرۆڤێکی دوو سەر لە دایك بوو.*

– *پێشمەرگەیەکی کورد بە خەنجەر هێرشی بردە سەر تانکێکی دوژمن.*

هەواڵی سەیر و سەمەرە دەبێتە مایەی سەرنجڕاکێشانی خوێنەران. بۆ نموونە کاتێ هەواڵێ بڵێ: " کەشتییەکی ئاسمانی لە هەسارەیەکی تر هاتووەتە سەر زەوی". ئەمە دەبێتە مایەی ڕاکێشانی خوێنەر بۆ هەواڵەکە. ئەم جۆرە ڕووداوانە دەکرێ پێوەست بن بە هەموو شتێکی سەیرەوە.

**تازەیی:**

– *باشووری کوردستان داوای سەربەخۆیی دەکات.*

– *ڕەشپێستەکان داوای یەکسانی دەکەن.*

هەندێ لە بابەتەکانی ڕۆژنامەڤانی چەند کۆنیش بن هێشتا تازەییان هەیە بۆ خوێنەر و بە بەردەوامی باس دەکرێن. ئەم جۆرە بابەتانە چەند کۆنیش بن دایم دەروازەیەکی کراوەن بۆ وتوێژ و ڕادەربڕین. جار هەیە ڕووداوێك ئەم باسانە نوێ دەکاتەوە. بۆ نموونە کاتێ چەند پولیسێکی ئەمەریکایی لە ڕەشپێستێ دەدەن و مافەکانی پێشێل دەکەن، میدیا تیشك دەخاتەوە سەر ئەم بابەتە گرینگە و دەچێتە ناو مێژووی چەوسانەوەی ڕەشپێستەکان و هەمدیس کێشەکە دەورووژێنێتەوە و هەواڵەکە بۆ خەڵکیش گرینگیی دەبێ. هەندی جار ئەم جۆرە بابەتانە دەبنە هۆی زیندووکردنەوەی داستان و بابەتی کۆنتری پێوەندیدار. بۆ نموونە ئەم هەواڵە "پۆلیسی کوردستان ڕۆژنامەڤانێکی کورد دەگرێ" دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕۆژنامەڤانان باسی پێشێلکاریی مافەکانییان بکەنەوە و ئاماژە بەو کێشانە بدەن کە گیرۆدەی بوونە و یەکە یەکەی ئەو نموونانە زیندوو بکەنەوە کە کاتی خۆی گیراون و هۆکارەکانی باس بکرێن و سەرنجی خەڵکی بۆ بابەتەکە ڕاکێشن.

**پێداویستی:**

ڕۆژنامەڤان بە پێی دەرك و پێزانین و تێگەیشتن لە پێشهاتەکان و ئەزموونی خۆی، هەندێ جار هەندێ بابەت دەورووژێنێ کە بە پێویستیان دەزانێ. ئەم

بابەتانە دەشێ بە ڕێککەوت یانیش لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی خۆی بێ. دەکرێ کورتەماوە بێ یان درێژخایەن. هەندێ ڕۆژنامەڤان لە وانەیە بۆ چەندین مانگ یان ساڵ بە دوای بابەتێکی گرینگ و سەرنجڕاکێشدا بن کە کاریگەر بێ لە سەر ژیانی خەڵکی. بۆ نموونە کاتێ کە ڕۆژنامەڤانێکی واشینگتۆن پۆست ڕێی کەوتە نەخۆشخانەی "والتر رید" لە ئەمەریکا، کە نەخۆشخانەیەکی تایبەتی میلیتارییە و لەوێ بینی کە باری نەخۆشەکان خراپە و چاودێری ناکرێن و لە ڕووی خزمەتگوزارییەوە لەو ئاستە دا نییە کە بۆ بریندارانی شەڕی عێراق تەرخان کرابوو، بابەتێکی نووسی و بوو بە مشتومڕێکی بەخوڕ و لە ئەنجامدا سەرۆکی خستەخانە دەرکرا و بووە هۆی گۆڕانکارییەکی فراوان لە سیستمی تەندروستیی میلیتاریی ئەمەریکایی.

یان دوو ساڵ پێش، ڕۆژنامەڤانان تیشکیان خستە سەر ئەو کاڵایانەی کە لە وڵاتی "چین"ەوە دێن بۆ ئەمەریکا. هەندێ لە بازرگانەکانی ئەو کاڵایانە پەیڕەوییان لە یاساکانی تەندروستی ئەمەریکا نەکردبوو و لە ئەنجامدا بە تەواوەتی نەپشکێندرا بوون. ئەمە بووە هۆی تەرکیزی میدیای ئەمەریکایی و لە ئەنجامدا زەرەرێکی زۆر لە کۆمپانیا چینییەکان دراو کار گەیشتە ئەوەی کە چەندین بەرپرسی گەورەی کۆمپانیاکانیان لابرێن و سزا بدرێن. ئابووری چینیش تووشی زەرەرێکی زۆر و زەوەند بوو.

**سەرچاوەکانی هەواڵ و کۆکردنەوەی زانیاریی ڕاست:**

ڕۆژنامەڤان زۆر جار کە ڕاپۆرتە هەواڵ یان بابەتێکی ڕۆژنامەڤانی دەنووسێ، پێویستی بە کۆکردنەوەی زانیاریی و لێکۆڵینەوەیە لە ڕاستییەکانی، بۆیە دەبێ دایم ئامادە بێ بۆ گەڕان بە دوای هەواڵە ڕاستەقینەکان و ڤەدیتنی زانیاریی پتر لەسەر کەسەکان و ڕووداوەکان. پێدڤییە چاوگەکانی دۆزینەوەی ئەم زانیارییانە جێی بڕوا و متمانە و ڕاست بن. لە پاش نووسینی ڕاپۆرتاژیش، پێویستە ڕێزمانی پاراو و وشەکان گولبژێر بکرێن بۆ گەیاندنی مەبەستی سەرەکیی نووسەر. چی وەکو زانیاریی سەبارەت بە کەسەکانی ناو بابەتەکە و چی وەکو ڕێزمانی

راپۆرتاژەکە، دەبێ هەڵەی تێدا نەکرێ.

هەندێ لەو سەرچاوانەی جۆرنالیست بەکاریان دێنێ بۆ ئەم مەبەستە ئەمانەی خوارەوەن:

### ماڵپەڕەکان

پێشکەوتنی ئینترنێت کارەکانی جۆرنالیزمی گەلێ سانا کردووە. ئێستا زۆربەی زانیاریی پێویست دەکرێ لە ڕێی ئینترنێتەوە وەربگیرێن وەکو: زانیاریی ڕێکخراو و حکوومەت و کۆمپانیا و کەرتە پیشەسازییەکان و لە وڵاتە پێشکەوتوو و دیموکراسییەکاندا تەنانەت سەرجەم زانیاریی دادگا و کەیسە کراوە و داخراوەکان و کەیسی مەدەنی و جەنایییەکانیش لە ڕێی ئینترنێتەوە دەدۆزرێنەوە. بۆ نموونە ئەگەر ڕۆژنامەڤان گەرەکیەتی سەبارەت بە سکاڵایەك زانیاری کۆ بکاتەوە، دەتوانێ بڕوانێتە ماڵپەڕی دادگای ئەو شارە و زانیارییەکانی زۆر بە ئاسانی وەدەست بخات. یان ئەگەر راپۆرتاژێك پێویستی بە ئاماری ڕاست بێ سەبارەت بە ڕووداو یان راپۆرتاژێکەوە، دەکرێ ئەم زانیارییانە لە سەر ماڵپەڕی ئەو ڕێکخراو و ئۆفیسە حکومییەکانەوە گیر بێنێ.

### گەڕۆکەکانی ئینترنێت – Search Engines

ئێستا سایتێکی بەناوبانگی وەکو گووگڵ – Google، بووەتە سەنتەرێکی فراوان بۆ دۆزینەوەی وەڵامی زۆرێك لە پرسیارەکان. ئەم گەڕۆکە بە هێزە شەوانە ڕۆژ لە ناو سەرجەم سایتەکانی سەر ئینترنێت دەگەڕێت و زانیارییەکانی ئەو سایتانە پۆلێن دەکات و لە کاتی گەڕاندا پێشکەشی بەکارهێنەرانی دەکات. ڕیزبەندییەکەش پێوەندی بە کۆمەڵێ هۆکارەوە هەیە وەکو ژمارەی بینەرانی ئەو سایتە، ژمارەی دووبارەبوونەوەی ئەو وشەیەی کە لە دوایدا دەگەڕێن لەسەر سایتەکە و ... هتد. ژمارەی گەڕۆکەکان زۆرن، بەڵام هەندێ گەڕۆکی وەکو Google, MSN, Yahoo, AOL ناوبانگترینن و دەتوانن وەڵامی زۆربەی پرسیارەکان بدەنەوە. پاشان زۆربەی ئەم سایتانە بەشیکی تایبەتیان بۆ هەواڵ و دەنگوباس تەرخان کردووە کە جۆرنالیست دەتوانێ وەکو سەرچاوە بەکارییان بێنێ.

**لیست سیرڤیر**– Listservs

ئەم سیرڤەرانە وەکو فۆرەمەکان یان سەکۆکانی وتوێژی ئینترنێتی، شوێنی وەڵام و پرسیاری تەرخان کردووە بۆ بەکارهێنەران. دەکرێ کە پرسیارەکان ئاراستەی گرووپێکی هاوپیشە و پسپۆڕ بکرێت و وەڵام بدرێنەوە، بەڵام ئەمە بۆ سەرچاوەی ڕاستەوخۆی کاری جۆرنالیزمی کە دەبێ پشت ئەستوور بێ بە چاوگەی ڕاست و دروست ناشێ. دەکرێ تەنێ بۆ وەرگرتنی زانیاریی گشتی یان بۆ ڕوونکردنەوە و وەڵامی هەندێ لە پرسیارەکان سوودی لێ وەربگیرێ.

**کۆمپیۆتەر:**

جۆرنالیست دەشێ لە ڕێی کۆمپیۆتەر و ئینترنێت و لە ڕێی بانکە زانیارییەکانەوە– Database، زۆربەی زانیاریی پێویست بدۆزێتەوە. هەندێ لەم جۆرە بانکانە تایبەتن و خەڵکی ئاسایی مۆڵەتی چوونە ناو سایتەکانیان نییە و هەندێکیشی گشتین و دەتوانن بە سانایی دەستیان بگاتە زانیاریی گشتی و مۆڵەتپێدراو – Public Records، وەکو: زانیاریی شارەکان، نەخشەکانی شار، ئۆفیسەکانی حکوومەت، ریکۆردی باج، گواستنەوەی موڵك و ماڵ و سامان، مۆڵەتنامەی بینا و کۆمپانیا و کەیسی دادگا و پێشێلکاریی کەسەکان ... هتد. لەم بانکانە، دەکرێ زانیارییەکە بە دڵخوازی بەکارهێنەر ڕیزبەندی بکرێت و بە پێی ئەلیفبا بگۆڕێ یان بە پێی ژمارەی بەکارهێنان لیستی لێ چێ بکرێ. هەروەها دەکرێ بە پێی ئەو مەرجانەی کە لە گەڕۆکەکە بۆی دادەنێیت بەدوای زانیارییدا بگەڕێیت. بۆ نموونە دەتوانی داوای ئەم زانیارییانە بکەیت: لیستی ئەوانەم پێشان بدە کە خەڵکی ڤیرجینیانە و پیشەیان کۆمپیوتەرە و دەرامەتی ساڵانەیان لە ١٠٠ هەزار دۆلار زۆرترە ... هتد.

لە ساڵی ١٩٦٦ لە ئەمەریکا بۆ پەرەپێدانی شەفافییەت یاسای ئازادیی زانیاریی –FOIA- Freedom on Information Act دەرچوو – کە بە پێی یاساکە مۆڵەت بە هەموو کەسێ دەدرێت دەستیان بگاتە داکۆمێنت و

بەڵگەنامەکانی حکوومەت.

زۆربەی بەڵگەنامەکانیش لەسەر ماڵپەڕی دەزگا حکومییەکاندا دادەنرێن بۆ ئەوانەی خوازیاری زانیارین.

**دایرێکتریی تەلەفۆن**

هەندێ جار جۆرنالیست خوازیارە لەگەڵ کەسێکی پەیوەندیدار بە هەواڵێکەوە بدوێ، بەڵام ژمارەی تەلەفۆنی کەسەکەی لانییە. لێرەدا دەتوانێ لە دایریکتری ژمارە تەلەفونەکان سوود وەربگرێ. لە کوردستان کە ئەم جۆرە سیستەمە تانووکە بوونی نییە، ئەرکی تۆمارکردنی ژمارەی تەلەفۆن و ناوی کەسایەتییەکان، دەکەوێتە سەر ئۆفیسی ڕۆژنامەکە و دەبێ ڕۆژنامەکە لیستی ژمارە تەلەفۆنی سەرجەم کەسایەتییە سیاسی و ڕۆشنبیریی و پیشەیی و کۆمەڵایەتییەکانیان هەبێ تا لە کاتی پێویست سوودیان لی وەربگیرێ.

لە کاتی نووسینی هەواڵ و راپۆرتاژەکانیشدا ڕۆژنامەڤان پێویستی بەم دوو سەرچاوەیە هەیە بۆ ئەوەی بابەتەکە هەڵەی ڕێزمانی یان زمانەوانی تێنەکەوێ:

**فەرهەنگۆك:** بۆ نموونە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە کە نووسینی مامۆستا هەژارە، سەرچاوەیەکی گرینگی زمانەوانییە. یان سیستمی ئیفەرهەنگ کە لە داهێنانی هەڤاڵی خۆشەویستم "هاوڕێ باخەوان"ە: http://www.eferheng.com و گرووپێکی خۆبەخت کار دەکەن بۆ زەنگینکردنی فەرهەنگەکە.

**کتێبی ڕێنومای ڕۆژنامەڤانیی ڕۆژنامەکە (ستایلبووك):** ستایلبووك ئەو کتیبەیە کە ئۆفیسی ڕۆژنامەکە وەکو سەرچاوەی ڕێزمانی یان ستایلی نووسین بەکار دێنێ و تا ڕادەیەکی زۆر یارمەتیدەری ڕۆژنامەڤان دەبێ بۆ پیادەکردنی ستایلی ڕۆژنامەنووسی تایبەت بە ڕۆژنامەکە. هەرکات ڕۆژنامەڤان لە شێوازی نووسینی واژەیەك یان دێرێك دڵنیا نەبێ، دەتوانێ بڕوانێتە ئەم کتێبە بۆ ڕاستکردنەوەی شێوازی نووسینەکە؛ بۆ نموونە: ئایا شەقامی ژمارە ١٨یە؟ یان شەقامی ١٨ەم؟ بە داخەوە لە کوردستان تا نووکە ئەم جۆرە ڕێنومایانە بوونیان نییە.

**هاوکاریی سەرچاوەکانی هەواڵ:**

بیل کۆڤاچ، بەرپرسی پێشووی واشینتۆنی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز، نووسەری کتێبی "پێکهاتەکانی جۆرنالیزم"(٤) و دامەزرێنەری "کۆمیتەی ڕۆژنامەڤانانی بەرپرسیار"ە. لە وتارێکیدا لە زانستگەی مەریلەند باسی سێ یاسا دەکات بۆ سەرچاوەکانی هەواڵ(٥). لەو ڕووەی کە ئەم یاسانە لە ڕۆژنامەڤانیدا بەهەند وەردەگیرێن بە کورتی ئاماژەیان پێ دەدەم.

**یاسای ژمارە یەك:**

ئەوانە بدۆزنەوە کە هاریکارن یان کاریگەریی لەسەر ئەو ئاژانس و ڕێکخراوانە دەنوێنن کە ئێوە راپۆرتاژی لەسەر دەکەن. هەوڵ بدەن بیانکەنە بەشێ لە تۆڕی هەواڵگیریتان.

**یاسای ژمارە دوو:**

هەرکەسێ و هەموو کەسێ سەرچاوەیە. هیچ کەس بە بێ سوود یان بە فیرۆدەری کاتتان مەزانن. دەبێ ئاماژە بەوەش بدەین کە یاسای ژمارە دوو ئەو سکرتێرانەش دەگرێتەوە کە وەڵامی تەلەفۆن دەدەنەوە. ئەوانە سەر مێز یان ڕۆژمێریان تژییە لە یاداشت کە دەتوانێ پڕ بن لە زانیاریی بە سوود. گوێنەدان بەم کەسانە دەتوانێ بە زەرەرتان تەواو بێ.

**یاسای ژمارە سێ:**

ئەمەیان گرینگترین یاسایە. بایەخی سەرچاوەکان تەنیا بەو ڕادەیەیە کە ئێوە گوێی پێدەدەن. کاتێ پێوەندیت بە سەرچاوەیەك کرد، هەوڵ بدە لەو کاتەی

(4) The Elements of Journalism: What Newspeople Should Know and The Public Should Expect.

(5) Taken from a June 13, 2005 address delivered by CCJ Founding Chairman Bill Kovach at the University of Maryland School of Public Policy.

لەگەلیدای، با زۆرترین سوودی لێ وەربگری بۆیە لە پێشان پێدڤییە بۆ خۆئامادەکاریی ئەم خاڵانە لە بیر نەکەیت:

– ژیاننامەی کەسەکە بە هەموو تێبینییەکانی بزانە.

– خۆتان پرسیارەکان بنووسن.

–ئەو بەڵگەنامەی لەوانەیە بەکار بێنن ئامادە بکەن.

– پێشبینی ئەوە بکەن کە ڕەنگە کەسەکە هەندێ جار هەوڵ بدات بابەتی باسەکە بگۆڕێ. دەبێ ڕەزامەندی بنوێنن بۆ بازدان بەسەر باسەکە یان گۆڕینی.

ئامادەکاریی تەواو مۆڵەت بە جۆرنالیست دەدات کە تەرکیز بکاتە سەر قسەکانی سەرچاوەکە؛ نەك هزری بۆ لایێ تر بچێ و بە شوێن دۆزینەوەی پرسیاری داهاتوو یان بەڵگەنامەدا وێڵ بێ. بە پێچەوانەوە ئەگەر ڕۆژنامەڤان زانیاریی تەواوی سەبارەت بە بابەتەکە نەبێ، تێڕوانینی سەرچاوەکەش بەرامبەری دەگۆڕێ.

## مانشێت

بەشێکی هەرە گرینگی هەواڵ یان تەنانەت بابەتێکی ئەدەبی، سیاسی، کۆمەڵایەتی مانشێتە. کاتێ کە خوێنەر ڕۆژنامەیەك دەکاتەوە، لە پێشان وێنە و مانشێت بەرچاوی دەکەوێت. ئەگەر وێنە یان مانشێت سەرنجی ڕاکێشا لە خوێندنەوەی هەواڵەکە بەردەوام دەبێ ، ئەگینا بازی بەسەرا دەدات و دەچێتە سەر بابەتێکیتر. بە تایبەت لەم ژیانە سەرقاڵەی ئێستا لەبەر کەمیی کات، زۆر دەگمەنە کە خوێنەرێك دابنیشێ و ڕۆژنامەیەك وەکو کتێب دێڕ بە دێڕ و پەڕە بە پەڕە بە تەواوەتی بخوێنێتەوە، چونکە زۆربەی هەواڵ و بابەتەکانی ڕۆژنامەڤانی پێوەندییان بە یەکەوە نییە و سەربەخۆن. مانشێت بنچینەی بابەتە و بە دیتنی خوێنەر پەی بە مەغزاو ناوەڕۆکی بابەتەکە دەبات، بۆیە زۆر جار مانشێتەکان لە پاش نووسینی بابەتەکە دەنوسرێن یان هەڵدەبژێردرێن.

لەم ماوەیەدا لە سایتێکی پڕخوێنەری دەنگوباسی کوردییدا چاوم کەوت بە مانشێتێکی زۆر سەیر: "لەوانەیە سەرکۆمار سەردان بکات". نازانم ئەمە چۆن دەبێتە مانشێت؟ لە مانشێتەکەدا دیار نییە کە باسی کام سەرکۆمار دەکات؟ سەردانەکە دەکرێ یان نا؟ کەی دەکرێ؟ بۆ دەکرێ؟ شوێنەکە کوێیە؟ دەبێ جۆرنالیست لە بیر نەکات کە هەواڵ ڕووداوێکە ڕووی داوە یان بە دڵنیاییەوە ڕوو دەدات. ئەگەر وشەی "ڕەنگە" ی تێدابێ ئەوە مانشێت نییە. ئەگینا جۆرنالیست دکاریت ڕۆژانە لەسەر بنەمای "ڕەنگە" هەزاران هەواڵ بنووسێ و لە ڕوودان یان نەدانی هەواڵەکە بەرپرس نییە.

لە ڕوانگەی سایکۆلۆجییەوە، لە کاتی تێفگرین لە ڕۆژنامەیەك، نیگای خوێنەر لە ڕاستای سەرەوە بۆ خوارەوە و لە ڕاستەوە بۆ چەپەوە دەجووڵێتەوە. ئەمە بۆ سایتەکانیش ڕاستە. بۆیە بابەتە گرینگەکان لە سەرەوە و لە لای ڕاست دادەنرێن.

### تایبەتمەندییەکانی مانشێت

– **پێویستە لە مانشێت دا "کات" دیاری بکرێت:** بۆ نموونە کاتێ دەڵێین: "سەرۆك

وەزیرانی کوردستان بەرەو ئەمەریکا بەڕێ کەوت." ئەم سەردێرە بۆمان دیار دەخات کە ئەم کارە تەواو بووە، بەڵام ئەگەر بڵێین"سەرۆك وەزیرانی کوردستان بەرەو ئەمەریکا بەرێ دەکەوێت." واتە هێشتا نەکراوە و بە زوویی ڕوو دەدات.

- **پێویستە مانشێت لە هەڵەی زمانەوانی و ڕێزمانی پاڵاوتە بێت و زانیارییەکە بێ بناغە نەبێت:** لەم ڕۆژانەدا لە ماڵپەڕێکدا ئەم سەردێرەم بەرچاو کەوت: "نێودەوڵەتی – لە ئەنجامی هەڵەیەکی ئەتۆمی چەند سەرکردەیەکی سەربازی ئەمەریکایی سزا دران ". لێرەدا خوێنەر لە خۆی دەپرسێ: هەڵەی ئەتۆمی چییە؟ ئایا ئەتۆم هەڵە دەکات؟ ئایا ئەتۆم بکەری هەڵەکەیە ؟ کێ هەڵەکەی کردووە؟ دێرەکە لە ڕووی ڕێزمان و ماناوە ناتەواوە. بە دڵنیاییەوە ئەگەر بوترابایە: "لە ئەنجامی هەڵەیەکی فڕۆکەوانێکی ئەمەریکایی لێپرسینەوە لە چەند سەرکردەیەکی سەربازی ئەمەریکایی کرا" هەڵەی تێ نەدەکەوت. لێرەدا بکەر "فڕۆکەوان" مرۆڤێکە شایانی هەڵەیە، بەڵام ئەتۆم کە پێکهێنەری مادەیە شایانی هەڵە نییە! زۆر جار بابەتم بۆ هاتووە بۆ بڵاوکردنەوە کە چەندین لاپەڕەیە وەلێ هەمووی یەك پەرەگرافە !! یان هێماکان بە هەڵە ئاخنراون بۆ ناو مانشێت یان تێکستەکە. بۆ نموونە نووسەر هەیە لە بری یەك هێمای سەرسورهێنان، بیست هێما دادەنێ یان تێکەڵیان دەکات لەگەڵ هێمای پرسیار و نوختە و کۆماوە. لەوانەیە نووسەر واتێ بگات کە ئەم کارانە بابەتەکەی بە پێزتردەکات، لە کاتێکدا کرچوکاڵیی و بێ پێزیی بابەتەکە دەردەخات. بۆیە ڕێزمان زۆر بە هەندە لە جۆرنالیزمدا.
- **پێویستە مانشێتەکە پێوەندیی بە ناوەرۆکەوە هەبێت:** بۆ نموونە کاتێ دەڵێین "سەرکۆماری کوردستان کێشە هەنووکەییەکانی لەگەڵ پارلەمان تاوتۆ کرد." پێویستە ناوەرۆکی ئەم بابەتە پەیوەست بێت بەم سەر دێڕە و نەك باسی شتێکی جیاواز بکات وەکو هەواڵێکی تری سیاسی یان وەرزشی یان کۆمەڵایەتی.
- **پێویستە مانشێتەکە سەرنجڕاکیش بێت:** مانشێتی سەرنجڕاکێش دیدی خوێنەر

بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ، بەڵام دەبێ زێدەڕۆیی تێدا نەبێ. زۆر جار بووە ڕۆژنامە بۆ ئەوەی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، مانشێتی زل دادەنێ لە کاتێکدا کە زۆر لە ڕاستییەوە دوورە.

– **پێویستە زمانی مانشێتەکە سانا بێت:** بۆ ئەوەی هەموو چین و توێژێك لێی تێ بگەن. مانشێت دەبێ بە ساکارترین زمان بنووسرێت. مانشێت دەقێکی ئەدەبی یان زاراوەیەکی فەلسەفی نییە. ڕۆژنامە بە پێچەوانەی گۆڤارە تایبەتییەکان، بۆ سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵە لە قووتابیی و کرێکارەوە بگرە تاکو مامۆستای زانکۆ؛ بۆیە پێویستە لە ڕووی داڕشتنی زمانەوانیشەوە ساکار بێت تا سەرجەمیان لێی تێ بگەن.

لە جۆرنالیزمی ئەمەریکاییدا تاقیکردنەوەیەکی باو هەیە بۆ هەڵبژاردنی مانشێتەکان کە بە تێستی تاکت –

The TACT Test: Taste-Attractiveness-Clarity -Truth ناسراوە. هەر گۆڕانکارییەك لە مانشێتەکە بکرێ پێویستە بەرلە بڵاوبوونەوەی لەم تێستەدا تێپەڕی. تاکت تێست بریتیە لەم چوار پرسیارەی خوارەوە:

١– ئایا لە مانشێتەکە بێڕێزیی یان تەشهیر بەرامبەر بەکەسێ کراوە؟

٢– ئایا مانشێتەکە سەرنجڕاکێشە؟

٣– ئایا مانشێتەکە ڕوونە؟ هیچ خاڵێکی ئاڵۆزی تێدایە؟

٤– ئایا ڕاستە؟

تەنیا یەك وەڵامی "نا" بۆ ئەو چوار پرسیارەی سەرەوە مانای ڤیتۆ دەگەیەنێ و پێویستە مانشێتەکە دووبارە بنووسرێتەوە.

## هەواڵ وراپۆرتاژی شیکاری

ستیف وینبێرگ – Steve Weinberg، لە کتێبی – ڕێنوێنی بۆ لێکۆڵینەوە لە داکۆمێنت و تەکنیکەکانی جۆرنالیزم–(١)، بەم شێوەیە پێناسەی جۆرنالیزمی شیکاری دەکات:

″جۆرنالیزمی شیکاری واتا راپۆرتاژ لەسەر کار و کردەوەکانی کەسێ یان لایەنێ سەر ئەو بابەتانەی گرینگن بۆ خوێنەر. لە زۆربەی کەیسەکاندا، ئەوانەی کە راپۆرتاژەکە لە سەریان دەکرێ دەخوازن ئاشکرا نەکرێن.″

بەپێچەوانەی هەواڵ و راپۆرتاژەکانی تر، راپۆرتی لێکۆڵینەوە بەرهەمی تەواویی کاری جۆرنالیست خۆیەتی بێ کۆپیکردن یان وەرگیرانی کەرەستەکان لە لایەکی ترەوە. دەکرێ ئەم جۆرە راپۆرتاژانە، ئامێتەی هەڤپەیڤینی دوور و درێژ بێت یان هەڵسەنگاندن و بەراوردی تێروتەسەلی ئەو هەواڵ و زانیارییانە کە بۆ دۆزینەوەی سەرەداو یان پێوەندییەکان دەشێن. لەم جۆرە راپۆرتاژانە، جۆرنالیست لەوانەیە شکی بەرامبەر بە کارێکی هەڵە، گەندەڵی، دزیی یان تاوانێك هەبێت، بەڵام بەڵگەی پێویستی لە بەردەست نەبێ. بۆ سەلماندنی تۆمەتەکانی دەبێ بەڵگەی ڕاست بدۆزیتەوە کە هەوڵ و کۆشش و کاتێکی زۆری گەرەکە بە تایبەت کە ئەگەر لە وەدەستخستنی زانیاریی و بەڵگە هاوکاریی لەگەڵ نەکرێت یان لایەنی بەرامبەر بەڵگەکان بشارنەوە؛ بۆیە جۆرنالیزمی شیکاری یەکێکە لە دژوارترین لقەکانی جۆرنالیزم، بەڵام جۆرنالیست کۆڵ نادات و ڕێی تر دەدۆزێتەوە بۆ وەدەستخستنی ئەو زانیاریی و بەڵگەنامانە. بۆ ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە جۆرنالیست دکارێ لە سەرجەم کەرەستەی بەردەست سوود وەرگرێ وەکو:

– تەکنیکی چاودێری

– هەڵسەنگاندنی داکۆمێنت و بەڵگەکانی بەردەست

(1) The Reporters's Handbook: An Investigator's Guide to Documents and Techniques.

– بەدواداچوون لە کێشە یاسایی و کۆمەڵایەتییەکان

– سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوە وەکو ، ئارشیڤ، دەنگی تۆمارکراوی تەلەفۆن، کتێب، بەڵگەنامە گشتییەکان وەکو مالیات و مۆڵەت

– دوواندنی هەڤاڵان و دروارسێکانیی کەسەکان

– سەرچاوە نادیارەکان – هەندێ کەس ئامادەن زانیاری بدرکێنن بەو مەرجەی ناویان بە نهێنی بمێنێ.

لە وانەیە گوێبیستی سکاندالی واترگێت بوونە کە لە ساڵی ١٩٧٤ بووە هۆی وازێنانی ریچارد نیکسۆن سەرکۆماری ئەمەریکا و گرتنی ژمارەیەك لە کارمەندانی ئۆفیسەکەی. سکاندالی واترگێت، سکاندالێکی سیاسی بوو کە لەلایەن دوو جۆرنالیستی ڕۆژنامەی واشینگتۆن پۆست بە ناوانی "کارل بێرنستێین "و " بۆب ودوارد" راپۆرتاژ کرا. ئەمە نموونەیەکی سەرکەوتووی جۆرنالیزمی شیکارییە.

ئەم جۆرە راپۆرتاژانە زۆر هەستیار و پڕمەترسین بۆ جۆرنالیست. ئەگەر سەرکەوتوو بوون دەبنە مایەی سەرکەوتن و دەستخۆشی بۆ جۆرنالیستەکە، وەلێ ئەگەریش هەڵەی تێدابوو لەوانەیە ببێتە مایەی ئابڕووڕێژیی و کێشە و دادگایی و تەنانەت لە کیسچوونی کارەکەی؛ بۆیە ئەم جۆرە راپۆرتاژانە بەر لە بڵاوبوونەوەیان، چەندین جار هەڵدەسەنگێنرێن. یەکێ لەو نموونانەی کە بووە مایەی ڕیسوایی ڕۆژنامەیەکی ئەمەریکایی، راپۆرتاژی ڕۆژنامەی سینسیناتی ئێنکویرێر[2] بوو کە لە ساڵی ١٩٩٨ لەسەر کارگەیەکی بەرهەمهێنانی مۆز بڵاوکرایەوە. ئامادەکردنی راپۆرتاژەکە ساڵێکی تێچوو بوو و لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکە بڵاو کرابووەوە و هەژدە لاپەڕەی تری ڕۆژنامەکە بۆی تەرخان کرابوو، ڕۆژنامەکە تۆمەتی خستبووە پاڵ کۆمپانیای چەکیتا –Chiquita– کە بە دزییەوە دەیان کۆمپانیای بچووکی تری مۆز کۆنترۆڵ دەکات کە خۆیان بە سەربەخۆ ناساندووە و ئەو کۆمپانیانە جۆرێك لە دەرمان

(2) Cincinnati Enquirer.

بەکاردێنن بۆ کوشتنی مێشەکان کە مەترسیی هەیە بەسەر تەندروستی کرێکارەکانی و هەروەها کەشتیی گواستنەوەی کۆمپانیاکە بە وەرگرتنی بەرتیل تۆمەتبار کردبوو کە گوایە کرێکارەکانی مادە سڕکەرەکانی وەکو کۆکائینیان بۆ ئەوروپا ڕەوانە کردووە.

پاش بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتاژەکە، دەرچوو کە زۆربەی تۆمەتەکانیان درۆ بوونە و بۆیە ڕۆژنامەکە بە ناچاری لێبووردنێکی شەش ستوونی لەسەر لاپەڕەی یەکەم بڵاو کردەوە و تۆمەتەکانی بێ بنەما دایە قەڵەم و نزیکەی دە ملیۆن دۆلاریشی سزا دایە کۆمپانیای چەکیتا و جۆرنالیستەکەش دەرکرا.

ئایا ئەگەر بە تەواوەتی لە ڕاستی و دروستیی بەڵگەکان لێکۆڵینەوە کرابا ئەم ڕاپۆرتاژە دەبووە هۆی سزای ١٠ ملیۆن دۆلار و لە کیسدانی متمانەی خوێنەر و کاری جۆرنالیست؟ بێگومان نا. پاشان لە وڵاتانی دیموکراسیدا زۆربەی ئەم جۆرە کێشانە لە ڕێی دادگا چارەسەر دەکرێن، بەڵام ئەگە لە وولاتیکی تر بووایە، لە وانەیە جۆرنالیستەکە بکوژرابا. بۆیە لەو چەشنە وڵاتانە جۆرنالیزمی شیکاری گەلێ ئەستەمتر و پڕمەترسیترە. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٩٤ دیمیتری خۆدۆف جۆرنالیستێکی ڕۆژنامەی – مۆسکۆڤسکی کۆمسۆلێتس– سەرقاڵی ڕاپۆرتاژێك بوو لەسەر گەندەڵیی سوپای ڕووسیا. کەسێکی نەناسراو ڕۆژێ تەلەفۆنی بۆ دەکات و پێی دەڵێت کە کیسەیەکی پڕ لە داکۆمێنت و بەڵگەی بۆ لە تەرمینالی "کەزان" بە جێهێشتووە. ئەویش کاتێك کیسەکە دەباتە ئۆفیسەکەی و دەیکاتەوە، کیسەکە دەتەقێت و دەکوژرێت. یان جۆرنالیست ئانا پۆلیتکوڤسکایا[٣] کە داکۆکیکاری مافی مرۆڤ و ڕەخنەگری بەرجەستەی حکوومەتی "پوتین"، بە هۆی ڕاپۆرتاژێکی تێروتەسەل لە سەر کوکوژیی و ئەشکەنجە و فڕاندنی خەڵکی "چیچەن" لەلایەن سەربازەکانی ڕووسییەوە لە مۆسکۆ، لە ناو ماڵەکەی کوژرا. هەزاران نموونەی وا هەن کە ئاشکرا دەکەن ئەم جۆرە ڕاپۆرتاژانە تژین لە مەترسی بۆ سەر گیانی جۆرنالیستەوە.

---

(3) http://www.democracynow.org/2006/10/9/anna - politkovskaya - prominentrussianjournalist - putin.

**چۆن دەتوانین بابەتێکی باش بۆ لێکۆڵینەوە بدۆزینەوە؟**

سوژە یان کەیسێکی باشی ڕۆژنامەگەریی شیکاری، لە هەموو بوارەکانی ژیانی گشتی دەدۆزرێتەوە بۆ نموونە لە بواری سیاسی، خوێندن، دادگا، کۆمەڵایەتیی، وەرزشی...تد. کەیسێکی باش دەکرێ گەندەڵی دەزگایەکی حکومی بێ یانیش ڕێکخراوێکی ناحکوومی. دەکرێ بەرپرسێکی حکوومەت بێت یان پیشەوەرێکی بێویژدان. ئەم جۆرە کەیسانە لە کوردستاندا تژین. لەبەرئەوەی کە ئەو جۆرە لێکۆڵینەوانە کاتێکی زۆر دەخایەنێت و بەرپرسیی زۆری بە دوواوەیە، پێدڤییە جۆرنالیست باشترین بابەت بە وریاییەوە هەڵبژێرێ. دەبێ جۆرنالیست لە زەینی خۆی وێنا بکات کە ئەگەر لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکە بڵاو کرایەوە کاریگەریی چی دەبێ؟ ئایا ڕای جەماوەر بۆ لای بابەتەکە ڕادەکێشی؟ ئەگینا باشترە وازی لێ بهێنێ.

بۆ ئەم جۆرە کارە لێکۆڵینەوانە پێویستە ئەو جۆرنالیستانەی لەو بوارەدا کار دەکەن سەرەرای پسپۆڕیی و پشوودرێژیی هەندێ تایبەتمەندیی تریان هەبێ وەکو:

- پشوودرێژ و بەردەوام بن.
- سەرجەم بەڵگەنامەکان بدۆزنەوە و بیانپارێزن.
- سەرجەم هەڤپەیڤین و یاداشتەکان بنووسنەوە.
- هەڤپەیڤینی دووبارە لەگەڵ سەرچاوە کۆنەکانیان بکەن.
- سوود لەو سەرچاوانە وەربگرن کە ئاگەداری کەیسەکەن.
- سوود لە کارمەندان و بەرپرسان و ستافی ڕۆژنامەکە وەربگرن.

## هەواڵی خیتاب

ئەم جۆرە راپۆرتاژانە دەكرێ بە دوو شێوەی زیندوو بۆ تەلەفیزیۆن و ڕادیۆ و هەروەها بە نووسین بۆ ڕۆژنامە و گۆڤار بێت. لەم جۆرە ریپۆرتاژانە كەسەكان دەدوێن و كاری جۆرنالیستیش پتر یاداشت كردنە. ئەگەر راپۆرتەكە بە شێوازێكی ڕاستەوخۆ بڵاو بكرێتەوە، پێویستە یادداشتەكان پاڕاو بن و لە كاتێكی كەمدا پیاچوونەوەیان بە سەر بكرێت بۆ ئەوەی ئامادەكاری بكەن بۆ پێشكەشكردنی. ئەگەریش بۆ ڕۆژنامەیە دەكرێ خیتابەكان تۆمار بكرێن و دوای كۆنفرانسەكە لەگەڵ یادداشتەكان تێكەڵ بكرێن و راپۆرتاژەكە ئامادە بكرێت. هەندێ خاڵی گرینگ كە پێدڤییە جۆرنالیست گرینگیی پێ بدات ئەمانەن:

١– بەر لە بۆنەكە تا دەكرێ زانیاریی پێویست سەبارەت بە خیتابكەرەكانی بۆنەكە كۆ بكاتەوە. راپۆرتاژی سەرەكی پێویستە زانیاریی پێوەندیدار بە خیتابەكە بگەیەنێتە خوێنەر، گوێگر یان بینەرانی وەكو:

- خیتابەكە دەربارەی چی بوو؟
- باكگراوندی خیتابكەرەكە چییە؟
- هۆكاری خیتابەكە چییە؟
- ئامادەبووان كێن؟

٢– باشترە جۆرنالیست هەوڵ بدات كە زانیاریی باكگراوندەكە بەر لە دەستپێكی بۆنەكە بنووسێت. ئەمە یارمەتیدەر دەبێ كە راپۆرتاژەكە لە كاتی خۆیدا ئامادە بكا و بابەتێكی بەجی نەمێنێ.

٣– ژمارەی ئامادەبووان بزانێ هەرچەند سەداسەد ڕاست نەبێت. هەروەها پێكهاتەی ئامادەبووانیش گرینگە بۆ راپۆرتاژەكە. ئامادەبووان لە كام چین و توێژن؟ قووتابین؟ كارمەندن؟ پارلەمانتارن؟ پیشەوەرن؟

٤– یادداشتی چاك هەڵبگرێ. تا یاداشتەكان باشتر بن، راپۆرتاژەكە تێروتەسەلتر دەبێ.

٥– قسەی جوانی قسەبێژان یاداشت بکات. لەوانەیە هەندێکی وەکو مانشێت لە ڕاپۆرتاژەکە بەکار بن.

٦– زەمانبەندی لە خیتابدا زۆر گرینگ نییە. باشترین و گرینگترین بەشی خیتابیش لە کۆتاییدایە و زۆر جاریش زانیاریی باکگراوند یان کەمنرخ لە سەرەتادایە.

٧– جۆرنالیست پێدڤییە لە کاریگەریی خیتابکەر لەسەر ئامادەبووان خافل نەبێ. هەموو کات لە کۆتاییدا هەڤپەیڤین لەگەڵ هەندێ لە ئامادەبووان بکات.

٨– بە ووریاییەوە گوێ بگرێ. ئەگەر چی خیتابەکان پتر پلاندارێژراون، وەلێ هەندێ جار دەشێ خیتابکەر لە ڕەوتی خۆی دەربچێ و قسەیەکی ورووژێنەر بکات کە لە دەرەوەی نووسینەکەیە، یان ئامادەبووان بە پێچەوانەوە, سۆزدارانە مامەڵە لە گەڵ خیتابەکە بکەن. هەندێ جاریش لەوانەیە خیتابکەر کۆنترۆڵی بە سەر گوتەکانی نەمینێ و قسەی هەڵە بکات.

## هەواڵی کۆبوونەوە و سیمینار

زۆر جار داوا لە جۆرنالیست دەکرێ کە ڕاپۆرتاژێ لەسەر کۆبوونەوە یان سمینارێك بنووسێ. بۆ ئەم جۆرە کارانە پێویستە جۆرنالیست ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکات.

١– پێشوەخت ئەجیندای کۆ بوونەوەکە وەربگرێ. ئەمە یارمەتیدەر دەبێ تا بتوانێ لە مەبەستی کۆبوونەوەکە تێ بگات و ئامادەبووان بناسێ. لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، ئەگەر کۆبوونەوەکە گشتی بێت، ئەجێندا و شوێنی کۆبوونەوەکە چەند ڕۆژ پێشتر بڵاو دەکرێتەوە لەسەر سایتی شوێنەکە.

٢– پێویستە جۆرنالیست راپۆرتاژی پێشوەختە ئامادە بکات. واتە بەر لە چوونی، چوارچێوەی راپۆرتاژەکە دابرێژی بەو زانیارییەی کە لە ئەجێنداکە وەدەستی دەخات و لە کاتی سمینار و لە دواییدا، چوارچێوەکە بەو زانیارییەی لە لێکۆڵینەوە و کەسەکان دەستی دەکەوێ پڕ بکات.

٣– تەرکیز لەسەر کێشە سەرەکی و گرینگەکان بکات. بە تایبەت کە هەندێ جار لە وانەیە کۆبوونەوەکان بەرەو لایەکی تر ئاراستە بکرێن، جۆرنالیست تەنیا تەرکیز لەسەر ئەو بابەتانە بکات کە گرینگن بۆ راپۆرتاژەکە.

٤– لە کاتی بەڕیوەچوونی کۆبوونەوەکە یادداشتی چاك هەڵگرێ تاکو راپۆرتاژەکەی پێ تەواو بکات.

٥– لە ناوبڕەکان یان پاش کۆبوونەوەکە، پرسیار لە بەشداربووان بکات تا زانیاریی پتر وەربگرێت و بابەتە ئاڵۆزەکانی بۆ ڕوون بکەنەوە.

٦– ئیمەیل و ژمارە تەلەفۆنی بەشداربووان وەربگرێ تا ئەگەر پێویست بوو پرسیار یان هەڤپەیڤینیان لەگەڵدا بکات.

٧– لە کۆتاییدا راپۆرتاژەکە بە پێی ئەو زانیارییانەی کۆ کردووەتەوە تەواو بکات.

## هەواڵی کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی

رووماڵکردنی کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی زۆر گرینگە، چونکە دایم لە بۆنە گرینگەکاندا دەبەسترێن بۆ ئەوەی زانیاریی هەستیار بدرکێنن. حکومەت یان کۆمپانیا یان ڕێکخراوەکان ئەم جۆرە کۆنگرانە وەکو ئامرازێك بۆ پێوەندیی گشتی بەکار دێنن و دخوازن جۆرنالیستەکان لەسەر ئەو قسە و باسانە بنووسن کە وتەبێژەکانیان لەوێ دەردەبڕن. ئەنجا چی بڕیارێکی حکومی بێت یان کۆمپانیایەك. زۆر جار داوای فەرمی لە جۆرنالیستەکان دەکرێ لەم کۆنگرانەدا بەشدار بن تا گۆڕانکاریی یان ڕایە تازەکانیان بگەیەنە جەماوەر؛ یانیش پرسیارە وەڵامنەدراوەکانیان ئاراستە بکەن. ئەو خاڵانەی کە پێویستە جۆرنالیست لێرەدا ڕەچاو بکات بریتین لەمانە:

١- دەبێ جۆرنالیست پرسیارەکان پێشوەخت ئامادە بکات. هەرچەند لەوانەیە کاتێکی زۆریشی لە بەردەست نەبێ، بەڵام پێویستە جۆرنالیست بەر لەوە لێکۆڵینەوە سەبارەت بە پرۆفایلی کەسانی کۆنگرەکە و ئامانجەکانیان بکات.

٢- باشترین پرسیارەکانی ئاراستە بکات. لەبەر کەمیی کات، وتەبێژەکە لەوانەیە تەنیا مۆڵەتی یەك یان دوو پرسیاری پێ بدات لەبەرئەوەی کە ژمارەیەکی زۆری جۆرنالیستی تر ئامادەن و ئەوانیش خۆیان بە باشترین شێوە و بۆ پرسیاری زۆر ئامادە کردووە.

٣- ئەگەر پێویست بوو پێداگر بێ. شەرمین نەبێ لە پرسیارکردن و لە بەرئەوەی ڕکابەری زۆرن پێویستە مۆڵەت بۆ خۆی بخوڵقێنی.

٤- تەرکیز لەسەر ئەو بابەتانە بکات کە ڕووی داون. بۆ نموونە ئەگەر وتەبێژێکی کۆمپانیاکە بڵێ کە کۆمپانیاکەی زەرەرێکی زۆری مادی کردووە، بەڵام داهاتوویەکی ڕووناکی لە بەردەمە. پێویستە جۆرنالیست بۆ هەواڵی ڕۆژنامەگەریی تەرکیز لەسەر زەرەرەکە بکات، چونکە ڕووی داوە و ئەوەی تر جێی بڕوا نییە.

٥- تەوژم بخاتە سەر وتەبێژەکە. نەهێڵێ وتەبێژەکە خۆی لە پرسیارەکە بدزێتەوە یان خۆی گێل بکات و وەڵامێکی گشتیی بداتەوە.

٦- نەترسێ. ئەگەر پرسیار لە سەرۆك وەزیران، سەرکۆمار یان وەزیرێك دەکات، نابێ لە هەیبەتی ئەو کەسایەتییانە خۆی ون بکات و پرسیارەکانی لە بیر بچێ، بەڵکو پێویستە زۆر بەجەرگەبەزانە و نەترسانە پرسیارەکانی ئاراستەیان بکات.

## هەواڵی دادگا

ئەم چەشنە کارە جۆرنالیزمیانە تا ڕادەیەك جیاوازییان هەیە لە جۆرەکانی تری. دەتوانین بە دیتنی فیلم یان شانۆیەکی دراماتیکی وێنای بکەین کە ئەکتەرەکانی بریتین لە دادوەر و پاریزەر و تۆمەتبار و سەرجەمیان ڕۆڵی جیاواز دەگێڕن و لە کاتی خۆی دەپەیڤن و وتە و بەڵگەکانیان پیشکێش دەکەن. جۆرنالیست دەبێ ئاگەداری هەموو زاویەکانی ئاخافتنەکان بی و ڕووداوەکان وەکو خۆی بگوێزێتەوە. لە لایەکی ترەوە، ئەم جۆرنالیزمە ئاستەمترە، چونکە لە دادگاکاندا کامیرا و موبایل و ئامێری تۆمار قەدەغەیە و لە وانەیە کەیسەکان ماوەیەکی دوور و درێژیش بخایەنێ. بۆیە دەبێ جۆرنالیست تەنیا پشتئەستوور بێ بە قەڵەم و کاغەز بۆ گواستنەوەی ناواخنی ڕووداوەکان. هەروەها دکارێت بۆ ئامادەباشی، بەر لە چوونی بۆ دادگا، پیشوەخت لە ڕێی سایتی دادگاکاندا کەرەستە و زانیاریی پێویست بۆ ڕاپۆرتەکەی کۆ بکاتەوە، چونکە لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا، زۆربەی زانیاریی پێوەست بە کەیسەکان بە زانیاریی گشتی دەژمێردرێت. دوای دادگاش دەتوانێ بۆ بەدواداچوون بە پرسیار لە دادوەر یان پارێزەرەکانی پێوەست بە کەیسەکە ڕاپۆرتاژەکەی زەنگینتر بکات. وەلێ ئەمە لە کوردستان لەبەر نەبوونی سایت و سیستمی تۆڕی کۆمپیوتەری لە دادگاکاندا مەیسەر نییە.

جۆرنالیزمی دادگا، دەتوانێ جۆرنالیست بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ سەرقاڵ بکات بە تایبەت ئەگەر لەسەر کەیسێکی گرینگ و هەستیاردا کار بکات. یەکێ لە نموونە بەرجەستەکانی کەیسی دادگا لە ئەمەریکا کەیسی " ئۆجی سیمپسێن"(١)، ئەکتەر و ئەستێرەی فوتباڵی ئەمەریکایی یە کە دادگاییەکەی نزیکەی نۆ مانگی خایاند و بە سەدان جۆرنالیست بە بەردەوامی هەواڵ و ڕاپۆرتاژیان لەسەر دەنووسی. ئەم کەیسە بە ناوبانگترین کەیسی دادگایی لە مێژووی ئەمەریکا

(1) Court TV. 2004 - 06-05 . Archived from the original on 2007-12-11 OJ Simpson.

ناسراوە. لەم کەیسەدا سیمپسێن تۆمەتبار کرا بە کوشتنی خێزانە کۆنەکەی بە ناوی "نیکۆل براون سیمپسێن"(٢) کە دوو ساڵ بوو تەڵاقی دابوو و برادەرەکەی رۆناڵد گۆلدمەن(٣). گرووپێك پارێزەری بەناوبانگی وەکو "رۆبیرت شەپیرۆ" و "لی بەیکی" و "جانی کۆچرانی"(٤) داکۆکییان لە سیمپسین دەکرد و لە ئەنجامی هەوڵی بێوچانی پاریزەرانی، لە پاش نۆ مانگ دادگاییی بەردەوام، ئازاد کرا.

لە کاتی دادگاییەکاندا، بە سەدان جۆرنالیست لە دانیشتنەکاندا ئامادە دەبوون و هەواڵ و راپۆرتاژیان ئامادە دەکرد بۆ تیڤی و رۆژنامە و گۆڤارەکان و ماوەیەکی خەڵکی تامەزرۆی بەدواداچوونی دەنگوباسی بوون. ئەم کەیسە، لە خوێندنی زانستگەی جینایی و جۆرنالیزمی شیکاریی و دادگادا بە سوژەیەکی گرینگ دادەنرێیت و قووتابیانی زانستگە لێکوڵینەوەی لەسەر دەکەن. ئەمە نموونەیەکە بۆ ئەوەی بزانن کە کەیسەکانی دادگا تا چەند کاریگەریی دەبێ لەسەر رای گشتی.

نموونەیەکی تر دەتوانین دادگایی سەدام و عەلی حەسەن مەجید و ئەندامە پایەبەرزەکانی حزبیی بەعس ناوبەرین. دادگاییی ئەم تاوانبارانە کاتێکی زۆری خایاند و خەڵکی بە پەرۆشەوە لە تیڤیی و رۆژنامەکان رادەمان بۆ ئەوەی پێشکەوتنەکانی دادگا و ئەنجامی دادگاییەکان ببینن. ئەمە باشترین دەرفەت بوو بۆ جۆرنالیستی کورد بۆ ئەوەی سەرجەم دانیشتنەکانی دادگا بکاتە راپۆرتاژی تێروتەسەل و لە تیڤی و رۆژنامەکانی کوردستان و عێراق و جیهان بڵاو بکاتەوە. ئەم راپۆرتاژانە وەکو بەڵگەی مێژوویش دەمانەوە و نەوەکانی داهاتوو سوودیان لێ وەردەگرت، لێ بە داخەوە لەبەر کەمئەزموونی جۆرنالیستی کوردیی و لەبارنەبوونی باری ئاسایشی بەغدا، بە شێوازی پێویست کاری بۆ نەکرا.

ئەو جۆرنالیستەی خوازیارە هەواڵ و راپۆرتاژی دادگا تۆمار بکات، پێدڤییە

---

(2) Nicole Brown Simpson

(3) Ronald Goldman

(4) Robert Shapiro، F. Lee Bailey ،Johnnie Cochran.

ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکات.

١- بەر لە چوون بۆ دادگا، پێدڤییە لێکۆڵینەوەی خۆی سەبارەت بەو کەیسەی دەخوازێ ڕاپۆرتاژی لەسەر بکات، تەواو کردبێت. زانیاریی تەواو و باکگراوندی تۆمەتبار و سکاڵاکارەکەی هەبێ و ناو و دید و بۆچوونەکانی دادوەر و پارێزەرەکانی بزانێ.

٢- ئەدرەسی دروستی دادگاکە و کاتی دادگاییەکە بە تەواوەتی بزانێ. بە تایبەت لەو شارانەی چەندین دادگای لێیە.

٣- بە جلوبەرگی شایستە ئامادەی دادگا بێ و تەنیا ئەو شتانە لەگەڵ خۆی بەرێ کە مۆڵەتی بردنە ژوورەوەی پێ دەدەن.

٤- لە ناو دادگادا بە خێرایی یادداشت هەڵگرێ، چونکە مۆڵەتی پرسینەوەی تێدا نییە.

٥- بە وریاییەوە ئاگەداری پرۆسەی دادگاییەکە بێ.

٦- ڕاپۆرتاژی کۆتایی لە دەرەوەی دادگا بنووسێ.

٧- ئەگەر پشکی پتری کارەکانی جۆرنالیستەکە جۆرنالیزمی دادگایە، پێویستە خۆی ڕابێنێ بە واژە گرینگەکانی دادگا و زمانی یاسا بۆ ئەوەی هەڵە نەکات. سەرکەوتووترین جۆرنالیست ئەوەیە کە پارێزەریش بێت بۆ ئەوەی لە کاتی شیکاریی کەیسەکە، بتوانێ هێزیی یاسایی و جۆرنالیزمیی خۆی بخاتە گەڕ بۆ چێکردنی ڕاپۆرتاژێکی سەرکەوتوو.

## هەواڵی زانستی و تەندروستی

ئەگەرچی بە ڕوواڵەت کاری ئەم چەشنە جۆرنالیستانەش وەکو ئەوانی ترە، وەلێ ڕاپۆرتاژی زانستی سانا نییە، لەو ڕووانگەیەی کە پێدڤییە جۆرنالیست زانیاریی زانستیشی هەبێ و بکارێ بە زمانێکی ڕەوان و ساکار بخاتە ناو قالبی ڕاپۆرتاژەکەوە تا خوینەرانی ئاسایی سەبارەت بەو باسەی لەسەری دەنووسێ لێی تێ بگەن. زۆر جار جۆرنالیستەکە پسپۆڕیشە لەو بوارەدا. بۆیە زۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤار و تیڤی و ڕادیۆ بۆ بەشی زانستی ئەو کەسانە وەردەگرن لە بواری جۆنالیستیدا کاریان کردبێ و ئەزموودار بن و هەروەها پسپۆڕیش بن لە بوارە زانستییەکاندا. نموونەیەکی زۆر ناوبانگی ئەم چەشنە جۆرنالیزمە "دوکتۆر گوپتا" یە کە جۆرنالیستێکی سەرکەوتووی کەناڵی سی ئێن ئێن ە. دوکتۆر گوپتا هەم دوکتۆرێکی نەشتەرگەریی پسپۆڕە و هەمیش جۆرنالیستێکی بە توانا و شارەزا کە پرۆگرامی جۆراوجۆری پزیشکی و تەندروستیی ئەم کەناڵە بەڕێوە دەبات.

هەندێ سوژەی جۆرنالیزمی زانستی و تەندروستی بەم شێوەیەی خوارەوەن:

- *قووتابییەك لە خوێندنگەیەکی هەولێر، ترومبێلێکی کارەبایی چێکرد.*

لێرەدا جۆرنالیست دکارێت ڕاپۆرتاژێکی زانستی لە سەر قووتابی و داهێنانە نوێیەکەی بکات. زاویەکانی ژیانی قووتابییەکە بخاتە ژێر تیشکەوە و ئاماژە بە وردەکارییەکانی داهێنانەکەی و کاریگەرییەکانی لەسەر ژیانی خەڵکی بکات.

- *ئاوی خواردنەوەی سلێمانی پیس بووە.*

ئەمە دەبێتە بابەتێکی بە پێز بۆ جۆرنالیزمیی شیکاریی و زانستی. جۆرنالیست دکارێت لەسەر هۆکارەکانی لێکۆڵینەوە بکات و کاریگەرییەکانی لەسەر تەندروستیی دانیشتووان هەڵسەنگێنێ و چارەسەرەکانی دیار بکات.

- *خەڵکێکی زۆر لەبەر هۆکاری خواردنی بەسەرچوو نەخۆش کەوتوون.*

ئەمەش دەکرێ ببێتە بابەتێکی شیکاریی و ئابووری و سیاسی. جۆرنالیست دکارێت کاریگەرییی ئەم خواردنانە هەڵسەنگێنێ لەسەر ژیانی خەڵکی و لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکان بکات و ناوی ئەو کەسانەی بەشدارن بۆ خەڵك ئاشکرا بکات.

هەندێ لەو خاڵانەی گرینگن بۆ جۆرنالیستەکانی ئەم بوارە:

١– پێویستە خۆی لە پێشان لە بابەتەکە تێ بگات بەر لەوەی بخاتە ناو راپۆرتاژەکە. ئەگەر جۆرنالیست خوازیارە راپۆرتاژێك لەسەر کەشفێك یان داهێنانێکی نوێی پزیشکی بنووسێ، پێویستە خۆی بە تێروتەسەلی لێی بکۆڵێتەوە و بە چاکی لێی تێ بگات.

٢– ئەم جۆرە راپۆرتاژانە بە زمانێکی سادە و پاراو بنووسێ. لە بیر نەکات کە خوێنەرانی خەڵکی سادەن.

٣– تەرکیز لەسەر کاریگەرییەکانی بابەتە کە بکات بە سەر ژیانی خەڵکی. ئەگەر کاریگەریی فراوانە، بێگومان راپۆرتاژەکەش گرینگ دەبێ.

٤– زەمانبەندیی لە بیر نەکات کە بۆ نموونە کەی و چۆن داهێنانە تازەکە سەرجەم تاقیکردنەوەکان تێ دەپەرێنێ و بۆ بەکارهێنان یان سوود وەرگرتن دەگاتە بەردەم جەماوەر

٥– ڕای دژ و هاودژ وەربگرێ. واتا ئەگەر دوکتۆرێ بڵێ داهێنانی کردووە لە چارەسەری نەخۆشی شێرپەنجە، پرسیار لە دۆکتۆرەکانی تری ئەو بوارە بکات.

## هەواڵی کارەساتی سروشتی

کارەساتە سروشتییەکان بریتین لە کارەساتی زەویلەرزە، لافاو، ئاگر کەوتنەوە، کەوتنە خوارەوەی فڕۆکە، پێکدادانی ترومبێل... هتد. لەم جۆرە راپۆرتاژانە خێرایی دەورێکی سەرەکی دەگێڕێ. چۆنکە ئەگەر لە کاتی خۆیدا هەواڵەکە بڵاو نەکرێتەوە لە شوێنی تر بڵاو دەبێتەوە یان کۆن دەبێ.

ئەو خاڵانەی کە گرینگن جۆرنالیست ڕەچاو بکات:

١- نەشڵەژێ و نەترسێ، چونکە ڕەنگە ئەم جۆرە کارەساتانە ببنە مایەی پەشۆکاوی و ترس.

٢- بەخێرایی زانیاریی سەبارەت بە ڕووداوەکە کۆ بکاتەوە و یادداشتی تەواو هەڵبگرێ لە بارەی هەموو ئەو شتانەی دەیبینێ یان دەیبیستێ، چونکە لەوانەیە لەبەر خراپیی کارەساتەکە دەرفەت نەبێ کاتێکی زۆر لە شوێنی ڕووداوەکە بە سەر بەرێ.

٣- تا بتوانێ وەسفی کارەساتەکە بنووسێ.

٤- بەرپرسی ئاسایشی شوێنی ڕووداوەکە بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی زانیاریی ڕاست و درووستی لێ وەربگرێ.

٥- زانیاری لە بەجێماوەکان و قوربانیانی کارەساتەکە و یارمەتیدەرانی وەربگرێ.

٦- ئەگەر دەکرێ هەڤپەیڤین لەگەڵ پاشماوەکان بکات، بەڵام مەراعاتی حاڵی نالەباریی سایکۆلۆجیایان بێ.

٧- قارەمانەکان بدۆزێتەوە. ئەوانەی کە زۆر نەترسانە ژیانی خۆیان خستووەتە مەترسییەوە تا یارمەتیی خەڵکە لێقەماوەکە بدەن.

٨- ژمارەی تەواوی بەرکەوتووان وەربگرێ. هەروەها ئاماری وێرانکارییەکە. بۆ نموونە چەند کەس کوژراون. چەند خانوو وێران بوونە.

## هەواڵی هونەریی و ڕۆشنبیریی

جۆرنالیزمی هونەری لقێکی تری جۆرنالیزمە کە پێوەندیی بە هەواڵ و راپۆرتاژی کارە هونەرییەکانەوە هەیە وەکو: فیلم، ئەدەب، موسیقا، شانۆ، ئارکیتەکت... هتد. ئەو جۆرنالیستەی کە لەم بوارەدا کار دەکات، پێویستە بەر لە کاری جۆرنالیستیی شارەزایی تەواوی هەبێ سەبارەت بەو جەنەرەی کە راپۆرتاژی لەسەر دەکات. دەکرێ ئەم جۆرنالیستە ڕووماڵی بۆنە هونەری و ڕۆشنبرییەکانیش بکات بۆ نموونە: پێشانگەی وێنە، شانۆ، سیمیناری ڕۆشنبیریی یان کولتووری، فیلمی سینەمایی و کتێبی تازە. هەروەها وەکو نووسەر یان جۆرنالیزمی ڕەخنەیی، دەتوانی پرۆگرامی تیڤی، فیلم، مۆسیقا، شانۆ، دیزاین و بەشەکانی تری هونەرە جوانەکان هەڵسەنگێنێ.

لە ساڵی ٢٠٠٥ زانکۆی سیراکیوس[١] لە نیویۆرك، پرۆگرامێکی خوێندنی تایبەت بە جۆرنالیزمی هونەریی دەست پێ کرد بە ناوی ″جۆرنالیزمی هونەریی گۆلدرینیگ″ کە بە شێوەی ئاکادیمێك قووتابیان فێری جۆرنالیستی هونەریی و کولتووری دەکەن.

ئەو خاڵانەی کە جۆرنالیست بۆ ئەم جۆرە هەواڵ و راپۆرتاژانە پێدڤییە ڕەچاو بکات بریتین لە:

١– جۆرنالیست پێویستە زانیاریی تەواوی بۆنەکە وەربگرێ. بۆ نموونە شوێن و جۆری چالاکی، ئامادەبووانی بۆنەکە... هتد.

٢– پێدڤییە جۆرنالیست بەشداربووان بناسێ و پرۆفایل و مێژوویان بخوێنێتەوە. بە تایبەت داهێنەر یان نووسەرانی خودان کارەکە.

٣– پیدڤییە جۆرنالیست بەر لە سەردان، لێکۆڵینەوە لەو بەشە هوونەرییە بکات کە خوازیاری راپۆرتاژە لە سەری تا شارەزایی لێی پەیدا بکات.

٤– بەر لە چوونی بۆ بۆنەکە دەبێ جۆرنالیست زانیاریی تەواوی سەبارەت بە کار

(1) Syracuse University - http://artsjournalism.syr.edu.

و چالاکییەکانی کەسەکە هەبێ بۆ راپۆرتاژ، بۆ نموونە ئەگەر نووسەری کتێبێکی تازەیە، ئاماژە بە ژیاننامەی نووسەر و کار و چالاکی و بەرهەمە تازەکانی بکات. ئەگەر بتوانێ پێشوەخت کتیبەکە بخوێنێتەوە و لە ناوەڕۆکی خەبەرداربێ. یان ئەگەر لە پێشانگەیەکی نیگارکێشانە، هەوڵ بدات لە مانا و سیمبۆلی هەندێ لە کارە هونەرییەکان بپرسێ و بۆ راپۆرتاژ سوودی لێ وەربگرێ.

## هەواڵی ئابووریی

زۆر جار جۆرنالیست پێویستی بە سازدانی هەواڵ یان راپۆرتاژە سەبارەت بە کەرتی ئابووری یان پیشەیی. ئەم جۆرە راپۆرتاژانە پتر پێوەندیدارن بە ژمارەکانەوە وەکو: بودجە، سیاسەتی ئابووریی و داهات، هاوردە و ناردنکاران، دراو و تێچوو و واژەگەلی ئابووریی کە پێویستییان بە شیکردنەوە هەیە بۆ خوێنەران. ئەم جۆرە جۆرنالیستەش بەشەکانی تری جۆرالیزم ئاسا، پسپۆڕێتی گەرەکە و جۆرنالیست دەبێ شارەزایی تەواوی لەم بوارەدا هەبێ.

لە کوردستان، لەوانەیە ڕۆژنامەکە تەنیا لاپەڕەیەك بۆ ئەم جۆرە هەواڵانە تەرخان بکات، وەلێ هەندێ وڵات خاوەنی ڕۆژنامەی تایبەتی کەرتی ئابوورییین و زۆربەی بابەتەکانیان پێوەستن بە باریی ئابووریی ناوەخۆ و وڵاتانی ترەوە. ئەم بابەتانە دەکرێ سەبارەت بە گۆڕانکارییە ئابووری و سیاسییەکانی حکوومەت بن، یانژی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی جیهان.

لە ئەمەریکا دوو ڕۆژنامەی ناودار هەن لەم بوارەدا کە بریتین لە ″فاینانشیل تایمز″ و ″وال ستریت جۆرنال″[١]. ئەمانە بەناوبانگترین ڕۆژنامەی ئابوورین لە جیهاندا و تەنیا تەرکیز لە هەواڵ و راپۆرتاژی ئابووری و دەنگوباسی زل کۆمپانیاکان و شیکردنەوەی بارودۆخی ئابوورییان دەکەن و زۆر جار دەنگوباسی سیاسیش کە کاریگەریی لە بواری ئابووری هەیە بڵاو دەکەنەوە.

هەواڵ و راپۆرتاژی ئابووری دەکرێ ڕەوشی ئابووریی کۆمپانیاکە بێ یان داکەوتن و سەرکەوتنیان؛ یانیش کێشەی ئابووریی و سیاسی و بەڕێوەبەرایەتیی و گەندەڵی کۆمپانیاکە بێ.

نموونەیەکی بەرجەستەی ئەم چەشنە جۆرنالیزمە، ئەو هەواڵ و راپۆرتاژانە بوون کە سەبارەت بە سکاندەل و شکستی کۆمپانیا زەبەحەلاکەی ″ئینران″[٢]

(1) Financial Times, Wall Street Journal

(2) Enron.

ڕووپەڕی سەرجەم ڕۆژنامە و شاشەی تیڤییەکانی داگیر کرد(٣). سکاندەڵەکە لە ساڵی ٢٠٠١ ڕووی دا کاتی باری ئابووری ئینران تووشی شکست بوو و زەرەرێکی یانزدە بیلیۆنی گەیاندە پشکدارەکانی کۆمپانیاکە. لە کاتی لێکۆڵینەوەدا دەرکەوت کە ژمارەکانی داهات و مالیاتی کۆمپانیاکە بە درۆ ڕاپۆرت کرابوون. لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسە باڵاکانی کۆمپانیاکە گیران و سزا دران. لەم ماوەیەدا ژمارەیەکی ئیجگار زۆر هەواڵ و ڕاپۆرتاژی ئابووری سەبارەت بەو کۆمپانیایە بڵاوکران کە تژی بوون لە تویژینەوەی ئابووری و ژمێریاریی.

لەم بوارەدا پێویستە جۆرنالیست ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕەچاو بکات:

١- لە مێژووی کێشە ئابوورییەکانی وڵات یان کۆمپانیاکان شارەزا بێ و لێکۆڵینەوەی لەسەر کردبێ. بۆ نموونە کۆمپانیاکە کەی چێ بووە؟ خاوەنەکەی کێیە؟ دارایی کۆمپانیاکە چەندە... هتد.

٢- لە هەواڵ و ڕاپۆرتاژەکانیدا بە زمانێکی ساکار و پاراو پێناسەی وشە نامۆکان و زمانی تەکنیکی بکات. واژە ئابوورییەکان شی بکاتەوە و تا بکرێ واژەی گشتی بەکاربهێنێ.

٣- خوێنەران بە زۆریی و بۆری ئامار و ژمارەکان گێژ نەکات. بە پێی پێویست ژمارە بەکار بهێنی.

٤- شرۆڤەی ئامار و ژمارەکان بکات و هۆکاری بەرزی و نزمییان بۆ خوێنەران ڕوون بکاتەوە.

٥- خاوەن ئامار و ژمارەکان بە خوێنەران بناسێنێت. بۆ نموونە کێن خاوەن و بەرپرسی کۆمپانیاکان.

(3) Bratton, William W. "Enron and the Dark Side of Shareholder Value" (Tulane Law Review, New Orleans, May 2002) p.61.

## هەواڵی وەرزشی

جۆرنالیزمی وەرزشی بەشێکی گرینگی جۆرنالیزمە کە لە پاش ساڵانی ۱۹۵۰ەکانەوە توانی پێشکەوتنی بەرچاو بە خۆیەوە ببینێ. ژمارەیەکی زۆر ڕێکخراو و گرووپی جۆرنالیستیی تایبەت بە وەرزش چێکران و هنووکە لە زۆر دەزگای ڕاگەیاندن، جۆرنالیستی فولتایم بۆ ڕێکخراوی وەرزشی کاردەکەن و زۆر گۆڤاری وەرزشی هەن کە تەنیا هەواڵ و ڕاپۆرتاژی وەرزشی بڵاو دەکەنەوە وەکو: "سپۆرتینگ نیوز" و "سپۆرتس ئیللوستریتید"(۱) لە ئەمەریکا نموونەی ئەم گۆڤارانەن. لە زۆر ڕۆژنامەشدا ستوونی وەرزشی هەیە کە جۆرنالیست یان نووسەرێکی بابەتی وەرزشی بیروڕای خۆی دەردەبڕی سەبارەت بە یارییەکان و شرۆڤەیان دەکات. باسی سەرکەفتن یان سەرنەکەفتنی تیپەکان دەکات و تیشک دەخاتە سەر چالاکیی ڕاهێنەر و وەرزشڤانان.

بۆ ڕاپۆرتاژی هەواڵی وەرزشی پێویستە جۆرنالیست نەك شارەزاییی تەواوی لە یارییەکە هەبیت و یاساکانی بزانیت، بگرە دەبێ وەرزشڤانانیش بناسێت کە لە یارییەکەدا بەشدارن. لەم جۆرە ڕاپۆرتاژانە، زانینی پرۆفایلی وەرزشڤانان گرینگیی خۆی هەیە بە تایبەت کە باسی یاریزانێك دەکرێ، دەشێ باسی پرۆفایل و سەرکەوتن وگۆڵەکانی لەگەڵیا بکرێت. زۆر جار مۆڵەت بە جۆرنالیست دەدرێ کە یاریزانان و ڕاهێنەران لە ژوورەکانی خۆگۆڕینەوە بدوێنێ، وەلێ لەبەرئەوەی کە ڕکابەرایەتیی لە نێوان تیپەکان و هەوادارانیان زۆرە، پێویستە جۆرنالیست لە کاتی پرسیار و ڕاپۆرتاژ کردندا، پرسیاری نابەجێ نەکات تا هەستی وەرزشڤانان بریندار نەبێ.

بابەتەکانی جۆرنالیزمی وەرزشی بە دوو جۆر پۆلێن دەکرێن:

۱- هەواڵی کورت: لەو جۆرە ڕاپۆرتاژەدا تەنیا هەواڵی دۆڕان و بردنەوە لەگەڵ ژمارەی گۆڵ یان خاڵەکان دەنووسرێت، بەڵام بەتیروتەسەلی ناچێتە ناو قووڵاییدا.

---

(1) Sports Illustrated, Sporting News.

٢- ڕاپۆرتاژی فیچەر: ئەم جۆرە ڕاپۆرتاژانە پتر بۆ گۆڤاری وەرزشین و سەرجەم پێشهاتەکانی بە تێروتەسەلی تێیدا باس دەکرێ. بێجگە لەوە بیروڕای ڕاهێنەران و یاریزانانیش وەردەگیردرێ.

ئامانجی سەرەکیی بابەتی وەرزشی خستنەڕووی ئەرك و ماندووبوونی ئەو تیپە وەرزشییانەیە بۆ خوێنەران کە بۆ سەرکەوتن ڕکابەرایەتیی یەکتر دەکەن و بە تەنیا چەند پرسیار لە یاریزان و ڕاهێنەران ئەمە بەدی ناهێت. دەبێ جۆرنالیست مەشقی خۆی کردبێ، چونکە بۆ چێکردنی ڕاپۆرتاژێکی تێروتەسەڵ پێدڤییە ڕۆژنامەڤان خۆی ماندوو بکات. بۆیە بۆ پسپۆڕێتی و ئامادەکاریی چاك جۆرنالیستی وەرزشی دەبێ بەردەوام ئەم کارانە بکات:

١- ڕۆژنامە و گۆڤاری وەرزشیی بخوێنێ و شارەزایی تەواوی هەبێ سەبارەت بەو تیپ و یاریزانانەی کە دەربارەیان بە نیازە ڕاپۆرتاژ ئامادە بکات. ئەگەریش شتێکی لە بەردەست نییە، ئینترنێت باشترین سەرچاوەیە بۆ دۆزینەوەی ئەم جۆرە زانیارییانە. لە کوردستان تیپی وەرزشیی پرۆفشناڵ زۆر کەمن و لە ئاستێکی نیونەتەوەییدا نین؛ بۆیە جۆرنالیست دەشێ تەنێ پشت بە ئارشیڤ و پۆرفایلەکان ببەستێ. ئەگەریش جۆرنالیستەکە خوازیارە سەبارەت بە تیپێکی بێگانە بنووسێت، زۆربەی ئەو تیپانە ماڵپەڕی خۆیان هەیە کە تژییە لە زانیاریی یاریزانەکانیان و مێژوویی یاری و چالاکییەکانیان.

٢- پێدڤییە لە سەرجەم یاساکانی یارییەکە ئاگەدار بێ و هەوڵ بدات لاوازییەکانی یاریزانان و تیپەکان بدۆزێتەوە.

٣- لە یارییەکاندا وەکو بێلایەن بنوارێتە یارییەکە نەك وەکو لایەنگر، چونکە بەرپرسێتی ئەخلاقی لەسەر شانە کە بە بێ لاگیریی لە تیپێك ڕاستییەکان بنووسی.

٤- جۆرنالیست دەشێ کاتێکی زۆر تەرخان بکات لەگەڵ یاریزانان و ڕاهێنەران بۆ ئەوەی شارەزایان بێ و بتوانێ پێوەندیی تاکەکەسییان لەگەڵ چێ بکات.

٥- جۆرنالیزمی وەرزشیش بێجگە لە گۆڵ و خاڵ و بردنەوە و دۆڕاندن، سەرجەم جۆرەکانی تر ئاسا پێوەندیی بە مرۆڤەکان و کەسایەتییەکانەوە هەیە. کەسایەتیی و سایکۆلۆجیایی یاریزانەکان کاریگەریی هەیە لە ئەنجامی یارییەکە. بۆیە دەکرێ ببێتە بەشێکی شیکارانەی هۆکارەکانی دۆڕان یان بردنەوەی تیپەکان.

٦- بە وریایی و خێراییەوە یادداشت بنووسێ.

### هەواڵی پۆلیس

داستانە پۆلیسییەکان زۆر جار بۆ خوینەران سەرنجراکێشن، بە تایبەت ئەوانەی کە تاوان و یاساشکێنی تێدایە. ئەم جۆرە راپۆرتاژانە پتر دەنگوباس و ڕووداوی ناکاو و هەستیارن و کار دەکەنە سەر هەست و نەستی خوێنەرەوە. هەندێ جاریش ئاوێتەی جۆرنالیزمی شیکاری دەبن و جۆرنالیست کاتێکی زۆری بۆ تەرخان دەکات تا سەرجەم بەڵگە و داکۆمێنتەکان خڕ بکاتەوە.

جۆرنالیست دکارێت لە چەندین ڕێگەی جیاوازەوە زانیاریی کۆ بکاتەوە سەبارەت بە ڕووداوێك کە بووەتە هۆی بەرەڤانیی پۆلیسەوە.

١– لە ڕێی راپۆرتی پۆلیسەوە: راپۆرتی سەرەتایی پۆلیس وردەکاریی زۆری تێدایە سەبارەت بە ڕووداوەکان و تۆمەتباران وەکو مێژوو، کات، شوێن، جۆری پێشهاتەکە ...هتد. لە کاتی لێکۆڵینەوەدا جۆرنالیست دکارێ داوای ئەو راپۆرتە بکات و ئەو زانیارییە بە کار بهێنی، بەڵام پێویستە ئاماژە بەو راپۆرتە بدات و نەك بە ناوی خۆیەوە بڵاوی بکاتەوە. لە بیر نەکات کە هەموو تۆمەتبارێ تا بڕیاری کۆتایی دادگا بێگوناهە.

٢– هەندێ جار لەبەر گرینگیی ڕووداوەکان، پۆلیس خۆی کۆنگرەی ڕۆژنامەڤانی ساز دەدات. ڕۆژنامەڤان دکارێت لەو کۆنگرانەدا، زانیاریی پێویست وەربگرێ.

٣– بەدواداچوونی جۆرنالیزمی و چوون بۆ شوێنی ڕووداوەکان و دواندنی شاهێدەکان و قوربانیان.

ئەو خاڵانەی کە بۆ ئەم چەشنە راپۆرتاژانە پێویستە ڕەچاو بکرێن بریتین لە:

١– پێویستە لە یاساکانی شوێنی ڕووداوەکە ئاگەدار بێ. چونکە یاساکان دیار دەخەن تا چەند پۆلیس زانیاریی پێ دەدەن. لە وڵاتێکی دیموکراسیی وەکو ئەمەریکا هەر کات کەسێك لەسەر داوایەك دەستگیر بکرێت، کەیسەکە زانیاریی گشتییە و جۆرنالیست دەتوانێ دەستی پێ بگات.

٢–هەندێ جار بۆ وەدەست خستنی زانیاری دەبێ سەردانی پۆلیسخانەکە بکات. لە کاتی سەردانی دەبێ ڕیزی بەرپرسەکانی پۆلیس بگرێ تا هاوکاریی بکەن.

٣– پیدڤییە جۆرنالیست ئاشنا بیت بە زمانی راپۆرتنووسینی پۆلیس.

٤– لە پۆلیسخانە دەتوانێ داوای راپۆرتی پۆلیسی سەر تۆمەتبارەکە بکات. (ئەمەیان لە وانەیە لە کوردستان مەیسەر نەبێت.)

٥– ئەگەر دەرفەت ڕەخسا، وتەی تۆمەتبار و پۆلیس هەردووکیان بە زیندوویی وەربگرێ.

٦– پرسیار و هەڤپەیڤینی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەگەڵ قوربانیانی تاوانەکە بکات.

٧– لە کۆتاییدا دووبارە لە ڕاستییەکان بکلۆڵێتەوە بۆ ئەوەی راپۆرتاژەکە هەڵەی تێ نەکەوێ.

## هەواڵی کەشناسی

ئەمڕۆ کەشناسی ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕێ لە ژیانی مرۆڤدا. ئێمە بەر لە پلاندارشتن بۆ پشووی هەفتە یان سەفەر یان سازدانی کۆمبوونەوە، یاریی وەرزشی، ڤیستیڤاڵ، پیك نیك... هتد، لە پێشان دەڕوانینە ئاژانسی هەواڵەکان بۆ پێشبینیی هەوا. هەرچەند دایم سەداسەد پێشبینییەکان ڕاست دەرناچن، بەڵام بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیاوە، ئەمڕۆ زاناکانی کەشناسی دکارن گریمانەکانی پێشبینییەکان پتر بەرەو ڕاستی هەڵکێشن و هەر لەبەر ئەم هۆیەشەوەیە کە جۆرنالیستەکان دکارن سوود لە نەخشە و ڕادار و سەتەلایت و ئامرازە دیجیتالییە نوێیەکان وەرگرن تا باشتر هەواڵەکان بە خەڵکی ڕابگەیەنن.

هەندێ لە میدیاکان بە تایبەت تیڤی و ڕادیۆ، بۆ وەرگرتنی ئەم چەشنە جۆرنالیستانە داوای بڕوانامەی زانستگەی کەشناسی لێ دەکەن(١). لێ بەداخەوە لە کوردستان ئەم بوارە خوێندنە نەك لە زانستگەکاندا بوونی نییە، بەڵکو لە ڕووی تەکنۆلۆجیاشەوە زۆر لە پاشڤەیە. بۆیە ئاژانسێکی دەنگوباس ناتوانێ سەربەخۆیانە و زانستییانە هەواڵەکان بگوێزێتەوە و دەبێ پشت ببەستێ بە سایتە خزمەتگوزارییەکانی بیانیی وەکو: "وێدێر فۆرکاست"(٢)، "دی وێدێر نیتوۆرك"(٣)، " گووگڵ "... هتد. ئەگەر حکوومەتی هەرێم بەشی کەشناسی و تەکنۆلۆجیای پێشکەوتووی هەبێ و خاوەنی ماڵپەڕی خۆی بێ، بێگومان جۆرنالیست دکارێت سوودی لێ وەربگرێ. هەندێك لە سایتەکانی وەکو دێ وێدێر نێتۆرك خزمەتگوازریی مۆبایلیشیان هەیە کە بەکارهێنەران دکارن پرۆگرامەکەیان داگرنە ناو "ئای فۆن" یان "بلەکبێری" یەکانیان(٤) و ڕۆژانە دەتوانن بڕواننە مۆبایلەکانیان بۆ دیتنی پێشبینییەکانی هەوا. هەڵبەت جۆرنالیست دەتوانێ لەو

(1) meteorology

(2) http://www.weather-forecast.com/locations/Erbil/forecasts/latest

(3) http://www.theweathernetwork.com.

(4) Iphone, BlackBerry.

سایتانە بێجگە لە دیتنی پلەی گەرما و سەرما هۆکارەکانی تری گۆڕانی هەوا ببینێ وەکو نەخشەی هەرێمەکە، پلەی شێ و هێزی با و باران و .. هتد. و لە کاتی پێشکێشکردنی هەواڵەکان دکارێت لەو نەخشە و زانیارییانە سوود وەربگرێ.

هەندێ لەو خاڵانەی کە جۆرنالیستی کەش و هەواڵ پێدڤییە ڕەچاو بکات بریتین لە :

١- دەبێ جۆرنالیست کەش و هەوای شار و هەرێمەکەی لەسەر سایتی خزمەتگوازریی نەتەوەیی کەش وهەوا بدۆزێتەوە. ئەگەر ئەم جۆرە خزمەتگوازرییە بوونی نەبێ، دەتوانێ بڕوانێتە سایتە بیانییەکان.

٢- لە کاتی ڕاپۆرتاژکردندا، لە پێشان باسی بارودۆخی کەش و هەوای ئێستا و بەیانی بکات. ئەنجا بچێتە سەر و ڕۆژانی داهاتوو.

٣- ئاگەداریی و مەترسییەکان لە بیر نەکات. بۆ نموونە ئەگەر مەترسیی لافاو لە هەندێ شوێن هەیە، خەڵکیی لێ ئاگەدار بکات.

٤- بە ورریاییەوە وشە و واژەکانی کەشناسی بەکاربێنێ.

# هەڤپەیڤین

زۆر جار لە دیمانەکانی تیڤیدا دیومە هەڤپەیڤینەر پرسیار دەکات و خۆشی وەڵام دەداتەوە بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵامی کەسی بەرامبەری بکات. ئەمە وا دیار دەخات کە هەڤپەیڤینەر خۆی هەڤپەیڤینی خۆی دەکات و بۆی، خۆ دەرخستن گرینگترە لە وەڵام و وەرگرتنی زانیاری لە بەرامبەرەکەی.

هەڤپەیڤین یەکێکە لە بابەتە هەرە گرینگەکانی جۆرنالیزم و بەگشتی پتر ئەو جۆرنالیستانە پێی هەڵدەستن کە پسپۆڕتر و بە ئەزموونترن تا بتوانن هەڤپەیڤینەکە بە تەواوەتی کۆنترۆڵ بکەن و لە قسەدا نەمێنن. هەروەها زانیاریی پێویست لە کەسەکە وەربگرن. هەڤپەیڤین کاریگەرییەکی زۆر گرینگی هەیە لەسەر چۆنێتی تێگەیشتن و ڕامانی جەماوەر لەسەر کەسەکان و ڕووداوەکاندا. بۆ نموونە کاتی کە ڕووداویکی شەڕ ڕوو دەدات، دەکرێ باسەکە لە زۆر زاویەی جیاوازەوە هەڵبسەنگێندرێ و بابەت و هەواڵی زەنگینتر بۆ خوێنەران ئامادە بکرێ. ئەوەش لە ڕێی دوواندنی کەسە بەپرسەکان یان ئەوانەی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ڕووداوەکە هەیە؛ یانیش ئەو شرۆڤەکارانەی کە دکارێن تێبینیی و ڕای خۆیان سەبارەت بەو بابەتە دەرببڕن مسۆگەر دەبێت.

"هەریسن سەلیسبێری"(1) گەورە جۆرنالیستی نیویۆرک تایمز دەبێژێت : "دەبێ هەڤپەیڤینێکی کاریگەر سەرجەم تایبەتمەندییەکانی رۆمانێکی باشی هەبێ."

## جۆرەکانی هەڤپەیڤین

بە شێوەیەکی گشتی هەڤپەیڤینەکان بە دوو جۆر پۆلێن دەکرێن.

**هەڤپەیڤینی هەواڵ:** مەبەست کۆکردنەوەی زانیارییە بۆ شیکردنەوەی بیرۆکە، پێشهات یان وەگرتنی زانیاری بەرامبەر بە کێشە یان هەواڵێك.

**هەڤپەیڤینی پرۆفایل یان کەسایەتی:** لێرەدا تەرکیز پتر لەسەر کەسەکەیە. لەم

(1) HarrisonSalisburry- http://www.columbia.edu/cu/lweb/eresources/archives/rbml/Salisbur.

جۆرە هەڤپەیڤنانەدا پتر تەرکیز لەسەر ژیان و کارەکانی کەسەکەیە تا پێشهات یان ڕووداوێکی گشتی.

## هەڤپەیڤین بۆ هەواڵەکان

کاتێك ڕووداوێکی گرینگ دەقەومێ ئەگەر جۆرنالیست لەو کاتەدا ئامادە بێ، دەتوانێت بە دیدی خۆی ئەو ڕووداوانەی کە شاهێد بووە بگێڕێتەوە یان بنووسێت. بەڵام زۆر جار لەو کاتە لەو شوێنەدا ئامادە نییە؛ بۆیە بۆ وەرگرتنی زانیاری پێویستە پرسیار لە شاهێدەکان یان بەرپرسانی بەشدار لە ڕوداوەکە بکات. بۆ نموونە کاتێ فڕۆکەیەك دەکەوێتە خوارەوە دەتوانێ لە کەسانەی کە بە چاوی خۆیان ڕووداوەکەیان بینیوە پرسیار بکات یان لە ئاگرکوژێنەرەوەکان و پۆلیس، زانیاری تەواو وەرگرێت؛ وەك چەند کەس بریندار بوونە و هۆکارەکانی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەکە چین؟ دەکری لە بەرپرسانی کەش و هەواش زانیاریی وەرگرێت. ئەمانە هەموویان گرینگن بۆ تۆمارکردنی هەواڵی ڕاست و گەیاندنی بۆ خەڵك. ئەم جۆرە هەڤپەیڤینانە بۆ تەواوکردنی هەواڵەکان دەشێن.

## هەڤپەیڤینی پرۆفایل یان کەسایەتی

هەڤپەیڤینی پرۆفایل پرۆسەیەکی ڕۆژنامەڤانییە کە ئامێتەیەکە لە لێکۆڵینەوە و ئاخافتن و کاری پێشوەخت لەگەڵ هەڤاڵان و هاوکارانی ئەو کەسەی دەخوازێ دیمانەی لەگەڵ ساز بدات و ئەنجا پرسیارکردن لە کەسەکە بۆ تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی پرسیارە ئاڵۆزەکان و گێڕانەوە و دەربڕینەکانی بیروڕای نووسەر خۆی. لەم جۆرە هەڤپەیڤینانە، پێویستە ئەم خاڵانە ڕەچاو بکرێن:

- کەسەکە بە تەواوەتی بناسێ وەکو: خوێندن، کار، تەمەن، خێزان، حەز و ناحەزەکان، هیوایەت، سەرکەوتن، ژێرکەوتنەکان.
- بۆ ڕاپۆرتاژ وتەکانی دیمانەلێکراوەکە بە کار بهێنێ.
- گوێ لە کەسەکە بگرێ و بە وریایی بڕوانێتە جووڵانەوەکانی.
- ڕاپۆرتاژی ڕاست و پڕ زانیاریی بکات.

یەکێ لە نموونە هەرە سەرکەوتووی ڕۆژنامەڤانی دەکرێ ژووری ئۆپۆراسیۆنی(٢) سی ئێن ئێن ناو بەرین کە لەلایەن جۆرنالیستی بەناوبانگ ″ ولف بلیتز ″(٣) سەرپەرشتی دەکرێت. ولف بلیتز بە شێوازێکی زیندوو، لەگەڵ چەندین جۆرنالیست لە چەندین شوێنی تری جیهاندا هاوکات و بە زیندوویی هەڤپەیڤین و پرس و ڕا دەکات. هەندێ جاریش خۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کەسەکان هەڤپەیڤین دەکات کە زۆربەیان کەسایەتیی سیاسیی ناودارن. لەم بەرنامەیەدا، ولف بلیتز لە ئەمەریکاوە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە چەندین ڕۆژنامەڤانی شوێنە جیا جیاکانی ناو ڕووداوەکە دەکات و پاشان دەگەڕێتەوە بۆ جۆرنالیستەکانی شرۆڤەکاری خۆیان کە لە ناو پینتاگۆن و واشینگتۆن و یو ئێن و وەزارەتی دەرەوە و وەزارەتی بەرگریین و ڕایان وەردەگرێت و خۆشی زوو بە زوو بە زیندوویی بەرپرسە گەورەکانی بواری سەربازیی و سیاسیی ئەمەریکایی و نێونەتەوەیی دەدوێنێ. هەندێ جار بە زیندوویی و هاوکات پرسیار لە هەموویان دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ ناو ستادیۆی هەواڵ کە پسپۆڕی ئەو بوارانە تێیدا مێوانن بۆ بیروڕا گۆڕین و شیکاریی دۆخەکە.

ئەمە نموونەیەکی زیندووی هەڤپەیڤینە لە ئاستێکی زۆر بەرزەوە. ئەم جۆرە هەڤپەیڤینانە وێڕای توانایەکی فراوانی ڕۆژنامەڤانی، پێویستی بە زانیاریی و خۆئامادەکاریی زۆر هەیە. چونکە پێشکێشکاری بەرنامەکە سەرەڕای بواری ڕۆژنامەڤانی دەبێ لەو بوارانەشدا شارەزا بێ کە پرسیار دەکات وەکو: بواری سەربازی، سیاسی، مێژوویی پێوەست بە ڕووداوەکە، ئاستەنگ و ئاریشەکان... هتد. و بتوانێ ڕاڤەکاریی و لێزانینی ئەکادیمییانە بکات کە بێگومان ئەمە ئەزموونێکی زۆر پێشکەوتووی ڕۆژنامەگەرییە. ئەمە پرۆگرامێکی ڕۆژانەیە کە گرووپێکی پسپۆڕی تەکنیکی و هونەریی و ڕۆژنامەڤانیی بە توانا، هەواڵ و دەنگوباس و شرۆڤە و پێشکەوتنی بارودۆخەکان دەگوێزنەوە بۆ بینەرانی پرۆگرامەکە لە سەرانسەری جیهان و بینەر نەک تەنیا لە تازەترین هەواڵ و

---

(2) Situation Room

(3) Wolf Blitz.

ڕووداوی پـێوەست بـە پێشهاتـەکـان ئـاگـەدار دەکـەنـەوە، بـەڵکو بینـەر شیکـاریـی بـابـەتـیـیـانـەی پسپـۆڕانـی ئـەو بـابـەتـەش بـە بـێ هـیـچ لاگیریـیـەك و بـە ڕاستـی و شەفافییەتەوە دەبینێ. ئەمە گرینگی و کاریگەریی هونەری هەڤپەیڤین دەردەخات.

**ئامادەکاریی**

لـە هـەڤپـەیڤـیندا، دوو شتـی زۆر گرینگ هـەن بـۆ ئـەوەی جـۆرنـالیست بتـوانـێ دیـدارێکـی سـەرکـەوتـوو ساز بـدات. یـەکـەمـیـان – پـێداگـریـیـە و دووەمـیـان ئامادەکاریی. پێداگری پێویستە تاکو ئەو کەسە ڕازی بکات دیمانەی لەگەڵ ساز بدات؛ ئامادەکارییش پێدڤییە تاکو بکارێ لێکۆڵینەوەیەکی تەواو لەسەر کەسەکە بکـات و پـرسیـارەکـانـی ئـاراستـەی بکـات. ئـەمـەش دەکـەوێتـە سـەر بـاکگراوند و ئـەزمـوون و زانیـاریـی ڕۆژنـامـەڤـانـەکـە. ڕەنگـە هـەنـدێ جـار تـەنیـا پێویستـی بـە چاوپێخشاندنێك و خوێندنەوەی چەند دێڕێك بێ لەسەر ژیاننامەی کەسەکە، بەڵام زۆر جاریش پێویستە کە چەندین ڕۆژ یان هەفتە لێکۆڵینەوە لەسەر کەسە بکات بۆ ئەوەی بتوانێ پرسیاری پێویست و لەجێی خۆی لێ بکات. پێویستە ئەو شتانەی کە بۆ خەڵکی بوونەتە مایەی پرسیار ئاشکرا بکات و وەڵامی لێ وەرگرێت بۆ ئـەوەی شتـە نـادیـارەکـان بـۆ خوێنـەر ڕوون بکـاتـەوە و چێژ لـە هـەڤپـەیڤـینـەکـە وەربـگـرن. ئـەم زانیـاریـیـانـەش دەکرێ بـە شێوازی جۆراوجۆ کۆ بکـاتـەوە وەکو: تـوێژینـەوە، پـرسین لـە کـەسـانـی نزیکـی، خوێندنـەوەی ژیـاننـامـە و کـارەکـانـی، دۆزینەوەی کێشە و ئاریشەکانی، ... هتد.

هەڤپەیڤین پرۆسەیەکە کە بە ئەزموون و زانیاری تەواوتر دەبێت. میزوری گرووپ[٤] دەڵێ: ″ ڕۆژنامەڤانێك کە بە بێ ئامادەکاری دیمانەیەك دەست پێ دەکات، وەکو فڕۆکەوانێکە بە بێ ڕێ دۆزەرەوە(جی پی ئێس) دەفڕێ. لەوانەیە هەردووکیان بگەنە شوێنی مەبەست، بەڵام فڕین بە کوێری، باشترین ڕێ نییە بۆ گەیشتن بە ئامانج.″

(4) The Missouri Group- 1980:94.

وینستون چرچیل دەیوت[٥]: "با نیگەرانییەکانی پێشوەخت ببنە تێرامان و پلان بۆ داهاتوومان." ئەمە باشترین نموونەیە کە دەکرێ بۆ هەڤپەیڤین سوودمەند بێ، چونکە سەرکەوتوویی هەر دیمانەیەك بەندە بە ڕادەی ئامادەکاریی. پێویستە جۆرنالیست بزانێ کە ئامانجی هەڤپەڤینەکە چییە؟ لە کوێ دەتوانێ زانیاریی سەبارەت بە کەسەکە کۆ بکاتەوە؟ سەرچاوەکانی ئەو زانیارییانە چین؟ چۆن دەتوانێ پێداچوونەوە لەسەر ڕاستیی داتا و زانیارییەکان بکات؟ ئەگەر لەلایەن بەڕێوەبەری ڕۆژنامەکە نێردراوە، دەبێ هۆکارەکەی بزانێ تا ئامادەکاریی باشتری بۆ بکات. ئایا لە بەرئەوەیە کە لیدوانێکی سەیری داوە؟ ئایا کەسەکە لە ڕۆژنامەکاندا باس کراوە؟ ئایا هۆکاری تایبەتیی هەیە؟

فرید زیمیرمەن[٦] جۆرنالیستێکی پسپۆڕی والستریت جۆرنال بۆ ئامادەکاری ئەمانەی خوارەوە پێشنیاز دەکات:

١- لەسەر بابەتی وتوویژ و کەسە دیاریکراوەکە بۆ هەڤپەیڤین، توێژینەوەی تێروتەسەل بکە. نەك تەنیا بۆ ئەوەی پرسیارە دروستەکانی لێ بکەیت و لە وەڵامەکان تێ بگەیت، بەڵکو بۆ ئەوەی بۆ دیمانەلێکراوەکە دەربخەیت کە کاتت سەرف کردووە تا لە بابەتەکە تێ بگەیت و پێی بڵێی کە بە ئاسانی هەڵناخەڵەتێنرێیت.

٢- کەش و هەوایەکی ئەرێنی چێ بکە بۆ داستانەکەت. مەبەستی سەرەکی هەڤپەیڤین وەرگرتنی قسە و بەڵگەیە بۆ پشتیوانی داستانەکەت و تێگەیاندنی جەماوەر.

٣- تا بتوانی لیستی پرسیارەکان لە پێشان چێ بکە - لە وانەیە هەندێ لەو پرسیارانە قەت نەکرێن، بەڵام لە کاتی هەڤپەیڤیندا زۆر پرسیاری تریش بەرجەستە دەبن.

---

(5)Winston Churchil - Let our advance worrying become advance thinking and planning.

(6) Fred Zimmerman - Wall Street Journal.

له پاش ئامادەکاری پێویستە بزانی کە ئایا مۆڵەتی کۆتاییی هەڤپەیڤینەکە کەیە؟ چونکە دەکرێ جۆری هەڤپەیڤینەکە بگۆڕێ واتە ئەگەر کات لە بەردەست نەبێ دەتوانێ زوو سەردانی بکات یاخۆ لەسەر تەلەفۆن یان ئیمەیڵ دیمانەی لەگەڵ ساز بدات، بەڵام ئەگەر کات زۆر بێ، دەتوانێ هەڤپەیڤینی ڕووبەڕووی لەگەڵ بکات. بۆ نموونە ئەگەر سەرۆك وەزیران لە کۆبوونەوەیەکی زۆر گرینگ و چارەنوسسازدا هاتە دەرەوە و پێویست بوو لە ڕێی دیمانەوە زانیاریی لێ وەرگری، دەبێ بەهیچ شێوەیەك کات بە فیڕۆ نەدات و هەرچ زووترە دیمانەکە ساز بکات بۆ ئەوەی بۆ خوێنەران یان بینەران تازە بێ و کۆن نەبێ، بەڵام ئەگەر دیمانەکە بۆ پرۆفایلی سیاسەتمەدار، نووسەر یان وەرزشکارێکە، خێرایی زۆر گرینگ نییە. چونکە ژیانی ئەو نووسەرە یان وەرزشڤانە وەکو خۆی ئاسایی دەمێنێتەوە ،بەڵام هەندێ جار هەندێ ڕووداویش هەن کە گرینگی دەدەنە هەواڵ و دیمانەکە بۆ نموونە ئەگەر نووسەرەکە خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتبێت، یان ئەگەر وەرزشکار خەڵاتێکی جیهانی بردبێتەوە کات زۆر گرینگە.

### کەناڵی پێوەندی

باشترین کەناڵی پێوەندی کامەیە؟ تەلەفۆن، ڕووبەڕوو یان ئیمەیل؟ ئەگەر تەنیا پێویست بە ڕەواندنی گومان هەیە لەسەر بابەتێکەوە، لەوانەیە تەنیا تەلەفۆن یان ئیمەیلەك بەس بێت، بەڵام ئەگەر پێویستی بە چەندین پرسیار و تێبینی و هەڵسەنگاندنی وەڵامەکان هەیە، یان هەندێ جار مۆڵەت دەدرێ مێوانەکان یان بینەرانیش ڕاستەوخۆ پرسیار بکەن، دەبێ جۆرنالیست ڕووبەڕوو پرسیاری لێ بکات. بەڵام هەندێ جار وەکو باس کرا ئەگەر پرسیارەکان لە ڕوانگەی کاتەوە کۆن نەبن و کات ڕەهەندێکی گرینگ نەبێ، دەکرێ بە ئیمەیل پرسیارەکانی بۆ بنێرێت.

### زانیاریی پێشینە

چی زانیاریی پێشینەی پێویستە؟ ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جۆری دیمانەکە. ئەگەر بۆ ڕۆژنامەیە و سەبارەت بە هەواڵ یان کێشەیەکی هەنووکەییە، لەوانەیە

کاتێکی زۆری بەردەست نەبێ. ئەگەریش بۆ دەرخستنی ژیاننامە یان چالاکیی کەسێکی بەناوبانگ بێ، جۆرنالیست پێویستی بە کات و توێژینەوەی زۆرە بۆ دۆزینەوەی سەرچاوە و زانیاریی پێویست.

**پرسیارەکان**

کام پرسیارانە دەبێ بپرسێ؟ هەندێ لە ڕۆژنامەڤانان فورمولای دە پرسیارەکە پەیرەو دەکەن. واتە بەر لەوەی بچێتە دیمانەی کەسێ دەبێ دە پرسیاری ئامادەی هەبێ. ئەگەرچی قەت هەموو پرسیارەکان وەکو دڵخوازی خۆی ناکرێن، بەڵام پێویستە خۆئامادەکاریی چاکی کردبێ و پرسیارەکانی ئامادە بن.

بە شێوەیەکی گشتی ئەو جۆرنالیستانەی کە لە بواری هەڤپەیڤیندا کار دەکەن، پێدڤییە ئەم ڕێنوێنییانە بە گرینگ وەربگرن.

١– ئاشنایی لە بارەی کەسەکە و بابەتەکە هەبێت و ئامادەکاریی تەواوی بۆ کردبێت. بۆ نموونە ئەگەر بابەتەکە داهێنانێکی زانستییە و جۆرنالیست هیچ شارەزاییەکی لەسەر ئەو بابەتە نییە، پێدڤییە ڕۆژنامەکە کەسێکی تری پسپۆڕ لەو بوارە بۆ ئەم بابەتە تەرخان بکات.

٢– پێوەندیی کردبێ لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی زانیاری کەسەکەی پێ دەدەن. ئەو کەسانە دەکرێ خزم و کەس و کاری دیمانەلێکراوەکە بن یاخۆ هاوکاران و هاوڕێیانی.

٣– لە کاتی هەڤپەیڤیندا ئەو پرسیارانە بکات کە پێوەندیدارن بە داستانەکە و ناچاری بکات بیدوێنێ. بۆ نموونە ئەگەر هەڤپەیڤینەکە سەبارەت بە هەڵبژاردن بێ، نابێ جۆرنالیست پرسیار لە بابەتە ناپێوەندیدارەکانی تری تاکەکەسی بکات.

٤– گوێڕایەڵ و چاوڕادێر بێ. زمانی لەش دەتوانێ لە وشە کاریگەرتر بێ، بۆیە پێویستە دیمانە ئەلکترۆنییەکان دوایین ڕێگە چارە بن. باشترین دیمانە لە نزیکەوە و ڕووبەڕوو دەکرێ.

٥– زۆر وردبینانە گوێ بگرێت و لێکدانەوەی پەیڤەکان بکات.

٦– خێرا باز نەدات بۆ ئەنجامگیری.

٧– هەندێ جار لە کاتی وەڵامدانەوە ئەسکوت بکات. هەندێ دەم دەئەنجامێتە ئاشکراکردنی زانیاریی پتر.

٨– ئەو شتانە ڕەت نەکاتەوە کە خوازیارە لە بابەتەکەتاندا باسی لێوە بکات. لەوانەیە پاشتر بە سوود بن.

٩– قەت وا پێشان نەدات کە سەرجەم باسەکە دەزانێ یان لێی تێ دەگات. ئەگەر پرسیارێکی هەیە بپرسێ. ئەگەر شتێ ڕۆشن نییە، داوای ڕوونکردنەوە بکات.

**هەڤپەیڤینی ڕووبەڕوو**

ئەم جۆرە هەڤپەیڤینانە گەلێ لە جۆرەکانی تر ئاستەمترن، چونکە پێویستە ڕۆژنامەڤان ڕووبەڕوو پرسیارەکانی ئاراستە بکات و شێواز و تۆن و ئاوازی پرسیارەکان و ڕوانین وتیفگرین هەمووی گرینگیی تایبەتی خۆیان هەیە. چونکە ئەمانە ڕێخۆشکەر دەبن بۆ ئەوەی زانیاریی پتر لە کەسی دیمانەکراو وەرگرێت.

بۆ سازدانی ئەم جۆرە دیمانەیە، پێویستە ڕۆژنامەڤان تەلەفۆن بۆ کەسەکە خۆی، ئۆفیسەکەی یان بەرپرسی میدیایی بکات و لە پاش ناساندنی خۆی و ئەو ڕۆژنامەیەی کاری بۆ دەکات، هەوڵ بدات کاتی لێ وەرگرێت بۆ هەڤپەیڤین. هەروەها دەبێ ئاماژەش بەو داستانە بدات کە بۆی هەڤپەیڤینێ لەگەڵ دەکات.

لە هەڤپەیڤیندا جۆرنالیست دکارێت پرسیار و وەڵامەکان بشارێتەوە، بگۆڕێ یان بە ئەنقەست دەستکاری بکات بە شێوازێك کە بۆ لایەنێك سودمەند بێت لە دژی لایەنێکی تر بۆیە هەردوو لای هەڤپەیڤینەکە هەندێ تەوەقوعاتیان هەیە لە یەکتری. هەڤپەیڤینەر خوازیارە کە وەڵامی پرسیارەکانی ڕاست و دروست بن و دیمانەکراویش دخوازێت کو وەڵامەکانی نەگۆڕدرێن و چەواشە نەکرن و هەردووکیان دەخوازن وەڵام و پرسیارەکان ڕاست بن و نەگۆڕدرابن. ئەرکێکی ئەخلاقییە کە هەڤپەیڤینەر بەدوربێت لەو کارانەی کە دەبنە مایەی ناوزڕاندنی بە ئەنقەست بۆیە پێویستە ڕێنوێنییەکانی خوارەوە ڕەچاو بکات:

١– پێدڤییە لە سەرەتای هەڤپەیڤینەکەدا خۆی بە ڕوونی بناسێنێت.

٢– مەبەستی سەرەکیی دیدارەکە ئاشکرا بکات.

٣– بەو کەسانەی شارەزایی و ئەزموونی هەڤپەیڤینیان نییە ڕابگەیەنێت کە لەوانەیە داتا و زانیارییەکان بەکار بهێنرێن.

٤– بە دیمانەلێکراوەکە ڕابگەیەنێ دیمانەکە چەند کاتی تێ دەچێت.

٥– درێژدادڕی لە هەڤپەیڤینەکە نەکات.

٦– ئەو پرسیارە دیاریکراوانە بپرسێت کە دیمانەلێکراوەکە توانای وەڵامدانەوەی هەبێت.

٧– بۆ وەڵامدانەوە کاتێکی گونجاو بە دیمانەلێکراوەکە بدات.

٨– پرسیارە ئاڵۆزەکان بۆ دیمانەلێکراوەکە شی بکاتەوە و داوای ڕوونکردنەوەی پتر بکات بۆ ئەو وەڵامانەی ناڕۆشنن.

٩– ئەگەر داوای لێ کرا؛ یان کە دیمانەلێکراوەکە شکی هەبوو لەسەر پەیڤەکانی، بەرسڤەکانی بۆ بخوێنێتەوە .

١٠– پێداگری بکات لەو وەڵامانەی کە جەماوەر تامەزرۆن بزانن.

١١– دوورەپەرێز بێت لە وانەوتنەوە یان دەمەتەقێ لەگەڵ دیمانەلێکراوەکەدا.

١٢– پێشمەرجەکان ڕەچاو بکات ئەگەر دیمانەلێکراوەکە خوازیار بوو کە هەندێ زانیاری، وتە، باکگراوند، بڵاو نەکرێتەوە، ڕێزی ئەو بڕیارە بگرێ.

ئەگەر هەڤپەیڤینەرەکە ئەم خاڵانە ڕەچاو نەکات؛ لە وانەیە سەرچاوەکانی لە کیس بدات. بە تایبەت کە زۆر جار بۆ ڕوونکردنەوە یان بابەتی تر" ڕەنگە جۆرنالیست بخوازێ چەندین جار لەگەڵ هەمان کەس هەڤپەیڤین بکاتەوە. ئەگەر ئەو مەرجانە ڕەچاو نەکات زۆر ئاستەمە دیمانەلێکراوەکە ئامادە بێت دیمانەیەکی تری لەگەڵ ساز بکات. ئەمە زۆر جار لە نێوان بەرپرسانی حکوومەت ڕووی داوە و هەندێ جاریش ڕۆژنامەڤانانی تووشی کێشەی یاسایی کردووە.

خۆم چەندین جار ڕووبەڕووی ئەم کێشانە بوومەتەوە. جار بووە کە هەڤپەیڤین لەگەڵ من کراوە، بەڵام لە کاتی بڵاوکردنەوە، سەرجەم وەڵامەکەم بڵاو

نەکراوەتەوە یان بەشی گرینگیی وەڵامەکە قرتێنراوە. ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی ئیتر بۆ جاری دووەم هەڤپەیڤین لەگەڵ ئەو جۆرنالیستە نەکەمەوە. چەندین نووسەری تر دووچاری هەمان کێشە بوونەتەوە.

## ستوونووسی

ستوونووسی بووەتە بەشێکی گرینگی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەمڕۆ و لەلایەن نووسەرێکی دیاریکراوەوە دەنووسرێ و پتر دەربڕینی بیروڕای نووسەر خۆیەتی یانیش هەڵسەنگاندنی کێشەیەکە لە دید و بۆچوونی جیاوازەوە. ئەمە وا لە خوێنەر دەکات چاوەڕێی ژمارەکانی داهاتووی ڕۆژنامەکە بێت بۆ خوێندنەوەی ستوونەکە لەبەرئەوەی ئاشنایەتیی لەگەڵ نووسەرەکە پەیدا دەکات. ستوون پێگەی دەنگی نووسەرە کە بە شێوەیەکی بەردەوام پێوەندیی دەخوڵقێنی لەگەڵ خوێنەرانی.

**هەندێ لە ستوونەکانی جۆرنالیزم**

– **ستوونی سەروتار:** سەرنووسەری ڕۆژنامەکە بە پێی پێویست بیروڕای خۆی سەبارەت بە بابەت و کێشە هەنووکەیییەکان لەم ستوونەدا دەردەبڕێ.

– **ستوونی نووسەر:** نووسەرێکی دیاری ڕۆژنامە یان گۆڤارەکە بە پێی پێویست بیروڕای خۆی سەبارەت بە ڕووداوەکان دەردەبڕێ.

– **ستوونی ڕەخنە:** دەکرێ لەم ستوونەدا، نووسەر ڕەخنەی ئەدەبی، سیاسیی یان کۆمەڵایەتیی بگرێ و بیروڕای خۆی سەبارەت بە ئاریشەکان دەرببڕێ. نووسەری ڕەخنەگر هەیە هەر جار ڕەخنە لە ڕەهەندێکی کۆمەڵگە دەگرێ و لە ستوونەکەی خۆی بڵاو دەکرێتەوە.

– **ستوونی بازرگانی:** نووسەری ئەم جۆرە ستوونە، سەبارەت بە گۆڕانکاریی و کاریگەرییەکانی کۆمپانیا خۆیی و بیانییەکان دەنووسێ. بۆ نموونە کام کۆمپانیایە بەرهەمی تازەی داهێناوە؛ یان کام کۆمپانیایە فرۆشراوە یان کڕدراوە و هۆکارەکان و کاریگەرییەکانی چین.

– **ستوونی فیلم:** لەم ستوونە، نووسەرێکی ڕەخنەگر، فیلمیکی تازە هەڵدەسەنگێنێ و بیروڕای خۆی دەردەبڕێ. ئەم هەڵسەنگاندنە دەکرێ سەبارەت بە سەرجەم بەشەکانی فیلم بێ یان بەشێکی وەکو سیناریۆ، موسیقا، کامێرا، نواندن... هتد.

- **ستوونی موسیقا:** نووسەر سەبارەت بە ئەلبومێکی تازەی گۆرانیبێژێك دەنووسێ و بیروڕای خۆی دەردەبڕێ. یان دکارێت سەبارەت بە گۆرانیبێژە تازەکان بنووسێ و باسی نموونەیەکی کارەکانیان بکات.
- **ستوونی کتێب:** لەم ستوونانە، نووسەرێکی ڕەخنەگر کتێبێکی تازە کە خوێندویەتییەوە هەڵدەسەنگێنێ و بیروڕای خۆی دەربارەی کتێبەکە دەردەبڕێ.
- **ستوونی وەرزشی:** نووسەر سەبارەت بە یاریی و تیپەکان و وەرزشڤانان دەنووسێ.
- **ستوونی ئامۆژگاری:** ئامۆژگاری، دەکرێ سەبارەت بە کێشەی تاکەکەسی، خێزانی یان کۆمەڵایەتی بێ. نووسەری ئەم بەشە دکارێ بەرسڤی خوێنەرانیش بداتەوە. بۆ نموونە نووسەری ئەم ستوونە دەکرێ کورتەیەکی نامەکانی خوێنەر بڵاو بکاتەوە و لەوێندەری وەڵامیان بداتەوە.
- **ستوونی پێکەنین:** ئەم ستوونانە پتر دەربارەی بابەتی تەنز و ساتیرەن. دەکرێ کێشە هەنووکەییەکان بە شێوازێکی کۆمیدی باس بکەن. بابەتەکان دەکرێن کۆمەڵایەتی بن یان سیاسی.
- **ستوونی خواردەمەنی:** نووسەر لەم ستوونەدا باسی خواردەمەنی و چێشت لێنان دەکات. بابەتەکە دەکرێ سەبارەت بە خواردنێکی خۆماڵی بێ یان بیانی. هەروەها دەتوانێ لێرەدا هەڵسەنگاندنی چێشتخانەکانیش بکات. بۆ نموونە نووسەر ڕووی کردووەتە کام چێشتخانە و خزمەتی چێشتخانەکە چۆن بووە؟

# جۆرنالیزم و ئەتیك

**ئەخلاقی ڕۆژنامەگەری**

هەندێ جار ڕوودەدات، لەسەر بنەمایەکی ناڕاست، هەواڵ یان بابەتێکی ساختە لەسەر نووسەر، بەرپرس یان سیاسەتمەدارێك دەنووسرێت و بە تەواوەتی دەیکوتن. پاش ماوەیەك دەردەکەوێت کە وانییە؛ ئەنجا ڕۆژنامەکە پۆزشێکی گچکە لە گۆشەیەك دەنووسێ و داوای لێبووردنی لێ دەکات یان زۆر جار ئەوەش ناکات بە تایبەت لە سایتە ئەلکترۆنییەکاندا. لێرەدا ویژدانی جۆرنالیست و پیرۆزێتی کارەکەی دەخرێتە ژێر پرسیارەوە، چونکە بووەتە هۆی شکاندنی کەسایەتی و زەرەرێکی زۆری مەعنەویی کەسەکە. تەنانەت ئەگەر جۆرنالیست بەڵگەی پێویستیشی لە بەردەست بێ و راپۆرتاژ لەسەر گەندەڵی یان کارێکی نابەرپرسانەی کەسەکە بڵاو بکاتەوە، چی پێویست دەکات سەرجەم بەشەکانی ئاسایی و خێزانی و کۆمەڵایەتیی ئەو کەسە بپشکنێ و کەسایەتیی بشێوێنێ؟ پاشان ئەگەر تۆمەتەکە نەسەلمێندرا، چۆن وەڵامدەری دەبێ؟ لەم دەمانە، پێویستە جۆرنالیست خۆی لە شوێنی ئەو کەسە دابنێ. ئایا جۆرنالیست پێی خۆش دەبێ کەسایەتیی خۆی وا بڕوشێنرێ؟ زۆر بەداخەوە ئەم دیاردەیە کرێتە لە نێو ماڵپەڕ و ڕۆژنامە کوردییەکاندا باوە و هەندێ جار زۆر نابەرپرسانە ڕەفتار دەکەن و سوودی نابەجێ لە ئازادیی ڕۆژنامەگەریی و فراوانی و ئاسانی ئینتەرنێت وەردەگرن یان گۆڕانکاریی بە ئەنقەست لە بابەتەکە دەکەن.

لە لایەکی تریشەوە، ئەگەر هەندێ هەواڵ و راپۆرتاژ ئاڵۆزکاو بن و لێ تێگەیشتنیان بۆ تاکێکی ئاسایی ئاستەم بێ. هەمدیس هەندێ ڕۆژنامەڤان دکارن سوودی نابەجێی لێ وەربگرن و ئەجێندای تایبەتیی خۆیان بئاخنە نێو بابەتەکە. هەندێ جاریش مومکینە ڕۆژنامەڤان خۆی لە بەر هۆکاری کەمئەزموونی، بێئاگایانە و بێ گوناهانە لە شێواندنی هەواڵەکە سەرپشك بێ، چونکە جیاوازیی لە تێگەیشتنی تاکەکان لە شێوازی گێڕانەوە یان نووسینی ڕۆژنامەڤان دەبێتە سۆنگەی بەدحاڵیبوون یان بە هەڵەتێگەیشتن لە هەندێ هەواڵ.

زۆرینەی نووسەران هاوڕان لەسەر ئەوەی جۆرنالیست ئەرکێکی ئەخلاقیی گرینگی لەسەر شانە و ئیهمالکردن یان گوێپێنەدانی راپۆرتاژ و هەواڵەکان دەتوانێ زەرەر بە هەندێ لایەن بگەیەنێ، ئەگەریش هەواڵەکان ڕاست نەبن، گومان دەخاتە کاری ڕۆژنامەگەریی و تا ڕادەیێکی بەرچاو ڕۆژنامەڤان و ئەو دەزگایەی کاری بۆ دەکات زەرەرمەند دەبن. پێویستە جۆرنالیست ویژدان و ئەخلاق لە کارەکەیدا فەرامۆش نەکات و سەرجەم زاویەکانی ژیانی ئەو کەسە بە هەڵبەستنی زانیاریی ناڕەوا نەخاتە ژێر زەرەبینی نامرۆڤانەوە. دەبێ میدیا ڕۆڵێکی ناوبژیکەر ببینێ و ئەو بابەتانە بورووژێنێ کە ڕاستن و لەو ڕاستایەشدا سنوورەکان نەبەزێنێ. چەواشەکاریی ڕۆژنامەگەریی و دەستکاریی هەواڵ کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر بڕوای جەماوەر لە سەر ڕۆژنامەڤان و ڕۆژنامەکە. دەبێ ڕۆژنامەڤان بە ڕاشکاوانە و بە ویژدانەوە مامەلە لەگەڵ ئەرکەکانیدا بکات. لەبەر ئەم سۆنگەیە، زمانی ڕۆژنامەڤانی و بەکاربردنی واژەکانیش ڕۆڵیکی کارا دەگێڕن. پەیڕەوی نەکردن لە ئەخلاقی ڕۆژنامەگەریی، لەوانەیە ببێتە هۆی سکاڵای ناڕازییەکان و پەلکێشکردنی ڕۆژنامەڤان بۆ دادگا.

بۆیە پێدڤییە ڕۆژنامەڤان ئاشنایی هەبێ بەو واژە و پەیڤانە کە لە جۆرنالیزم بەکاریان دەبات و هەروەها واژە یاساییەکانیش وەکو ئەم چەند نموونەیەی خوارەوە. هەڵبەت مانا و دەربڕینەکانی بە پێی وڵات و شوێن دەگۆڕێن و لێرە پتر مەبەست مانا گشتگیرەکانە و ئەم بوارەش پتر بوارێکی یاساییە و ئەمە تەنیا ئاماژەپێکردنێکی سەرپێیانەیە وەکو ڕۆژنامەڤانی نەك پسپۆڕێکی یاسایی.

**ناوزڕاندن:**

لە نێوان پێناسانەکانی ناوزڕاندن، پێناسەی "لورد ئەتکین" بەناوبانگە کە لە ساڵی ١٩٣٦، لە کەیسی دادگایی نێوان "سیم" و "ستریچ" دا وا وشەی ناوزڕاندنی پێناسە کرد(١): " ناوزڕاندن دەربڕینێکە کە زەرەر دەگەیەنێتە ناوبانگیی کەسێ بە

(1) Lord Atkin - Defamation Definition Sim V. stretch - A defamatory statement is one which injures the reputation of another by exposing him to hatred,contempt, or ridicule, or which tends to lower him in the esteem =

ڕووبەڕووکردنەوەی بەرامبەر بە ڕق، نزمی، گاڵتەجاری، ترس یان بێڕێزی کە ببێتە هۆکاری نزم تێڕوانینی تاکە چاکەکانی کۆمەڵگە. ″

ناوزڕاندن لە سەرجەم بوارەکانی جۆرنالیزمدا بوونی هەیە، وەلێ لە بواری جۆرنالیزمی ئەلکترۆنی زۆر ساناترە، خێرایی بلاڤۆکە ئەلکترۆنییەکان و زۆر و بۆریی ماڵپەڕ و جۆراوجۆریی زانیاری، ناوزڕاندن ساناتر دەکات، چونکە زۆر ئاستەمە سەرجەم زانیاریی و هەواڵ و دەنگوباس و بلۆگ و بابەت و ... هتد کۆنترۆل بکرێن، بە تایبەت کە جیهانی ئەلکترۆنی دارایی پتر لە ٣ بیلیون ماڵپەڕە و ڕۆژانە ژمارەیان پەرە دەستێنێ. هەروەها ئایا تا چی ڕادەیەك نووسەر تاوانبارە و تا چ ڕادەیەکیش خاوەن ماڵپەڕ و ڕۆژنامە و گۆڤارە ئەلکترۆنییەکان، کێشەیەکی یاساییی بەردەوامی خوڵقاندووە. لەبەر ئەوە تەنانەت سێرڤێرە خزمەتگوزارییەکانی ماڵپەڕەکانیش، بێبەری ناکرێن لە جێکردنەوە بۆ ئەو ماڵپەڕانەی کە دایم سەرقالی ناوزڕاندن و یاساشکێنین و لە هەندێ وڵات، تەنانەت بە شەریکە تاوان دەژمێردرێن ئەگەر پاش ئاگەدارکردنەوەیان سایتەکە لەسەر سێرڤەرەکانیان لانەبەن.

**دزیی**(٢)

لە جۆرنالیزمدا دزی واتە دزینی ئەدەبی، وشە یان بیرۆکەی کەسێکی تر بە ئەنقەست و بێ ئاماژە پێکردن بە سەرچاوەکەی. ئەم کارە بێجگە لەوەی کارێکی بێئاکارییە، لە زۆر وڵات دادگاییش دەکرێ. لە کاتی نووسیندا، زۆر جار پێدڤییە جۆرنالیست لە سەرچاوە دەرەکییەکان سوود وەرگرێ، وەلێ دەبێ لە ژێرنووسەکاندا ئاماژەیان پێ بدات. چەواشەکاریی، درۆ، دزینی بیرۆکەی نووسەرانی تر، هەواڵی درۆ و بێبنەما دەتوانێ ببێتە هۆی لە کیسدانی مۆڵەتی ڕۆژنامەگەریی و ناوزڕاندنی جۆرنالیست خۆی. بۆ نموونە دەکرێ ″جاك کێلی″ جۆرنالیستێکی ڕۆژنامەی ″ ئەمەریکای ئەمڕۆ ″و ″ جێسێن بلێر ″ لە ڕۆژنامەی ″

---

= of right-thinking members of society (Sim v Stretch [1936] 2 All ER 1237, 1240, per Lord Atkin).

(2) Plagirism.

نیویۆرك تایمز ″ ناوبەرین كە بە هۆی سەرچاوە و داستانی درۆ و بوختاناوی، كارەكانیان لە كیس دا[٣].

بۆ ئەوەی لە جۆرنالیزمدا ناوزڕاندن ڕوو نەدات، پێویستە ڕۆژنامەڤان ڕەچاوی ئەم خاڵە ستانداردانە بكات كە زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤار و ئاژانسەكانی میدیا پەیڕەوی دەكەن:

١– ئامانجی دۆزینەوەی ڕاستی بێ و دەبێ دڵپاك و بە ویژدان و نەترس بێ لە كۆكردنەوە، گێڕانەوە و وەرگێڕانی زانیاریی ڕاست و دروست.

٢– لە ڕاستیی زانیارییەكانی خڕ سەرچاوەكان بكۆڵێتەوە و ئاگەدار بێ بە ئەنقەست و بێئەنقەست تووشی هەڵە نەبێ.

٣– بە پێی توانا سەرچاوەكان دەستنیشان بكات؛ چونكە خوێنەران شایانی زانیاریی پترن لەسەر باوەڕپێكراویی سەرچاوەكان.

٤– هەموو كات بەر لە بەڵێندان بە سەرچاوەكان، پرسیاری هۆكاریی شاردنەوەی سەرچاوەكان بكات. لە بەرامبەر زانیاری پێدان مەرجەكانی بۆ دیار بكات. دەبێ بەڵێنەكانی بە جێ بگەیەنێ.

٥– دەبێ دڵنیا بێ بڵاوكردنەوەی مانشێت، هەواڵ و ڕیكلام، وێنە، ڤیدیۆ، دەنگ، گرافیك و وتەكان مانای هەڵە نەگەیەنێ و كەسێ، گرووپێ، ئاینێ، چین و توێژێك نەڕەنجێنێ.

٦– دەبێ قەت ناوەڕۆكی وێنە یان ڤیدیۆ نەگۆڕێ. دەكرێ كوالێتی وێنە باشتر بكرێ، بەڵام نابێ ناوەڕۆكەكان دەستكاری بكات.

٧– دەبێ جۆرنالیست دوورەپەرێزی بكات لە بڵاوكردنەوەی هەواڵی هەڵخەڵەتێنەری پێشهاتەكان.

٨– دەبێ جۆرنالیست دوورەپەرێزی بكات لە شێوازی كۆكردنەوەی زانیاریی بە شێوازێكی پەنهانی، بێجگە لەو كاتەی كە لە ڕێگە باو و گشتییەكان

---

(3)http://www.thecurrentonline.com/2.14134/the-role-of-journalism-1.1965924.

زانیـارییـەکـانـی پـێ نـادرێ یـان کۆ نـاکرێتـەوە. شێوازی وەدەست خستنی زانیارییەکان پێویستە وەکو بەشێ لە داستانەکە بۆ خوێنەران ئاشکرا بکرێ.

٩- دەبێ جۆرنالیست قەت نووسین یان بیرۆکەی کەسێکی تر کۆپی نەکات.

١٠- دەبێ جۆرنالیست جیاوازیی نێوان پشتگیریی و راپۆرتاژکردن بزانێ. لێکدانەوە و تێبینیی دەبێ روون بکرێ (بە خوێنەران بڵێن ئەمە بۆچوونی خۆمە) و لەگەڵ راستیی و ناوەڕۆکدا تێکەڵی نەکەن.

١١- جیاوازیی نێوان هەواڵ و راپۆرتاژ و رێکلامکردن بزانێ.

١٢- بیروباوەڕ و بەها کولتوورییەکانی خۆی نەسەپێنێتە سەر خەڵکی تر یان تێڕوانینەکانی خۆی نەئاخنێتە ناو راپۆرتاژەکان.

١٣- جیاوازی نەنوێنێ بە رەگەز، جەندەر، تەمەن، ئاین، ئەتنیك، کەمئەندامی و پلەوپایەی کۆمەڵایەتیی ئەوانەی لە بارەیان دەنووسی.

١٤- داکۆکی لە بیرورا گۆڕینەوەی کراوە بکات، تەنانەت بۆ ئەو بۆچوونانەش کە هاودژن.

١٥- دەبێ جۆرنالیست دلۆڤان بێ بەرامبەر بەوانەی رەنگە هەواڵەکە کاریگەریی پێچەوانەیان لەسەر بکات. دەبێ زۆر هەستیار بێ کاتێ مامەڵە لەگەڵ منداڵ، ژن یان سەرچاوە و بابەتە بێ ئەزموونەکان دەکات. لە بیر نەکات لەوانەیە راپۆرتاژەکەی زەرەر لە کەسێ بدات یان کێشەی بۆ بنێتەوە.

١٦- زۆر ئاگەدار بێ لە ئاشکراکردنی ناوی گومانلێکراوەکان و قوربانیانی تاوانی جینسی.

١٧- لە راپۆرتاژەکانیدا بالانسەکان بپارێزێ و بێلایەنانە رەفتار بکات.

١٨- دەبێ رۆژنامەڤان بەرتیل، هەدیە، خەلات، پارە، خەرجی سەفەر، پیاوەتی، بەڵێنی کار، خزمەتگوزاریی بەلاش... هتد. رەت بکاتەوە.

١٩- بە پێی ئەو ئەستانداردە بەرزانە رەفتار بکات کە بۆی دیاری کراوە.

٢٠- دان بە هەڵەکانی بهێنی و بە خێرایی راستی بکاتەوە.

## ئازادیی ڕادەربڕین و یاسا

لەم چەند دەیەی پێشوو مشتومڕێکی زۆر هەبووە سەبارەت بە ڕۆژنامەڤان و سنوورەکانی کارەکەی. گرینگترین بابەتیش ئەوە بووە کە ئایا پێویستە جۆرنالیست سەرچاوەکانی ئەو زانیارییانەی بڵاو دەکاتەوە لە ناو دادگادا ئاشکرا بکات؟ لە کاتێکدا کە زانیارییەکە بە نهێنی و بەو پێشمەرجە پێی دراوە کە ئاشکرا نەکرێ؟ ئەم پرسیارە خۆی ئاخنیوەتە ناو مێشکی زۆر لە یاسازانان و دادگا و ئەکادیمییەکانیشدا. کێشەکە لە بازنەی نێوان ماف و ئەرکی هاووڵاتیبوون و ئەرکی جۆرنالیست بەرامبەر بە کارەکەی خۆی و داواکاریی دادگا و یاسای گشتیدا دەخولێتەوە لە کاتێکدا ئەگەر بە چاوێکی وردبینانەترەوە بڕوانینە ئەم کێشەیە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە کێشەکە نە لە نێوان پارێزەر و جۆرنالیستەکانە و نە لە نێوان ڕۆژنامە و دادگادا، بگرە لە نێوان دادگا و جۆرنالیستەوەیە. چۆن دادوەر پێی ناخۆشە کە زانیاریی و بەڵگەی لێ بشاردرێتەوە، ڕۆژنامەڤانیش ڕازی نییە بەڵێنەکەی بۆ پاراستنی نهێنی و ناوهێنانی زانیاری پێدەرەکەی بشکێنێ. هەردووکیشیان بڕوادارن بۆ یەك ئامانج کار دەکەن و ئەویش ″دۆزینەوەی ڕاستییە″.

پشکنینی ڕاستی و ڕەواندنی گومان لە بواری یاساییدا دۆزێکی زۆر ئاڵۆزە و وەکو شمشێرێکی دوو دەمە. ئەگەر دادگا سەربەخۆ نەبێت و سەر بە حیزب یان لایەنێ بێت یا خۆ گەندەڵ بێ، ئاکامی زۆر خراپتری لێ دەکەوێتەوە، چونکە لێرە دۆزینەوەی ڕاستی دەبێتە قوربانیی بەرژەوەندیی سیاسی. لە لایەکی تریشەوە ئەگەر ڕۆژنامەڤان بەرپرسانە و بە پشت بەستن بە ڕاستی ئەرکەکانی خۆی ڕانەپەڕێنێ و پشت ئەستوور بێ بە سەرچاوەی درووین و ناڕەوا، هەمدیس ڕاستی دەبێتە قوربانیی بەرژەوەندیی تاکەکەسی. ئەم کێشەیە لە جۆرنالیزمی کوردییدا بووەتە نەریتێکی باوی هەندێ ڕۆژنامە و ماڵپەڕ کە هەندێ جار ڕۆژنامەڤان زانیاری بڵاو دەکاتەوە و پاشان لەبەر خۆدزینەوە و بە درۆنەخستنی خۆی دەڵێ کە سەرچاوەکان نهێنین یانیش بە ناوی نهێنییەوە زانیاریی هەڵە و تژی لە

چەواشەکاریی بۆ مەبەستی سیاسیی یان تاکەکەسی بڵاو دەکاتەوە. ئەم کێشەگەلانە یارمەتیدەر دەبن بۆ چەواشەکاریی، بڵاوبوونەوەی گەندەڵی، لە بیرکردنی ئەرکی ڕۆژنامەڤانی و بەرژەوەندی گشتی. هەروەها لە گشتیان گرینگتر، لێکترازان و لە کیسدانی باوەڕی جەماوەر لێی. لە کاتێکدا گرینگترین ئەرکی ڕۆژنامەڤانی ئاشکراکردنی ڕاستییەکان و چاودێریکردنە بەسەر بەڕێوەبەرایەتی و یاسادانان و حکوومەت.

کێشەکانی نێوان جۆرنالیست و دەسەڵات و یاسا لە ژمارە ناهێن. ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکی ئاریشەی نێوان جۆرنالیست و دادگان.

لە ساڵی ١٩٦٣، دوو ڕۆژنامەڤانی بەریتانی بە ناوانی "براندۆن مولهۆلاند "ی ڕۆژنامەی دەیلی مەیل " و " ریگ فۆستەر "ی ڕۆژنامەی " دەیلی سکێچ "سەرقاڵی ڕاپۆرتاژێك بوون سەبارەت بە کارمەندێکی بەریتانی بە ناوی جان ڤەسێل کە بە جاسووسی بۆ سۆڤییەت تۆمەتبار کرابوو. ئەم کەیسە وا گەورە کرا کە سەرۆك وەزیرانی کشاندە ناویی و جۆرنالیستەکانیش بانگهێشتی دادگا کران، لە کاتی دادگاییکردندا داوا لەو جۆرنالیستانە کرا کە سەرچاوەکانی زانیارییان ئاشکرا بکەن، وەلێ جۆرنالیستەکان نەیانکرد و لە ئەنجامدا سەرۆکی دادگا " پارکەر" بۆ هەر دوو جۆرنالیستەکە شەش مانگ زیندانیی بڕییەوە(١).

لە پاش ئەم سکەندەلە، جووڵانەوەیەك لە بەریتانیا چێ بوو بۆ بەدەستهێنانی حەسانەوەی یاسایی بۆ ڕۆژنامەڤانان، وەلێ تا ئێستا پێشکەوتنێکی بەرچاوی نەبووە.

لە ساڵی ١٩٨٠، لە بەریتانیا، ئەنجوومەنی نوێنەران بڕیاری دا کە "گراندا تیلێڤیژێن" کە کۆمپانیایەکی گەورەی بەریتانی بوو دەبێ ناوی ئەو زانیارپێدەرە ئاشکرا بکات کە زانیاریی دژ بە کۆمپانیایەکی دەوڵەتی بەریتانیا بە ناوی "بریتیش ستیل کۆرپۆریشن" ی پێ درابوو. ئەگەرچی گراندا تیڤی لە دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپا سکاڵای کرد دژ بەم بڕیارە، بەڵام هێشتا ئەم جۆرە کارانە دژ بە مافی ئازادیی ڕادەربڕین دەژمێردرێن(٢).

---

(1) http://en.wikipedia.org/wiki/Vassall -Tribunal.

(2) http://uniset.ca/terr/css/britishsteel.html.

**ئەمەریکا**

تاکو سالآنی ۱۹۷۰، شازدە ویلایەتی ئەمەریکا بڕیاری یاساییان دەرکرد کە بۆ دەستەبەرکردنی زانیاریی پێویست بۆ جەماوەر، پێدڤییە ناسنامەی زانیارپێدەرانی ڕۆژنامەڤانان بپارێزرێ بەرامبەر بە دادگا. دواتر ئەم یاسایە لە زۆربەی ویلایەتەکانی تریش پەسەندکران بۆ داکۆکی لە ڕۆژنامەڤانان و بەرگری لەو سەرچاوە نهێنییانەی زانیارپێدەری ڕاگەیاندکارانن.

یەکێ لە کەیسە جەنجاڵییەکانی جۆرنالیزم لە ئەمەریکا کەیسی "کۆلدوێل"ە(۳). کۆلدوێل یەکەمین ڕۆژنامەڤانی ڕەشی نیویۆرك تایمز بوو کە لە کاتی کوشتنی "د. مارتین لوتەر کینگ" لە ساڵی ۱۹٦۸ لە شاری "مامفیس" ئەیالەتی " تەنیسی " لە هۆتێلی " لۆرەین مۆتیل " ڕاپۆرتاژیکی گرینگی لەسەر شەڕی ڕەگەزپەرستی نووسی. لە ڕاپۆرتاژەکەیدا کە لە ڕۆژنامەی "نیویۆرك تایمز" لە ساڵی ۱۹٦۹ بڵاوکرایەوە بە وتەیەکی ڕابەری گرووپی پڵنگە ڕەشەکان(٤) "داڤید هیلارد" دەست پێ دەکات. شایانی باسە گرووپی پڵنگە ڕەشەکان گرووپێکی چەپی ڕەشپێستەکان بوو کە لە ناوەڕاستی شەستەکان و حەفتاکانەوە لە کالیفۆرنیا چێ بوو بۆ داکۆکی لە مافی ڕەشپێستەکان و بە یەکێ لە گرینگترین بزاڤی ڕۆشنبیریی سیاسی و کولتورییان دەژمێردرێت.

پاش دوو مانگ لە شاری سانفرانسیسکۆ، دادگایی فیدراڵ سەرقاڵی لێپێچینەوە لە کەیسێك بوو سەبارەت بە چالاکییەکانی ئەو گرووپە، ئاژانسی پاراستنی ئێف بی ئای، بانگهێشتی نووسەرەکەی کرد و داوایان لێکرد دەنگ و نووسینی گفتگۆکانی لەگەڵ سەرکردەکانی گرووپەکە لەگەڵ خۆی بهێنێ. ئەم کارە زەرەرێکی زۆری لە بزووتنەوەی ڕەشەکان دەدا و بۆیە کۆلدوێل دوو جار ئەم داواکارییەی ڕەت کردەوە. لە پاش وازنەهێنانیان وەکو ڕۆژنامەڤانی بۆ پاراستنی مافەکانی سکاڵای لە دادگای باڵای ئەمەریکا کرد. ئەم ڕاوەستانەی

(3) The Caldwell case

(4) The Black Panther Leader David Hillard.

بەرامبەر بە داخوازیی حکوومەت بوو بە هەوێنی چێکردنی ڕیکخراوێك بە ناوی ″ کۆمیتەی پشتیوانیی بۆ ئازادیی ڕاگەیاندن ″(٥) و بوو بە هۆی بەرگریکردنی پتری حکوومەت لە ڕۆژنامەڤانان.

## کوردستان

لە باشووری کوردستان سەرەڕای سەرجەم پێشکەوتنەکانی بواری ڕاگەیاندن و ئازادیی ڕۆژنامەگەریی، هێشتا کێشەگەلێکی یاسایی و سیاسیی زۆر ماون کە چارەسەر نەکراون و تەنگیان بە ڕۆژنامەڤانان هەڵچنیوە. هێشتا پیشەی ڕۆژنامەڤانی لە قەیراندایە. تاهەنووکە ژمارەیەکی زۆری ڕۆژنامەڤانان بوونەتە قوربانیی و بە تۆمەتی جۆراوجۆر ڕاکێشی دادگا کراون؛ یانیش بە بڕیاڕی سیاسیی چالاکییەکانیان ڕاگیراون. تۆمەتی جۆراوجۆر ئاراستەی ڕۆژنامەڤانان دەکرێت و ناو و ناتۆرەی نابەجێیان پێ دەچەسپێنن و بێڕێزیی بەرامبەریان دەکرێ. لەم تەنگژانەدا، هەندێ جار تەنانەت میدیای حزبییش لە بڕیارە نابەجێیەکانی دەستەڵات بێبەش نەبوونە.

تاهنووکە یاساکانی ئازادیی ڕۆژنامەڤانی و پێدانی زانیاریی و ناچارکردنی داموودەزگا حکوومییەکان بۆ هەڤکاریی ڕۆژنامەنووسان پەسەند نەکراوە و ئەمەش بووەتە هۆکار بۆ پێشێلکردنی مافەکانی ڕۆژنامەڤانان و چێکردنی ئاستەنگی یاسایی لە بەردەمیان. کاتێکیش ڕۆژنامەڤان هەوڵ دەدات خۆبەختانە زانیاریی پێویست وەدەست بخات، لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بێڕێزیی بەرامبەر دەکرێت.

میدیای حزبی زۆربەی ڕاگەیاندنەکانی پاوەن کردووە، لە کاتێکدا کە لە سیستمێکی دیموکراسیدا، پێویستە ڕاگەیاندن ئازاد و سەربەخۆ بێ و دەستەڵات هەڤکاریی پێدڤیی بۆ دەستەڵاتی چوارەم مەیسەر بکات و ئاسانکاری بکات لە بەڕێوەبردنی کار و ئەرکەکانیان لە چوارچێوەیەکی یاساییدا. تا میدیای ئازاد بتوانێ ببێتە ڕێخۆشکەر بۆ چەسپاندنی دیموکراسیی و پەرەپێدانی بەها مرۆیی و

(5) Reporters Committee for Freedom of the Press.

مەدەنییەکان و هۆشیاریی کۆمەڵایەتیی و بەرپاکردنی شەفافیەت.

بە سەدان ڕۆژنامەڤان گیراون، زیندانی کراون، لێدراون، بریندار کراون، کوژراون، تۆقێندراون، دەمکوت کراون، نانبڕاو کراون، ڕاونێراون، شاربەدەر کراون.. هتد. کە هەموو ئەمانە پێچەوانەی سیستمێکی پێشکەوتووی دیموکراسین. ئەمە سنووردارbوونی ئازادیی ڕۆژنامەگەریی لە کوردستان دەگەیەنێ و دیارە هێشتا کاتێکی زۆری ماوە تا مافەکانی ڕۆژنامەڤانان دەستەبەر بکرێن. هەڵبەت ئەمەش ڕاستەوخۆ پێوەستە بە جێکەوتبوونی سیستمی دیموکراسیی ڕاستەقینە کە تێیدا سەرجەم مافی هاووڵاتییان جێکەوت ببێ.

## توێژینەوەیەکی کورت لەسەر ڕۆژنامەکانی کوردستان

ئەگەرچی جۆرنالیزم لە کوردستان تا ڕادەیەکی بەرچاو پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینیوە، لێ لە ئاست ڕۆژنامەگەریی وڵاتانی پێشکەوتوو، شیاوی بەراورد نییە. بە هەڵسەنگاندێکی خێرای مێژووی ڕۆژنامەڤانی دەگەینە ئەو ئاکامە کە ڕۆژنامەگەریی کوردی لە پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١ ەوە توانی بە شێوازێکی سەرەتایی خۆی بخاتە ناو گۆڕەپانی ڕۆشنبیرییەوە و لەو مەودایە کورتەدا شیاوە تا ڕادەیەك پێشکەوتن و سەقامگیریی بە خۆیەوە ببینێ، بەڵام ئەم پێشکەوتنە وەك زۆربەی بەشەکانی تری ڕۆشنبیریی، پتر شێوازی تەقلیدیی و لاساییی وڵاتانی دراوسێی بە سەردا زاڵ بووە و کەمتر لە بواری ڕۆشنبیریی پشت بەخۆی بەستووە تا بگاتە قۆناغی داهێنان یان هاوتای وڵاتانی پێشکەوتوو. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارگەلێکی وەك کەمئەزموونی و کورتخایەنی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کورد و فاکتەرە سیاسیی و ڕۆشنبیرییەکان.

هەرچەند لە پاش ڕاپەڕین تا ڕادەیەك ئازادیی ڕادەربڕین مسۆگەر کراوە و حکوومەت جەخت لە سەر پەرەسەندنی ئازادیی ڕۆژنامەڤانی دەکات، وەلێ هێشتا نەمانتوانیوە بگەینە ئاستێکی پێشکەوتوو لەبەر کاریگەرییە ناوەخۆیی و هەرێمییەکان بەسەرماندا و هەروەها نەبوونی سیستمێکی حکومیی دامەزراوەیی و یاسایی و تۆکمەی لەسەر بنەما ڕاستەقینەکانی دیموکراسی کە سەرجەم مافەکانی هاووڵاتییان دابین بکات. لە لایەکی تریش، لەو دەرفەتە کەمەی کە ڕەخساوە، بە تەواوەتی سوودی لێ وەرنەگیراوە، لە کاتێکدا کە لە بواری ڕۆشنبیریی و مەعریفەوە ئێمە لە باریکی قەیراناوییدا دەژین و دەکرا لە ماوەیەکی کەم ژمارەیەکی زۆر لەکێشە گرینگەکان چارەسەر بکرابان و دەرفەت ڕەخسابا تا ڕۆشنبیران و نووسەران و ڕۆژنامەڤانان دەورێکی سەرەکی ببینن. وەلێ بە پێچەوانەوە کێشە حزبییەکان تەشەنەیان کردە ناو قەلەمی نووسەران و بابەتە حزبییەکان خرانە سەروو بابەتە گرنگ و هەنووکەییە نەتەوەییەکانەوە. لە دەورانی شەڕی ناوەخۆ ڕۆژنامەکان لە بری کارکردن بۆ ئاشتی و

چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان حیزبەکان ببوونە ئاگرخۆشکەری شەڕی ناوەخۆ و نەرێنییانە کارییان کردووە. ڕۆژنامەکان لە بری چێکردنی ڕای گشتی و گرینگیدان بە شەقامی کوردی و ستراتیجیی نەتەوەیی، گیرۆدەی کێبڕکێی نابەجێ بوونە. ئەمەش لەبەر وابەستەبوونی ئەو ڕۆژنامانەیە بە حزبەکان. ڕاستگۆیی و بەرپرسیتی کاری هەرە گرینگیی ڕۆژنامەڤانە، لێ بە داخەوە لە زۆر بواردا کەموکوڕی هەبووە و لەو هەلومەرجە نالەبارانە، ڕۆژنامەڤان بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی خستووەتە سەروو بەرژەوەندیی گشتی.

گرفتەکی تری کۆمەڵگەی کوردی حزباندنی سەرجەم ڕەهەندە سیاسی و ڕۆشنبیریی و ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانە و لەوەشدا ڕۆژنامەڤانی پشکی شێری بەرکەوتووە. داکۆکی و پڕکردنی ڕۆژنامەکان بە بیری تەسکی حزبایەتیی و کارەکتەرەکانی و پیاهەڵدان، دەرفەتی گەشەسەندنی ڕۆژنامەڤانی ڕاستەقینە کەم کردووەتەوە. سایکۆلۆجیەتی ڕۆژنامەڤانی کوردی هێشتا لەسەر کولەکەی وابەستەبوونە. ڕاگەیاندنی سەربەخۆ و ئازاد دەتوانێ کێشە گرینگەکانی کۆمەڵگە و حکوومەت بۆ ڕای گشتی ئاشکرا بکات. قەت ڕۆژنامەیەکی حیزبیی لایەنە نەرێنییەکانی خۆی ناخاتە بەردەم دیدی جەماوەرەوە، چونکە دەزانێ دەبێتە هۆی لە کیس چوونی ژمارەیەکی زۆر لە هەواداران و دەنگی هاوولاتی و گۆڕینی بیروڕایان سەبارەت بەو حیزبە. کە واتە بەر لە دامەزراندنی سیستمێکی ئازاد و سەربەخۆی ڕۆژنامەگەی، پێویستە سیستمیکی دامەزراوەیی دیموکراتی بەدەر لە تێهەڵکیشانی حیزبیی باڵی کێشابێ.

ئەم کۆسپانە تا ڕادەیەك درزی خستە ناو دەسەلات و جەماوەردا، بە شێوازێك کە بڕوای جەماوەر لە دەستەلات کز بوو و دەستەلاتیش خۆی لێیان بە نامۆ دەزانی و دوورەپەرێز مایەوە. ڕۆژنامەگەریی حزبییش سەرپشك بووە لە تێکدانی بالانسی نێوان جەماوەر و دەسەلاتدا. لە ئەنجامدا بۆ زانین و دۆزینەوەی ڕاستییەکان، جەماوەر بە ناچاری ڕوویان کردە ڕۆژنامە ئازادەکان یانیش ماڵپەڕە ئەلکترۆنییەکان کە دەستی سانسۆر کەمتر پێیان دەگات، وەلێ ئەوانیش تا ڕادەیەك لە گەرەلاویژی ئینترنێت و بۆشاییی یاساکانی ڕۆژنامەگەریی سوودی

نابەجێیان وەرگرتووە.

لە کوردستان دەکرێ ڕۆژنامەنووسان بە سێ بەش پۆلێن بکەین:

**– ڕۆژنامەنووسی حزبی**

**– ڕۆژنامەنووسی نیمچە سەربەخۆ**

**– ڕۆژنامەڤانی سەربەخۆ**

لەبەر سەختیی گوزەرانی ژیان و ناسەقامگیری پیشەی ڕۆژنامەگەری وەکو پیشەیەکی دانسقەیی و گرینگ نەژماردنی ڕۆڵی کارای ، ژمارەیەکی زۆر لە نووسەران و ڕۆژنامەڤانان خۆیان بەستووەتەوە بە حزب و زۆر جار کاری حزب و ئەرکی ڕۆژنامەوانی تیکەڵ دەکەن. ئەم جۆرە ڕۆژنامەڤانانە هاوکات دوو جۆر ڕوڵ دەگێڕن. پیادەکردنی سیاسەتی حیزبیی و گواستنەوەیان بۆ جەماوەر و جۆرنالیزم و گێڕانەوەی هەواڵ و دەنگوباس و لێکۆڵینەوە و بابەتی بە سوود بۆ حزبەکەی.

ئەمە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بە پێچەوانەوەیە. بۆ نموونە لە ئەمەریکا ڕۆژنامەی کۆماریخوازان یان دیموکراتەکان بوونی نییە و تەنیا چەند بولیتینێ نەبێ کە باس لە چالاکییە حزبییەکان دەکەن و دەنێردرێن بۆ ئەندام و هەوادارانی ئەو حزبانە کە لە پاش هاتنەکایەوەی ئینترنێت، زۆربەی ئەمانەش دیجیتاڵی کراون.

نەریتی ڕۆژنامەگەریی حزبیی دیاردەیەکە کە لە شاخ گواسترایەوە ناو شار و لە پاش ئازادیی باشووری کوردستان لە ململانێی حزبایەتی و دەسەڵات بەرجەستەر کراوە و هێشتا پاشماوەی لە بواری جۆرنالیزمدا ماوەتەوە و کز نەبووەتەوە. پاساویشی ئازادیی ڕۆژنامەگەرییە کە ئەمە هاودژە لەگەڵ پرەنسیپەکانی ڕۆژنامەگەری. سەرچاوەی مادیی و پشتگیریی ئەم ڕۆژنامانە داهاتی حکوومەتە کە دەدرێتە حزبەکان. بە دەستەواژەی تر حکوومەت بە ناڕاستەوخۆ داکۆکی لەم تیپە ڕۆژنامەگەرییە دەکات کە ئەمەش لە وڵاتێکی دامەزراوەییدا دەچێتە ناو خانەی گەندەڵیدا. لە زۆر وڵات هەن کە حکوومەت

داکۆکیی مادی هەندێ داودەزگای ڕۆشنبریی، زانستی، ئاکادیمی دەکات، بەڵام حکوومەت بۆ پڕوپاگەندەی حزبیی و بۆ سوودی خۆی ناتوانێ پارە ببەخشێتە ڕۆژنامەکان. ئەمە لە سیستمی دیموکراسیدا ناشازە. تەنیا لە وڵاتە توتالیتاریستییەکان و دیکتاتۆرەکانەوە ڕوو دەدات کە سەرجەم میدیا قۆرخ کراوە و ڕۆژنامەنووس و ڕۆژنامە لە خزمەت ئایدۆلۆجیا یان سیاسەتی حکوومەتدایە.

لە دیدێکی ترەوە دەکرێ بڵێین کە لە کۆمەڵگەی کوردی دوو جۆر تێڕاوانین هەن لە مەڕ ڕۆژنامەگەریدا:

- **تێڕوانینی شەقام**
- **تێڕوانینی دەسەڵات**

**تێڕوانینی شەقام**: بریتییە لە خەڵکی ئاسایی و کاسبکار و کارمەند. ئەوانەن کە لە بڕیارەکانی دەسەڵاتدا خاوەنی سەنگی خۆیان نین و بێجگە لە هەندێ جار خۆپێشاندان و مانگرتن بۆ دەربڕینی بیروڕای خۆیان و گۆڕینی بڕیارە سیاسییەکان خاوەنی ئەزموونیتر نین. تێڕوانینی ئەم دەستەیە بۆ ڕۆژنامەنووسی و ڕۆژنامەڤان تا ڕادەیەکی ئەرێنی و هەندێ جاریش بێ جیاوازییە. بەڵام ئەم کۆمەڵەن کە دەکرێ لە ئاست هەواڵێکی دڵتەزێن، گەندەڵکاری و بڕیاری نابەجێ ببنە جەمسەرێکی کاریگەر و بە هەند و دەستەڵات ناچار بکەن گۆڕانکاریی لە بڕیارەکانیان بکەن.

**تێڕوانینی دەسەڵات**: تەرزە تێفگرینێکی ناهاوسەنگە کە لە سەرەوە بۆ بندەستی خۆی دەڕوانێ. بە پێچەوانەوە نەبوونی سیستمی دیموکراسی نەریتی کەمزانین و بایەخ نەدان و سووکایەتی و هەندێ جاریش هەڕەشەکردنی کردووەتە باو. ئەمە لە ئەنجامی گەندەڵیی فراوانی پەرەسەندووی ناو دەزگاکانی حکوومییە و ترس و دڵەڕاوکێی بەرپرسانە لە ئاشکراکردنیان و لابردنیان لە پۆستەکانیان کە چارەی ڕۆژنامەڤانیان ناوێ و هەندێ جاریش بێئەزموونیی ڕۆژنامەڤان دەقۆزنەوە بۆ تێکشکاندنی.

ئەم دیاردەیانە گەواهیدەرن کە پیشەی ڕۆژنامەڤانی لە کوردستاندا هێشتا

سەرەتاییە و نەگەیشتووەتە ئاست وڵاتە ڕۆژهەڵاتییەکان و ڕۆژنامەگەریی لە کوردستاندا کەرتێکی خوژێنەر نییە و خاوەنی داهاتی ڕۆژنامەڤانی خۆی نییە و مافی خاوەنداریێتی کاری ڕۆژنامەڤانی پارێزراو نییە (وەکو سەرجەم کارە فیکرییەکانی تر)، بۆیە پێویستە ڕۆژنامە و ڕۆژنامەڤان خۆیان بلکێننە لایەنێك بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان و بەردەوام بوونیان و لەم کاتەدایە کە ڕۆژنامەڤان دەستەمۆ دەکریت و حزب و دەستەڵات پەی دەبەن بە گرینگیی ڕۆڵی ڕۆژنامەڤان و بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاری دێنن. ئا لێرەدایە کە دەبێ ئەخلاق و ویجدانی ڕۆنامەڤانی دەورێکی گرینگ بگیڕی.

هەندێ لە فاکتەرەکانی پاشکەفتنی جۆرنالیزم لە کوردستان بەم شێوەیەن:

– کەمیی پسپۆڕێتیی کارامە و پرۆفشناڵ لە بواری ڕۆژنامەگەریدا.
– نەبوونی کارامەیی هەندێ لە نووسەران و جۆرنالیستەکان و کارپێدانیان لە بەر حزبی بوون.
– نەبوونی پرۆگرامێکی پێشکەوتوو و سەردەمیانە لە ناو زانکۆکانی کوردستان بۆ پێگەیاندنی جۆرنالیستی ئەکادیمیك.
– نەچەسپانی ماف و یاساکانی ڕۆژنامەڤانی لە ناو دەستوور و یاساکاندا.
– هاوکارینەکردنی ڕۆژنامەڤانان لەلایەن داوودەزگاکانی حکوومەت و بەسووکی ڕوانین لە پیشەی ڕۆژنامەڤانی لە ناو کۆمەڵانی خەڵك.
– ڕەچاو نەکردنی مافی بڵاوکردنەوە.
– ئاستەمی لە دۆزینەوەی سەرچاوەکانی تەواو و بڕواپێکراو و شیاو و پشت بەستن بە سەرچاوەکانی دەرەکی تا ناوەکی.

**هەندێ لە لاوازییەکانی ڕۆژنامەکانی کوردستان:**

– ڕۆژنامەکانی کوردستان نەگەیشتوونەتە بواری سەربەخۆیی تەواو و سەر بە حزب، حکوومەت ، داوودەزگا ، وەزارەت یان دەستەیەکی سەر بەمانەن. ئەمە وای کردووە کە ناوەرۆك و ئەرکی ڕۆژنامەگەریی بەم ئامرازانە ڕەنگرێژ

بکرێن و ئەرکی جەوهەریی ڕۆژنامەنووسی کە دۆزینەوەی ڕاستییە تا ڕادەیەك ببیتە قوربانی.

– توێژینەوەی زانستی لەسەر بابەتەکان زۆر کەمە. زۆر جار بابەتەکان بە پێی پسۆڕیتی نووسەر نییە. نووسەر هەیە ڕۆژی بابەتێکی ئەدەبی دەنووسیت، ڕۆژی دواتر بابەتێکی سیاسی و هەروەها کۆمەڵایەتیی و فەلسەفی... هتد. جار هەیە نووسەر لە ڕۆژێکدا دوو تا سی بابەت دەنووسێ! ئەمەش لە بەر هۆکاری خۆژێنی نووسەرە. گرینگ ژمارەی بابەتەکانە بۆی نەك ناواخنی بابەتەکان.

–لە بوارەکانی زمانەوانی وەکو ڕێزمان، داڕشتن، گێڕانەوە، تەکنیك... هتد لاوازن. زۆر هەڵەی ڕێزمانی یان ئیملایی تێدا بەدی دەکرێ.

– وێنەکان دوورن لە ڕاستی. زۆر جار وێنەکان لەسەر ئینترنێت کۆپی دەکرێن و دەربڕی کۆمەڵگەی کوردی نین.

– بە دوادا چوونەوە نییە. بۆ نموونە کاتێ ئیمەیل بۆ ڕۆژنامەیێ دەنێردرێ یان ڕەخنە و پیشنیاریان ئاراستە دەکری، بە دەگمەن وەڵامی خوێنەر دەدەنەوە.

– شتێ بە ناوی ئاماری ڕاستەقینەی ڕۆژنامەگەریی لە میدیای کوردیدا نابینرێت.

– لە تێڕامانێك لە ڕۆژنامەکانی کوردستان دەبینین تا ڕادەیەك وێکچوون بەدی دەکرێ و ئەگەرچی نووسەرەکانیان جیاوازن، بەڵام لە جەوهەردا هەموویان لە ناو ڕەوتێکی هاوشێوە هەنگاو دەنێن بۆ نمونە پێکهاتەی زۆربەی ڕۆژنامە کوردییەکان بەم شێوەیە:

– ڕوداو و هەواڵە گرینگەکانی سەبارەت بە کوردستان

– هەواڵە کۆمەڵایەتییەکان

– هەواڵە هونەریی و وەرزشی و ڕۆشنبیرییەکان

– تویژینەوە و وەرگیڕانی بابەتەکانی زمانی بیانی

**تیراژی هەندێ ڕۆژنامەی ناوبانگی ئەمەریکا(١)**

| خاوەن | تیراژی ڕۆژانە | ناو بە ئینگلیزی | ناو بە کوردی | ژمارە |
|---|---|---|---|---|
| News Corporation | 2,024,269 | Wall Street Journal | والستریت جۆرناڵ | ١ |
| Gannett Company | 1,900,116 | USA Today | یوئێس ئیێ تودێی | ٢ |
| The New York Times Company | 927,851 | The New York Times | دی نیویۆرك تایمز | ٣ |
| Tribune Company | 657,467 | Los Angeles Times | لۆس ئانجلێس تایمز | ٤ |
| The Washington Post Company | 582,844 | The Washington Post | دێ واشتینگتۆن پۆست | ٥ |
| Daily News | 544,167 | Daily News | دێیلی نیوز | ٦ |
| News Corporation | 5508,042 | New York Post | نیویۆرك پۆست | ٧ |
| Tribune Company | 465,892 | Chicago Tribune | شیكاگۆ تریبیۆن | ٨ |
| Hearst Corporation | 384,419 | Houston Chronicle | یۆستن كرۆنیكل | ٩ |

(1) http://e..wikipedia.org/wiki/List - of - newspapers - in - the - United -States -bycirculation.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Philadelphia Media Holdings | 361,480 | The Philadelphia Inquirer PhiladelphiaDaily News | دیَ فیلادۆلفیا ئینکوایریَر | ١٠ |
| Cablevision | 357,124 | Newsday | نیوز دیَی | ١١ |
| MediaNews Group | 340,949 | The Denver Post | دیَ دینڤیَر پۆست | ١٢ |
| Gannett Company | 316,874 | The Arizona Republic | دیَ ئەریزۆنا ریپابلیك | ١٣ |
| The Star Tribune Company | 304,543 | Star Tribune | ستار تریبیۆن | ١٤ |
| Sun-Times Media Group | 275,641 | Chicago Sun-Times | شیكاگۆ سان تایمز | ١٥ |
| Advance Publications | 271,180 | The Plain Dealer | دیَ پلیَین دیلر | ١٦ |
| Gannett Company | 269,729 | Detroit Free Press | دیترۆییت فری پریَس | ١٧ |
| The New York Times Company | 264,105 | The Boston Globe | دیَ بۆستیَن گلۆب | ١٨ |
| A. H. Belo Corporation | 263,810 | The Dallas Morning News | دیَ دالاس مۆرنینگ نیوز | ١٩ |
| The Seattle Times Company | 263,588 | The Seattle Times | دیَ سییەتیَل تایمز | ٢٠ |
| Hearst Corporation | 251,782 | San Francisco Chronicle | سانفرانسیسكۆ كرۆنیكلز | ٢١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Advance Publications | 249,163 | The Oregonian | دێ ئۆرگۆنیۆن | ٢٢ |
| Advance Publications | 246,006 | The Star-Ledger | دێ ستار لێدجێر | ٢٣ |
| Platinum Equity | 242,705 | The San Diego Union-Tribune | دێ سانڈیاگۆ یونێین تریبیۆن | ٢٤ |
| Times Publishing Company | 240,147 | St. Petersburg Times | سێنت پیتێرزبۆرگ تایمز | ٢٥ |
| MediaNews Group | 225,175 | San Jose Mercury News | سان هۆزی مێرکوری نیوز | ٢٦ |
| The McClatchy Company | 217,545 | The Sacramento Bee | دێ ساکرامێنتۆ بی | ٢٧ |
| The McClatchy Company | 216,226 | The Kansas City Star | دێ کانساس سیتی ستار | ٢٨ |
| Lee Enterprises | 213,472 | St. Louis Post-Dispatch | سێینت لویس پۆست دیسپەچ | ٢٩ |
| Freedom Communications | 212,293 | The Orange County Register | دێ ئۆرینج کانتی ریجیستر | ٣٠ |
| Cox Enterprises | 211,420 | The Atlanta Journal-Constitution | دی ئەتلانتا جۆرنال کانستیتیوشن | ٣١ |
| Gannett Company | 201,823 | The Indianapolis Star | دی ئیندیاناپۆلیس ستار | ٣٢ |
| Journal Communications | 190,841 | Milwaukee Journal Sentinel | میلواکی جۆرنال سێنتینەل | ٣٣ |
| Tribune Company | 186,639 | The Sun | دی سان | ٣٤ |
| MediaNews Group | 185,220 | St. Paul Pioneer Press | سێنت پال پیۆنییر پرێس | ٣٥ |

سەرچاوەکان

1- Journalism Careers- Donald Fergasun & Jim Patten
2- Reporting handbook - Jerry Schwartz - Associated Press
3- practical Journalism How to write news - Helen Sissions
4- Media Law - Duncan Bloy
5- The Art of The Interview- Lawrence Grobel
6- The Elements of Journalism, Bill Kovach & Tom Rosenstiel
7- The Reporter , s Handbook: An Investigator , s Guide to Documents and Techniques, Steve Weinberg
8- Scholastic Journalism, Tom E. Rolinicki, C. Dow Tate, Sherri Taylor.
9- Journalism Ethics and Society, David Berry
10- http://www.spj.org
11- http://www.journalism.org
12- http://handbook.reuters.com
13- Larry Pryor, OJR Executive Editor - Online Journalism Review
14- http://www.ojr.org
15- Redesigning Print for the Web - Mario R. Garcia
16- http://www.time.com
17- Manchester Guardian
18- Baughman, James L. Henry R. Luce and the Rise of the American News Media (2001)
19- Robert W. McChesney, in Los Angeles Times op-ed.
20- Enemies of Promise (1938)
21- http://www.rhetorica.net
22- Media Bias Finding it, Fixing it, By Wm. David Sloan and Lisa Mullikin Parcell
23- Tracking Propaganda to the Source: Tools for Analyzing Media Bias
24- http://www.tribune.com.

25- Schultz, 1999; Jankowski and Van Selm, 2000; Kenney, Gorelik and Mwangi, 2000

26- www.stateofthemedia.org

27- Johan G . Morris, World Press Photo Yearbook- Truths Need No Ally- Inside Photojournalism- Howard Chapnick

28- http://en.wikipedia.org

29- Burton Rascoe, Chicago Tribune, 1920s

30- Stuart Garner, Thomson Newspapers 1980s

31- Gerry Goldstein, The Providence Journal, 1990s

32- The Elements of Journalism: What Newspeople Should Know and The Public Should Expect.

33- Taken from a June 13, 2005 address delivered by CCJ Founding Chairman Bill Kovach at the University of Maryland School of Public Policy.

34- The Reporter , s Handbook: An Investigator , s Guide to Documents and Techniques

35- Cincinnati Enquirer

36- http://www.democracynow.org

37- http://artsjournalism.syr .edu

38- Financial Times, Wall Street Journal

39- Bratton, William W. ″Enron and the Dark Side of Shareholder Value (Tulane Law Review, New Orleans, May 2002) p.61

40- http://www.weather-forecast.com

41- http://www.theweathernetwork.com

42- http://www.columbia.edu/

43- http://www.thecurrentonline.com

44- http://uniset.ca.